## خوێندنەوەیەک بۆ گوتاری پیادەکراوی حکومەتی هەرێمی کوردستان

# ئەگەر ئەرکی ئۆپۆزسیۆن دروستـــــ ئەرکی میدیـــای بەرپرس پـــاراستنی

بەداخەوە کە سەیری کارەکانی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەماوەی نزیکەی ٦ مانگی رابردوو دەکەین و لە گوتارەکانی بەرێز د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکی ئەجوومەنی وەزیران وردەبینەوە هەست دەکەین جیاوازیەک لە نێوان وشەکانی نێو گوتارەکە و پیادەکردنی بەرنامەکانی حکومەتدا هەیە



لە قۆناخی ئینتیقالی وەک ئێستای هەرێمی کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت و تازە خەریکە بنەما سەرەتاییەکانی دیموکراتی و ژیانی دیموکراتی لە کوردستان رەگ دادەکوتێت، پاراستنی قۆناخەکە لە گرژبوون یان مۆنی حزبێکی سیاسیی یان سەرۆک وەزیران گەورەترە

# ـــــکردنی بەدیل بێت بۆ حکومەت
# سیستەمی دامەزراوەیی دیموکراتییە



نێچیرڤان بارزانی ئەم قۆناخەی تێپەڕاند کە دەسەڵاتی ئەسۆریتارایانیزم پیادە بکات بۆ ئەوەی خۆی سەرۆک وەزیران بێت و پارتی دیموکراتی کوردستان حزبی دەسەڵات بێت، بەڵکو ئەو کاری بۆ ئەوە کرد کە پرۆسەی دیموکراتی بچێتە سەر سکەی خۆی و بە زووترین کات قۆناخی ئینتیقالی تێپەڕێنرێت

نێچیرڤان بارزانی سەرکەوتنی پرۆسەی دیموکراتی و چەسپاندنی ژیانی دامەزراوەیی حکومڕانی دیموکراتی لە هەموو مەسەلەیەکی دیکە بە گەورەتر دەزانی و ئاییندەی کوردستانی لەو سیستەمە سیاسی و حکومڕانیە دەبینیەوە، نەک ئێستایەک کە دەسەڵات پاوانبکریت، یان بە کار بهێنرێت بۆ بەرژەوەندی حزبی



((لەنێو هەر سەرەتایەکی رووکەشدا، هەمیشەو بەبەردەوامی بنەمایەکی شاراوە هەیە،گوتاری رووکەشیش لەو خاڵە نهێنییوشاراوانەوە سەرچاوەدەگرێت کە خاوەنی گوتارەکە نایەوێت مەبەستە شاراوەکە بدرکێنێت، ئەم گوتارە رووکەشەش بێجگە لەو پەردەیەی بۆ شاردنەوەی ئەوەی مەبەستێتی دروستی دەکات، شتێکی دیکە نیە،گەرەنتی ئامادەبوونی مەسەلە شاراوەکەو بزرکردنی لەنێو وشەکانی گوتارەکە، سەرلەنوێ مەبەستە شارەوەکە لەناو گوتارەکەدا بەزیندوویی دەهێڵێتەوە ))

**مێشیل فۆکۆ**

**ئەم بیرکردنەوەیەی نێچیرڤان بارزانی لە ئاییندە نەک لە ئێستا و سندوقی دەنگدان و کورسی دەسەڵات، نەک هەر بۆ کوردستان و خەڵکی کوردستان ئەزموونێکی تازەیە، بەڵکو بۆ مێژووی بونیادنەوەی دەوڵەت لەدوای شەڕ وکاولکاریەوە لە دوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە تائێستا ئەزموونێکی تازەیە و ئیزافەیەکە کە نێچیرڤان بارزانی خستویەتیە سەر پرۆسە و ئەزموونی بونیادنەوەی دەوڵەت و وەرچەرخان لە دیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراتی**

**د.بەرهەم رۆژ لە دوای رۆژ رەنگدانەوەیەکی سلبی لەسەر سیستەمی حکومڕانی دروستدەکات و لەبری ئەوەی پرۆسەکە بەرەو پێشەوە بەرێت پرۆسەکە لە دیموکراتیەوە دەگێڕێتەوە بۆ دواوەو بۆ سیستەمی ئەسۆڕیتارایانیزم**

خاڵی سەرەکی و دەستپێك لەم راپۆرتە کارکردنە بە میتۆدێك کە دووخاڵی سەرەکی لێکجیادەکاتەوە،کە بریتین لە:

١- رۆڵی ئۆپۆزسیۆن لە بونیادی دیموکراتی و لە پەرەپێدانی پرۆسەی حکومڕانی دیموکراتیدا.

٢- رۆڵی میدیای بەرپرس لە پاراستنی سیستەمی دامەزراوەیی و چاودێریکردنی هەنگاوەکان بۆ تێپەڕاندنی قۆناخی ئینتیقالی و دۆزینەوەی ئەو مەسەلانەی کە گوتاری حکومەت لەکاتی پیادەکردنیدا لەنێو وشەکانیدا دەیشارێتەوە.

جیاکردنەوەی ئەم دووخاڵە لەیەکتری، یان ئاگادارکردنەوەی خوێنەر لەوەی رۆڵی میدیا لەگەڵ رۆڵی ئۆپۆزسیۆن تێکەڵ نەکات، دەمانباتە سەر ئەوەی دووخاڵی دیکە ئاماژە پێبکەین، ئەویش دیارکردنی زۆنی کارکردنی میدیا و ئۆپۆزسیۆنە، لێرەدا ئەم دوو زۆنە بەمجۆرە دەستنیشاندەکەین:

• زۆنی کارکردنی ئۆپۆزسیۆن بازنەی بەرنامەی حکومەتە،ئەمەش نەك چاودێری بەرنامەکە بکات کە چەندی لێ جێبەجێدەکرێت یان نە، بەڵکو کار لەسەر بەرنامەی حکومەت دەکات بۆ ئەوەی بەدیلێکی باشتر یان بەرنامەیەکی جیاوازتر پیشانی هاوڵاتیان بدات، ئەم رۆڵەی ئۆپۆزسیۆن هەموو رۆژێك هەڵمەتی هەڵبژاردن تازە دەکاتەوە رۆژ لە دوای رۆژ هەوڵ بۆ ئەوە دەدات متمانەی دەنگدەر بەلای خۆیدا رابکێشێت.

• بەڵام زۆنی کارکردنی میدیا لە دەرەوەی بەرنامەی حکومەتە، دەرەوە بەمانای دوورکەوتنەوە نیە لە بەرنامەی حکومەت، بەڵکو بەمانای دەرەوەی بازنەی بەرنامەی حکومەت و چاودێری چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە دەکات و، چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیەش لە چوارچێوەی کاری دامەزراوەیی و پاراستنی سەروەریی یاسا و هەنگاوەکان بۆ بڕینی قۆناخی ئینتیقالی چاودێری دەکات، کەواتە ئەوە ئەرکی میدیا نیە بەرنامەی حکومەت بەباش یان بەخراپ هەڵبسەنگێنێ، لەبەر ئەوەی ئەو بەرنامەیە پێشتر خراوەتە بەردەمی دەنگدەر و دەنگدەر متمانەی پێداوە، بۆیە ئەرکی میدیا دەبێتە پاراستنی ئەو متمانەیە و رێگرتن لە بە لارێدابردنی ئەو متمانەیەی بەو بەرنامەیە دراوە، ئەمەیە ئەو بارودۆخە دروستدەکات کە میدیای بەرپرس لە دەرەوەی بەرنامەی حکومەت و لە ئاکامی گوتاری پیادەکراوی حکومەتەوە هەڵسەنگاندن بۆ پابەندبوونی حکومەت بە بەڵێن و بەرنامەی خۆیەوە بکات.

بەداخەوە کە لەم چوارچێوەیەدا سەیری کارەکانی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەماوەی نزیکەی ٦ مانگی رابردوو دەکەین و لە گوتارەکانی بەرێز د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکی ئەجوومەنی وەزیران ووردەبینەوە هەست دەکەین جیاوازیەك لە نێوان وشەکانی نێو گوتارەکە و پیادەکردنی بەرنامەکانی حکومەتدا هەیە، وەك ئەوەی گوتاری حکومەت پەردەیەك بێت بۆ ئەو ئامانجەی کە سەرۆك



وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیەوێت بیدرکێنێت.

**سیستەمی پیادەکردن و ڕەنگدانەوەی ئەو پیادەکردنە**

وەك لەو چەند دێڕەی سەرەوە ئاماژەمان پێکرد، کاری میدیای بەرپرس لە کۆمەڵگەی دیموکراتی لە دەرەوەی بەرنامەی حکومەت دەستپێدەکات و لە دەرەوە دەچێتەوە ناوبەرنامەکە، نەك وەك ئۆپۆزسیۆن بە پێچەوانەوە، ئەمەش واتە میدیا بەوجۆرە سەیری جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە دەکات، کە سیستەمی دامەزراوەیی بۆ مەبەستی سیاسیی و بەرژەوەندی حزبی بە لاڕێدا نەبرێت و گوتارێکی روکەشی بۆ دروست نەکرێت هاوڵاتیان چەواشە بکات، هەروەها بەوجۆرە سەیری جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەت دەکات کە توخمە سەرەکییەکانی پاراستنی ژیانی دیموکراسی و دامەزراوەیی و پەرەپێدانی لە خۆی گرتبێت،ئەم ئەرکەی میدیا وەك میتۆدێك هەڵوەستەکردن دەبێت لەسەر سیستەمی پیادەکردنی بەرنامەی حکومەت و ڕەنگدانەوەی ئەو پیادەکردنە لەسەر ژیانی خەڵك و سیستەمی دامەزراوەیی حکومرانی لە وڵاتدا، بێگومان کۆکردنەوەی ئەم خاڵانە پێکەوەو کارکردن بەم میتۆدە لەوانەیە هەندێك جار سەرۆك وەزیران یان ئەو حزبە سیاسییەی دەسەڵاتی لەدەستە بەرامبەر میدیا گرژ و مۆن بکات، یان هەندێك جار چاویشی لێ سووربکرێتەوە، بەڵام لە قۆناخی ئینتیقالی وەك ئێستای هەرێمی کوردستانی پێدا تێدەپەرێت و تازە خەریکە بنەما سەرەتاییەکانی دیموکراتی و ژیانی دیموکراتی لە کوردستان ڕەگ دادەکوتێت، پاراستنی قۆناخەکە لە گرژبوون یان مۆنی حزبێکی سیاسیی یان سەرۆك وەزیران گەورەترە، گۆڤاری گوڵان لەو کاتەوەی هەستی کردووە شەقامی سیاسیی کوردستان پێویستی بە کەلچەری دیموکراتی و هۆشیاری سیاسەتی حکومرانیە، هەر لە دەسپێکی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە تا ئێستا، بنەماکانی لیبراڵ دیموکراتی و ژیانی دامەزراوەیی لە چەند پرۆژەیەکی رووکەش یان خزمەتگوزاری (کە ئەرکی سەرەکی و ڕۆژانەی حکومەتە و دەبێت پێشکەشی هاوڵاتیانی بکرێت) بە گرنگتر و گەورەتر زانیوە، لەم روانگەیەوە هەموو کات ئەو ئازادی و ئازادی رادەربڕین و فرەیی سیاسی و هەوڵەکان بۆ پەرەپێدانی توانای مرۆیی و وەرچەرخان لە ئابووری دەوڵەتەوە بۆ ئابووری بازاڕی بە دەسکەوتی یەکەم و گەورەی حکومەتی هەرێمی کوردستان داناوە، نەك چەند پرۆژەیەك کە خۆی بەڵێنی بە دەنگدەری خۆی داوە سەد هێندەی بۆ جێبەجێ بکات، کەواتە هەوڵدان بۆ دروستکردنی گوتارێکی رووکەش بۆ ئەوەی یاری بە هەست و سۆزی خەڵك بکرێت و گۆڕینی بنەماکانی سیستەمی حکومرانی دامەزراوەیی دیموکراتی بۆ حکومرانی خۆسەپێن (Authoritarianism)، ئەوا ئەرکی میدیایە لە ژێر ئەو گوتارە



**خوێنەری ئەم دێرانە ئازادن بچن لە تۆڕی ئەنتەرنێت و لە (Google) هەموو پرۆسەکانی بونیادنانەوەی دەوڵەت لە دوای شەڕی دووەمی جیهانیەوە کۆبکاتەوە و لەگەڵ ماوەی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەراوردی بکات هەر لە چیلی یەوە تا دەگاتە ژاپۆن، ئەوسا بۆی دەردەکەوێت کەماوەی حوکمرانی نێچیرڤان بارزانی، ماوەی چەسپاندنی پایەکانی سیستەمی دامەزراوەیی دیموکراتی بووە**

**د.بەرهەم دوو ئەزموونی حکومرانی هەیە، بەداخەوە ئەگەر لێمان زویر نەبێت هەردوکیان ئەزموونی ئەسۆریتارایانیزمە نەك ئەزموونی حکومرانی دامەزراوەیی دیموکراتی**




**د.بەرهەم بەجۆرێك بەرنامەكانی حكومەت پیادەكات و پیشانی خەڵكی دەدات وەك ئەوەی ئەگەر لەو ماوەیەی یەكێتی حكومەتی بەدەستەوەیە ئەگەر حكومەت نەبێتە میكانزمێك بۆ هەڵستانەوەی یەكێتی، یان حكومەت نەبێتە ئەوەی بۆ هەتا هەتایە یەكێتی لەدەسەڵاتدا بمێنێتەوە، ئەوا ئیدی خۆری سیاسەت لە یەكێتی ئاوا دەبێت**

**بەرنامەی ئیدارەكەی د.بەرهەم لەسلێمانی كۆمەڵێك هەڵەی لەسەر ئایندەی سلێمانی و گەرمیان دروستكرد، كەئێستاش راستكردنەوەیان ئاسان نیە**

روکــەش و ئــەو هەوڵانــەی دەدرێــت بۆ گۆڕینی حکومرانی دامەزراوەیی دیموکراتی بــۆ حکومڕانــی ئەســۆریتارایانیزم، ئەو بنەما شاراوانە ئاشکرا بکات کە گوتاری حکومرانی خۆســەپێن لەبەرگی حکومڕانی دامەزاوەیی دیموکراتیدا دەیشارێتەوە.

**ئەسۆریتارایانیزم دیکتاتۆرییەت نیە**

بەپێویســتی دەزانیــن هەڵوەســتەیەک لەســەر بەکارهێنانی حکومرانی خۆسەپێن (Authoritarianism) بکەیــن بــۆ ئــەوەی خوێنەر یــان خەڵــك بەهەڵە لەبەرکارهێنانــی ئەم چەمکــە تێنەگەن و لەگەڵ دەســەڵاتی دیکتاتــۆری تێکەڵی نەکەن،یــان بەوجۆرە تەفســیری نەکەن کە ئێمە (Authoritarianism) بەمانای دەسەڵاتی دیکتاتۆری بەکاردەهێنین، نەخێر ئێمە بەو مەبەستە ئەو چەمکە بەکاردەهێنین، کە لــە زۆر شــوێنی جیهان لــە قۆناخی گواستنەوە لە دیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراتی لە نێوان دیکتاتۆری و دیموکراتیدا وێستگەیەك هەیــە پێــی دەگوترێــت ئەســۆریتارایزم، واتــە گۆڕینی حکومڕانی لە دەســەڵاتی تاکە کەســێکەوە بۆ دەســەڵاتی حزبێك یان گرووپێك کە حکومرانی دەکەن، ئەم شــێوازە بۆیــە لە کوردســتان وەك دیکتاتۆریەت یان زۆرجــار لەبــری چەمکــی دیکتاتۆریەت بەکار دەهێنرێت، لەبــەر ئەوەی لە کابینەی پێنجەمــی حکومەتی هەرێمی کوردســتان نێچیرڤان بارزانی ئەم قۆناخەی تێپەڕاند کە دەسەڵاتی ئەســۆریتارایانیزم پیادە بکات بۆ ئەوەی خۆی ســەرۆك وەزیران بێت و پارتی دیموکراتی کوردســتان حزبی دەسەڵات بێت، بەڵکو ئەو کاری بۆ ئەوە کرد کە پرۆســەی دیموکراتی بچێتە ســەر سکەی خۆی و بە زووترین کات قۆناخی ئینتیقالی تێپەڕێنرێت، بۆیە هەنگاو هەڵگرتنــی کابینەی پێنجەم بۆ وەرچەرخان بەرەو سیســتمی دامەزراوەیی راســتەوخۆ هەنگاوی بۆ ناو سیســتەمی لیبــرال دیموکراتی بەمانــای( دابینکردنی ئازادی، ئازادی رادەبرین، فرەیی سیاســی و ئایینــی و نەتەوەیی، مافی خاوەنداریەتی تــاك، گۆڕینــی ئابــووری دەوڵــەت بۆ ئابووری بازار،سەروەریی یاساو سەربەخۆیی سیســتەمی دادوەری )،ئــەم سیســتەمەی



نێچیرڤان بارزانی لە پیادەکردنی بەرنامەی کابینەی پێنجەم پیادەی کرد گۆڕانێکی گەورەی لەسەرئاستی بونیادی کەلچەری دیموکراتیو هۆشیاری سیاسەتی حکومڕانی لەناو کۆمەڵگە دروستکرد،بەڵام لەبەر ئەوەی کەلچەرو هۆشیارییەك لەسەرەتاداابوون جۆرە ڕەنگدانەوەیەکی نامۆبوونی لە نێوان دەرهاویشتە تازەکانی ئەم سیستەمە و بنەما تەقلیدیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بۆ تێڕوانینان بۆ حکومڕانی دروستکرد،لە پێش هەمووشیانەوە ئەو دەرهاویشتە تازانە بوونە بارێکی قورس بەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو بنەمایە بچەسپێت، پێویست بوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و شەخسی نێچیرڤان بارزانی شانی بداتە بەر و بەرگەی بگرێت، بێگومان شاندانەبەری نێچیرڤان بارزانی بۆ ئەم بەها تازانەی کۆمەڵگە و سیستەمی دیموکراتی و دروستکردنی هاودژی لەگەڵ نەریتە باوەکانی کۆمەڵگە بۆ تێڕوانینیان بۆ حکومڕانی زۆر وەك فاکتەرێکی سلبی لەلایەن حزبە سیاسیەکانی کوردستانەوە دژی شەخسی نێچیرڤان بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بەکار دەهاتەوە، بەڵام نێچیرڤان بارزانی سەرکەوتنی پرۆسەی دیموکراتی و چەسپاندنی ژیانی دامەزراوەیی حکومڕانی دیموکراتی لە هەموو مەسەلەیەکی دیکە بە گەورەتر دەزانی و ئایندەی کوردستانی لەو سیستەمە سیاسی و حکومڕانیە دەبینیەوە، نەك ئێستایەك کە دەسەڵات پاوانبکرێت، یان بە کار بهێنرێت بۆ بەرژەوەندی حزبی.

ئەم بیرکردنەوەیەی نێچیرڤان بارزانی لە ئایندە نەك لە ئێستا و سندوقی دەنگدان و کورسی دەسەڵات، نەك هەر بۆ کوردستان و خەڵکی کوردستان ئەزموونێکی تازەیە، بەڵکو بۆ مێژووی بونیادنانەوەی دەوڵەت لەدوای شەڕ وکاولکاریەوە لە دوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە تائێستا ئەزموونێکی تازەیە و ئیزافەیەکە کە نێچیرڤان بارزانی خستویەتیە سەر پرۆسە و ئەزموونی بونیادنەوەی دەوڵەت و وەرچەرخان لە دیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراتی، خوێنەری ئەم دێرانە ئازادن بچن لە تۆڕی ئەنتەرنێت و لە (Google) هەموو پرۆسەکانی بونیادنانەوەی دەوڵەت لە دوای شەڕی دووەمی جیهانیەوە کۆبکاتەوە و لەگەڵ ماوەی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەراوردی بکات هەر لە چیلی یەوە تا دەگاتە ژاپۆن، ئەوسا بۆی دەردەکەوێت کەماوەی حوکمڕانی نێچیرڤان بارزانی، ماوەی چەسپاندنی پایەکانی سیستەمی دامەزراوەیی دیموکراتی بووە و ئەرکی میدیا کە پارێزگاری لەسەر ئەم سیستەمە بکات و ئەو هەوڵانە بخاتە ڕوو کە سیستەمی حکومڕانی دامەزراوەیی دیموکراتی دەگێڕنەوە بۆ سیستەمی ئەسۆریتاریانیزم.

## هەوڵەکانی د.بەرهەم پاشەکشێکردنە لە سیستەمی دیموکراتیەوە بۆ ئەسۆریتاریانیزم

بەڕێز د.بەرهەم کە ئێستا بەپێی ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، خولی دووەمی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی حکومەتی هەرێمی کوردستانی وەرگرتووە، لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوو لە پیادەکردنی ئەم پۆستە، بەداخەوە هەنگاوەکانی دژی بنەماکانی ڕۆحی ئەو ڕێککەوتنە ستراتیژیەیە، کە دەڵێین دژی ڕۆحی ئەو ڕێککەوتنەیە، مەبەستمان ئەوەیە ئامانج لەو ڕێککەوتنە ستراتیژییە ئەوە نیە کاتێك پۆستی سەرۆك وەزیران لای پارتی بێت، پارتی ئەم پۆستە بۆ فراوانکردنی نفوز و پێگەی جەماوەری خۆی یان یەکێتی بەهەمان شێوە بەکاری بهێنێت، بەپێچەوانەوە ڕۆحی ئەم ڕێککەوتنە بۆ ئەوەیە پرۆسەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات و جێگۆڕکێی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن بە بەپێوەری تەقلیدی ڕۆژهەڵاتی دۆڕاندن و براوە لەقەڵەم نەدرێت، هەر پابەندبوونیش بە ڕۆح و ئامانجی ئەم ڕێککەوتنە بوو، دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٥ی تەموزی ٢٠٠٩ لەگەڵ ئەوەی یەکێتی نیشتمانی لە ئاکامی جیابوونەوەی گۆڕان لە یەکێتی تووشی داکشانێکی گەورەی جەماوەری هات، بەڵام پارتی لەبەر ئەوەی پارێزگاری بەم سیستەمەوە بکات پابەندبوو بەو ڕێککەوتنەو پۆستی سەرۆك وەزیرانی کوردستانی دایەوە بەیەکێتی لەگەڵ ئەوەی یەکێتی لە هەڵبژاردنەکانیشدا( تەنانەت لەسلێمانیش) دەنگی پێویستی نەهێنابوو، ئێستاش کە پارتی دیموکراتی کوردستان بە تەنها ڕێژەی ٥٠٪ی زیاتری هەموو ڕێژەی کورسیەکانی کوردستانی لەبەغدا بەدەست هێناوە جارێکی دیکە لەسەر زاری بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە، جەنابی مام جەلال بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری عێراق کاندید کرایەوە و هەروەها بەڕێز نێچیرڤان بارزانیش لەیەکەم کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسیدا لەدوای هەڵبژاردنەکانی ٧ی ئادار داوای لەهەموو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان کرد، کە دەبێت جەنابی مام جەلال پاڵێوراوی فراکسیۆنی کوردستان( نەك تەنها هاوپەیمانی کوردستان) بێت بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆك کۆماریی لە عێراقدا.

ئاماژەکردنمان بۆ ئەم خاڵانە پیا هەڵگوتن نیە بە هەڵوێستەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕەخنەگرتن لە بەڕێز د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح لە پیادەکردنی بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان نیە، بەڵکو بەبیرهێنانەوەیە کە قوربانیدان بۆ پاراستنی سیستەمی حکومڕانی کوردستان و هەڵگرتنی هەنگاوی ڕاست بۆ تێپەڕاندنی قۆناخی ئینتیقالی مەسەلەیەکە پەیوەندی بە ئایندەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکەو جیهانەوە هەیەو ئەم چارەنووسە لە بەرژەوەندیە حزبیەکانی پارتی و یەکێتی گەورەترن.کەواتە ئامانج لەم

**هەموو ئەو نەهامەتیانەی بەسەر خەڵکی سلێمانی هات هەر لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کولێرا و نەتوانینی دابینکردنی ئاوی خاوێن بۆ گەڕەکە تازەکانی سلێمانی، هۆکارەکەی ئەوەبوو، کە تۆڕی ئاو ئاوڕۆ بۆ ئەو گەڕەکانە دابین نەکرابوو، خەڵک ناچار بوو پەنابەریتە بەر هەڵکەندنی بیری سوری (واتە بیری سەتحی بە قوڵایی ٣٠ – ٥٠ مەتر) ئاوی پاك و پیس تێکەڵاو دەبوو، خەڵکەکەش تووشی نەخۆشی کولێرادەبوو**

**فەرموو با هەموو کوردستان بچن سەیری ئەو گەڕەکە تازانە بکەن کە لەسەردەمی ئیدارەی د.بەرهەم دروستبوون، با زوومی کامێرای هەموو میدیاکان ئازاد بن با وێنەی ئەو گەڕەکە تازانە بڵاو بکەنەوە بزانن ئایا د.بەرهەم لە سلێمانی گوندی دروستکردووە یان شار؟**

**ئەو پرسیارە لە بەرێز د.بەرهەم دەکەین ئایا ڕێژەی سەوزایی لە ناو شاری سلێمانی چەند کەمیکرد لەو ماوەیەی کە ئەو سەرۆکی ئیدارەی سلێمانی بووە؟**

**تا ئێستا یەک پرۆژەی ئاو لە سنووری ئیدارەی سلێمانی پێشوو تەواو نەکراوە، ئەوەشی تەواو کراوە وەک پرۆژەی ئاوی پیرەمەگرون دەبێت جارێکی دیکە سەرلەنوێ ئەو پرۆژەیە دروستبکرێتەوە، ئێستاش کە پرۆژەکانی ئاوی کۆیە و ڕانیە و قەڵادزێ و چەمچەماڵ و گەرمیان دواکەوتوون هەموویان گرفتی سیاسیان لە پشتەوەیە نەک تەکنیکی، ئەمەیە مەترسی گوتاری روکەشی حکومرانی کە دەکرێتە دەمامک بۆ شاردنەوەی گوتارە سیاسیە حزبیەکە و چەواشەکردنی جەماوەر**



خوێندنەوەیە بۆ پاراستنی رۆحی ریککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هەروەها بۆ پاراستنی سیستەمی حکومرانیە لەکوردستان، نەك بۆ رەخنە گرتن لە سـەرۆك وەزیران یان یەکێتی نیشتمانی.

لەم چوارچێوەیەدا کە لەچۆنیەتی پیادەکردنی بەرنامەی حکومەت و گوتاری شەخسـی د.بەرهەم ورد دەبینەوە دەبینین، ئەو سیستەمی پیادەکردنەو ئەو گوتارانەی سەرۆك وەزیران، رۆژ لە دوای رۆژ رەنگدانەوەیەکی سـلبی لەسەر سیسـتەمی حکومڕانی دروستدەکات و لەبـری ئەوەی پرۆسـەکە بەرەو پێشـەوە بەرێت پرۆسەکە لە دیموکراتیەوە دەگێڕێتەوە بۆ دواوەو بۆ سیسـتەمی ئەسۆریتارایانیزم، ئەمەش بەو مانایەی شـێوازی پیادەکردنی بەرنامەی حکومەت لە گوتاری د.بەرهەمدا بۆ ئەم مەبەستانەیە:

١- گومانی تێدانیـە وەك هەڵبژاردنەکانی ٧ی ئاداریـش دەریخسـت، یەکێتی ئەگەر پێشتر بە پۆینت لە دوای پارتیەوە بووبێت بە حزبی ژمارە ٢ لە کوردسـتان، ئەوا ئەمجارە دەرکەوت ئەگەر یەکێتی لە پێش بزووتنەوەی گۆڕانیشـەوە بێت و حزبی ژمارە ٢ بێت لە کوردستان، ئەوا جیاوازیەکی گەورە لە نێوان حزبی دووەمی ئێستا لەگەڵ چوار ساڵ پێش ئێسـتادا هەیە، ئەم حاڵەتە بۆ کۆمەڵگەی دیموکراتی نەك هەر شتێکی ئاساییە، بەڵکو نیشانەی تەندروستی سیستەمە سیاسیەکەیە کە جەماوەری حزبەسیاسـیەکان لە هەڵکشان و داکشـاندایە و هیچ حزبێك لە کۆمەڵگەی دیموکراتی نە بەکەمبوونەوەی جەماوەرەکەی دنیـای لێ ئاخیر دەبێت و نـە بەزۆربوونی جەماوەرەکەی دەبێتە خاوەنی دەسـەڵات بۆ هەتـا هەتایە، بەداخەوە ئـەم تێڕوانینە وەك لە ئاکامی رەفتارە پیادەکراوەکانی د.بەرهەم دەیبینین پێچەوانەیە و، بەجۆرێك بەرنامەکانی حکومەت پیادەکات و پیشانی خەڵکی دەدات وەك ئـەوەی ئەگەر لـەو ماوەیەی یەکێتی حکومەتـی بەدەسـتەوەیە ئەگەر حکومەت نەبێتە میکانزمێك بۆ هەڵستانەوەی یەکێتی، یـان حکومەت نەبێتە ئەوەی بۆ هەتا هەتایە یەکێتی لەدەسـەڵاتدا بمێنێتەوە، ئەوا ئیدی خۆری سیاسـەت لە یەکێتی ئاوا دەبێت، ئەم هەوڵدانە جۆرێکە لـە بیرکردنەوەی مۆدیلی (چین)ی بـۆ کرانەوە و ئابـووری بازار و هەنگاو هەڵگرتن بۆ دیموکراتی، راشکاوانەتر کۆمـاری چینی میللی مانـەوەی حزبی کۆمۆنیستی چینی لەدەسەڵات دەخاتە سەروو وەرچەرخـان بەرەو دیموکراتـی و چینیەکان خۆیان بـەم وەرچەرخانە دەڵێـن وەرچەرخان لە ئامانجـی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریەوە بۆ ئەسـۆریتارایانیزم واتە بـۆ مانەوەی حزبی کۆمونیستی چینی لە دەسەڵاتدا بەبێ ئەوەی پابەند بێت بە ئامانجەکانی کۆمۆنیسـتەوە. ئێسـتا ئەم هەوڵە بۆ گۆڕانکاری لە سوریا یەکێکـە لـە ئەجینداکانـی ئەمریـکا بۆ گۆرانکاری لەسوریادا، واتە حزبی بەعسی سـوری با هەر لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە بەڵام بوار بەهەندێـك گۆڕانکاری و کرانەوە بدات کە مەترسی لەسەر دەسەڵاتی حزبی بەعس نیە، لە عێراقیشـدا ئەمریکا بۆ حکومەتی بەغدا هەمـان ئەجیندای هەیـە، ئەمریکا زۆر مەبەستێتی پیاوێکی وەك د.مالیکی و حزبێکی وەك حزبی دەعوا لە عێراقدا توانای ئەوەی هەبێت حکومرانی ئەسۆریتارایانیزم لە عێراقدا پیادە بکات و بـەردەوام لە ڕێگەی هەڵبژاردنـەوە حکومرانی لەدەسـتدا بێت، تونسـیش کە ئێسـتا ئەمریکا بە نموونەی دیموکراتـی عەرەبـی پێناسـەی دەکات، دەوڵەتێکە لەسەر شـێوازی ئەسۆریتارایانیزم حکومرانی دەکات و هەموو کات زەینەلعابدین

و حزبەکـەی لـە یەکەمی ڕەهـای هەموو هەڵبژاردنەکانن، ئەم شێوازە بۆ سوریا یان بۆ بەشە عەرەبییەکەی عێراق لەوانەیە تارادەیەک بڵێـن وەرچەرخانـە، لەبەر ئـەوەی هەموو کات ئەسـۆریتارایانیزم لـە دیکتاتۆریەت زۆر باشـترە،بەڵام لە دیموکراتیەوە گەڕانەوە بـۆ ئەسـۆریتاریانیزم. وەك بڕیاردانـی لە سێدارەدانی دیموکراتی وایە.

٢- بەڕێز د.بەرهەم دوو ئەزموونی حکومرانی هەیـە، بەداخەوە ئەگەر لێمـان زویر نەبێت هەردوکیـان ئەزموونی ئەسـۆریتارایانیزمە نـەك ئەزموونی حکومڕانـی دامەزراوەیی دیموکراتـی، ئەزموونـی یەکەمیـان کـە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی ئیدارەی پێشووی سلێمانی یە، ڕاشـکاوانە هەموو سیماکانی پیمان دڵێـن ئەزموونێك بوو کە ئامانج لێی بۆ هەستانەوە و فراوانکردنی نفوزی یەکێتی بووە، کە ئەمە دڵێین مەبەست ئەوە نیە کە ئەو لە ئیدارەی سلێمانی کاری باشی نەکردووە، نەخێر کاری زۆر باشـی بۆ حزبەکەی خۆی کردووە، بەڵام کاریگەری سلبی لەسەر ژیان و گوزەرانی سـلێمانی بەجێهێشتووە هەندێك لەو کارانە:

• بەرنامەی ئیدارەکەی د.بەرهەم لەسلێمانی، ئیـدارەی سـلێمانی کردبـووە ئالەتێك بۆ کۆکردنەوەی خەڵك لـە دەوری یەکێتی، بۆ ئەوەی ئەم ئیدارەیە بتوانێت هەندێك پڕۆژەی ڕووکەش و گوتارێکی خزمەتگوزاری ڕووکەشی هەبێت، کۆمەڵێك هەڵەی لەسـەر ئاییندەی سلێمانی و گەرمیان دروستکرد، کەئێستاش ڕاستکردنەوەیان ئاسان نیە، تەنانەت کە ئەوە ماوەی نزیکەی پێنج سـاڵە هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی یەکیان گرتۆتەوە،ئێستاش هەندێك فەرمانگـەی گرنگی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسـلێمانی و گەرمیان هەن، کە بەرێنماییەك ئیـش دەکەن جیاوازە لـە ڕێنماییەکانـی فەرمانگاکانی هەولێر، دەسەڵاتی فەرمانگاکان جیاوازن لە دەسەڵاتی فەرمانگاکانی هەولێر.

• دابەشکردنی زەوی بەسەر هاوڵاتیان کە وەك بەرنامەیەك بۆ فراوانکردنی نفوزی یەکێتی و پیشاندانی یەکێتی بەوەی کێشەی نیشتەجێ چارەسـەر دەکات بەکارهێنـا، لەبنەرەتـدا شێوازێك بوو بۆ دروستکردنی سەرچاوەیەکی داهات بۆ یەکێتی لەبەر ئەوەی ئێسـتاش لە هەولێر کە زەوی تەرخان دەکرێت بۆ هاوڵاتی بڕی ٢ دینـاری سویسـری وەردەگیرێت، لە سـلێمانی بڕی ٥٠ دیناری سویسـری وەردەگیرا، کە ئێسـتا لـە هەولێر هەر ٣٠٠ دیناری چاپە و لەسـلێمانی ٧٥٠٠ دیناری چاپە، ئەمە بێجگە لەوەی لە دابەشـکردنی ئـەو زەوییانە هیچ مەرجێکـی دابینکردنی خزمەتگـوزاری ڕەچاو نەکراوە، ئێستاشـی لەگەڵـدا بێـت نەتوانـراوە خزمەتگوزاری پێویست بۆ ئەو گەڕەکە تازانەی لەسەردەمی ئیدارەی د.بەرهەم لەسـلێمانی دروسـتبوون دابینبکرێت، هەموو ئەو نەهامەتیانەی بەسەر خەڵکی سلێمانی هات هەر لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشـی کولێرا و نەتوانینـی دابینکردنی ئاوی خاوێن بۆ گەڕەکە تازەکانی سلێمانی، هۆکارەکەی ئەوەبوو، کە تۆڕی ئاو ئاوەڕۆ بۆ ئەو گەڕەکانە دابیـن نەکرابوو، خەڵك ناچار بوو پەنابەرێتە بەر هەڵکەندنی بیری سـوری ( واتە بیری سـەتحی بە قوڵایی ٣٠ -٥٠ مەتر) بۆ ئەوەی ئاوی دەسـتبکەوێت، لەبەر ئەوەی لەو گەڕەکە تازانەش ئاوەڕۆ نەبوو، ئەوا پەنا دەبرایە بەربیری پیسایی، لەبەر ئەوەشی قوڵی بیری ئاوی خواردنەوە وەك پێویسـت نەبوو، ئەوا ئاوی پاك و پیس تێکەڵاو دەبوو، خەڵکەکەش تووشی نەخۆشـی کولێرادەبوو، بەڵام د.بەرهـەم نەهامەتی خەڵکی کردبووە ئـەو گوتارە ڕووکەشـەی گوایە کێشـەی نیشتەجێ بۆ هاوڵاتیان چارەسەر دەکات، بەڵام د.بەرهەم زەوی بۆ چارەسـەرکردنی کێشەی نیشـتەجێ و خۆشـگوزەرانی هاوڵاتیانی سـلێمانی و گەرمیان دابەش نەکرد، بەڵکو بۆ مەبەسـتێکی سیاسیی کە ئەویش گرتنە دەستی دەسەڵات بوو بۆ یەکێتی.

• دانـی قـەرزی خانووبـەرە هەنگاوێکی دیکە بوو بۆ خۆڵکردنـە چاوی هاوڵاتیان، د.بەرهەم بۆ ئەوەی گوتارێکی ڕووکەشـی خزمەتگوزاری پیشانی هاوڵاتیانی سلێمانی و گەرمیـان بدات، بـڕی ٨٠٠٠ دۆلاری دەدایە ئـەو هاوڵاتیـەی ١٠٠ مەتر زەوی هەبوایە بـۆ ئەوەی بیکات بـە خانوو، ئەم پارەیـە وەك قەرز دەدرایـە هاوڵاتیان، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو گەڕەکە تازانەی بەم پارەیە دروسـتدەکران هەمووی خەڵکی هەژار بوون و ئیمکانیەتـی ئەویان نەبـوو پارەی دیکە بخەنە سـەر ئـەو پارەیە و شـتێکی جوان دروست بکەن، ئیدارەکەی د.بەرهەمیش لەبەر ئەوەی گەوهەری بەرنامەکەی مەبەستێکی سیاسیی بوو بۆ بەرژەوەندی حزبی یەکێتی، خەڵکی ئازاد کرد چۆن خانوو دروسـتدەکەن بیکەن، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی هیچ مەرجێکی بونیادنانی شار، سیمای شار، دروستکردنی خانوو کەشایستەی شار بێت، بکەن، فەرموو با هەموو کوردستان بچن سەیری ئەو گەڕەکە تازانە بکەن کە لەسەردەمی ئیدارەی د.بەرهەم دروسـتبوون، با زوومی کامێـرای هەموو میدیاکان ئازاد بن با وێنەی ئەو گەڕەکە تازانە بڵاو بکەنەوە بزانن ئایا د.بەرهەم لە سلێمانی گوندی دروسـتکردووە یان شـار؟ لەمەش خراپتر لەبەر ئـەوەی بەرنامەکەی ڕووکەش و سـادەبوو، خەڵکی ئاسایی گەوهەری ئەو خیتابە شـاراوەیەی نەدەبینی کە د.بەرهەم لـە چوارچیوەی خیتابی حکومەتدا خەڵکی پێ چەواشە دەکرد،گوشـارێکی گەورەش کەوتبووە سـەر ئیدارەی هەولێری حکومەتی هەرێم و هاوڵاتیان داوایان لە کابینەی چوارەم دەکرد بە هاوشێوەی سـلێمانی بڕی ٨٠٠٠ دۆلار بداتـە هاوڵاتیـان بۆ ئـەوەی خانوو دروستبکەن، بەڵام کابینەی چوارەم بەرگەی ئەو گوشـارەی گرت لەبـری ئەوەی ڕێگە بـدات گوند لە ناو شـاری هەولێر و دهۆك دروست بکرێت، پڕۆژەی یەکەی نیشتەجێی دەست پێکرد، کە تەنها ٨٠ مەتر دووجا بینا بڕی ٤٧ هـەزار دۆلاری بـۆ تەرخانکرا و پاشان بە نرخێکی ڕەمزی بەسەر هاوڵاتیاندا دابەشـکرا، خەڵکـی کوردسـتان و زومی میدکانی کوردسـتان ئـازادن، وێنەی ئەو گەڕەکە تازانـەی هەولێر و دهۆك بگرن کە لەهەمان ماوە دروستکراون. خاڵێکی دیکەی گرنگ کە وەك پەتا تارادەیەك هەولێرشـی گرتۆتەوە، ئەو پەتایەیە کە ئیدارەی د.بەرهەم لە سلێمانی دایهێنا، ئەویش پێدانی مۆڵەتی خانوو بوو بۆ ئەو زەویانەی کە ڕووبەرەکەیان لەڕووبـەری ئاسـایی و ڕێپـێدراو کەمترە، تەنانەت سـاڵی پار هەندێك لە هاوڵاتیانی هەولێر لەسـەر ئەوەی پارێزگاو شـارەوانی هەولێر بـواری ئەوە نادەن زەوی ٢٠٠مەتری دابەش بکرێت بۆ ٢ سەدمەتری خۆپیشاندانیان کرد بۆ بەردەمی پارێزگاو شارەوانی هەولێرو داوایان دەکرد بۆ لەسلێمانی مۆڵەت دەدرێت بە دروسـتکردنی خانوو لەسەر ١٠٠ مەتر و لە هەولێر ڕێگە نادرێـت، ئەمە لە کاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردسـتان لەهەولێر و دهۆك بڕی ٢٠٠-٢٥٠مەتر زەوی دەدات بە هاوڵاتی بۆ ئەوەی خانوویەکی لەسەر بکات نەك دوو خانوو، بۆ ئەوەی ژینگەی شار تێك نەچێت، ئێستا ئەو پرسیارە لە بەڕێز د.بەرهەم دەکەین ئایا ڕێژەی سـەوزایی لە ناو شاری سـلێمانی چەند کەمیکرد لەو ماوەیەی کە ئەو سەرۆکی ئیدارەی سلێمانی بووە؟.

• د.بەرهـەم لـەو ماوەیەی کە سـەرۆکی ئیدارەی سلێمانی بوو، بەبێ گەڕانەوەی بۆ پەرلەمانی کوردستان، یان لەبەر چاوگرتنی یاسـاکانی پەرلەمانی کوردسـتان، ڕێژەی باجەکانی لە سـلێمانی بەرزکـردەوە، چەند باجێکی تازەشـی داهێنا کە لـە هەولێر و دهـۆك وەرنەدەگیران، هەروەها یاسـاکانی

**دروستکردنی لەشکری بێکار بە ناوی ( هێزی کار) داهێنانێکی دیکەی ئیدارەکەی د.بەرهەم بوو ، ئەم داهێنانە بە تەنها کاریگەرە سلبیەکانی بۆ سەر ئیدارەی سلێمانی نەبوو ، بەڵکو بووە گوشارێک بۆ ئەوەی ئیدارەی هەولێریش بگرێتەوە، ئەوەی ئێستا پێی دەڵێن بن دیوار، کە نەک ئەم کابینەیە لە وانەیە لە کابینەکانی داهاتووش نەتوانرێت بنبڕ بکرێت**

**ئەوە وەزارەتی پلاندانان با بە خەڵکی کوردستان بڵێت ئایا ئەو بودجەیە لە ١٠٪ زیاتری پڕۆژەی وەزارەتەکانی حکومەتی پێ جێبەجێ دەکرێت، ئەگەر پێی جێبەجێ دەکرێت با هەر لەم گۆڤارە ڕاستیەکان بە خەڵک ڕابگەیەنێت**




**ئەگەر نێچیرڤان بارزانی مەبەستی دروستکردنی گوتاری حکومڕانی رووکەش و گەوهەری سیاسیی وحزبی بوایە، ئەسڵەن دەستەی وەبەرهێنانی لەناو کابینەی پێنجەم دانەدەمەزراند و داشی بمەزراندایە ئەو دەزگایەی نەدەدا بە یەکێتی و بیشدایە بەیەکێتی ئاستی دەسەڵاتی دەزگاکەی بۆ ئاستی وەزارەت و دەسەڵاتی سەرۆکی دەستەی وەبەر هێنانی بۆ دەسەڵاتی وەزیر بەرزنەدەکردەوە**

هاتووچۆی کرد بە سـەرچاوەیەکی دیکەی داهات بـۆ یەکێتی، ئەمە لـە کاتێکدا بوو کە پەرلەمانی کوردستان بڕیـاری نەدابوو بەوجۆرە گۆڕانـکاری لەسیستەمی باج وەرگرتندا بکرێت،ئەم بەرنامە رووکەشـەی حکومڕانی و سیاسـیی حزبـی لە بنەڕەتدا وایکرد لــە کابینەی پێنجەمـدا نەتوانرێت بودجـە و وەزارەتـی دارایی لە کوردسـتان یەکبگرنـەوە، یەکنەگرتنەوە لەبەر ئەوە نەبوو ئیـرادەی یەکگرتنەوە نەبـوو، لەبەر ئەوەبوو بەئاسـانی نەدەتوانرا ئەو ڕێنمایی و یاسایانە بگۆڕدرین کە د.بەرهەم بۆ ئیدارەی سلێمانی دروسـتکردبوون، هەر بۆیە ئەگەر بەراوردی خەرجکردنی بودجەی هەولێر و دهۆك بکەین کـە بەرێگەی وەزارەتی دارایی خەرجدەکرا و ئـەو بودجەیەی بەرێگـەی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایـی خەرجدەکرا، کە بڕی بودجەکە یەکسانە، دەبینین ڕەنگدانەوەی ئەو پرۆژانەی لە هەولێرو دهـۆك ئەنجامدراون زۆر زیاترن لەو پرۆژانـەی بەهەمان بودجە لـە سـلێمانی و گەرمیان دروسـتکراون، ئەوجا بابێینە سـەر کوالیتی پرۆژەکان، هەر بـۆ نموونە هەتا ئێسـتا بێجگە لە پرۆژەی هێڵی دووەمی ئاوی دوکان –سـلێمانی کە بەرێز د.بەرهـەم خۆی دەزانێت دوای ئەوەی چارەنووسـی ١ ملیۆن هاوڵاتی لە سلێمانی کەوتە بەر هەڕەشەی کولێرا ئینجا بە هەموو لایەك هەوڵدرا تەواو بکرێت، تا ئێسـتا یەك پرۆژەی ئاو لە سـنووری ئیدارەی سلێمانی پێشوو تەواو نەکراوە، ئەوەشی تەواو کراوە وەك پرۆژەی ئـاوی پیرەمەگرون دەبێت جارێکی دیکە سەرلەنوێ ئەو پرۆژەیە دروستبکرێتەوە، ئێسـتاش کە پرۆژەکانی ئاوی کۆیە و ڕانیە و قـەڵادزێ و چەمچەمـاڵ و گەرمیـان دواکەوتوون هەموویان گرفتی سیاسـیان لە پشـتەوەیە نەك تەکنیکی، ئەمەیە مەترسی گوتاری روکەشـی حکومڕانی کە دەکرێتە دەمامك بۆ شـاردنەوەی گوتارە سیاسـیە حزبیەکـە و چەواشـەکردنی جەمـاوەر، لە بەرامبەردا، لە پارێزگاکانی دهۆك و هەولێر بێجگە لە هەردوو پـرۆژەی ئاوی هەولێر و دهۆك کە کێشـەی ئـاوی خوادرنەوەی بۆ ٢٥-٣٠ سـاڵی دیکە چارەسـەر کردووە، لە هەمانکاتدا چەندیـن ناوچەی دیکەش وەك زاخۆ، سۆران، مێرگەسور پرۆژەکانیان تەواو بوون و پرۆژەکانی ئامێدی و ئاکرێش لە ژێر جێبەجێ کردندان .

**د.بەرهەم کە جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق بوو، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت لە هەرێمی کوردستان مافی مرۆڤ پێشێل دەکرێت، تەنها کەسایەتی دەوڵەتی عێراق بوو، دژی هەرێمی کوردستان پشتیگری لە ڕاپۆرتی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ بوو**

• دروسـتکردنی لەشکری بێکار بە ناوی ( هێـزی کار) داهێنانێکـی دیکە ئیدارەکەی د.بەرهەم بوو، ئەم داهێنانە بە تەنها کاریگەرە سلبیەکانی بۆ سەر ئیدارەی سلێمانی نەبوو، بەڵکو بووە گوشـارێك بۆ ئـەوەی ئیدارەی هەولێریش بگرێتەوە، ئەوەی ئێستا پێی دەڵێن بن دیوار،کە نـەك ئەم کابینەیە لە وانەیە لە کابینەکانی داهاتووش نەتوانرێت بنبڕ بکرێت، بەرهەمی ئەو داهێنانە کە د.بەرهەم خەڵکی فێرکرد بچنە ماڵـەوەو مووچەیان پێبدرێت، ئـەم داهێنانە کاریگەریەکی هێندە سـلبی لەسەر ئیدارەی کوردستان دروستکردووە، کە کوردسـتان تەنها وڵاتە بودجەی هەڵسورانی حکومەتەکـەی لە بودجـەی وەبەرهێنانی چەنـد قاتێك زیاتـر بێت، هـەروەك چۆن ئەمساڵ لە بودجە شـەفافەکەی کابینەی شەشەم !!! بینیمان کە بودجەی هەڵسوڕان ٣ بەرامبەری بودجەی وەبەرهێنان و دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانە، ئەوە وەزارەتی پلاندانان با بە خەڵکی کوردستان بڵێت ئایا ئەو بودجەیە لـە ١٠٪ زیاتـری پـرۆژەی وەزارەتەکانی حکومەتـی پێ جێبەجـێ دەکرێت، ئەگەر پێی جێبەجێ دەکرێـت با هەر لەم گۆڤاری ڕاستیەکان بە خەڵك ڕابگەیەنێت.

• ئاماژەکـردن بـەوەی کـە بودجـەی وەبەرهێنانی حکومەت ١٠٪ زیاتری پرۆژەی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی پێ جێبەجێ ناکرێت مەسـەلە تانووت لێدان لە کابینەی شەشـەم نیـە، لەبەر ئەوەی لە کابینـەی پێنجەمیش بودجـەی وەبەرهێنان لە بودجەی هەڵسـووڕانی حکومەت کەمتر بووە، بەڵکو مەبەست لەم ئاماژەکردنە ئەوەیە کـە هەوڵنەدرێت گوتارێکـی رووکەش بە ناوی گوتاری حکومڕانی دروسـتبکرێت و



خەڵکی پێ چەواشە بکرێت، هەر بۆنموونە لە کابینەی پێنجەم بودجە ٢ بودجە بوو، دەکرا ئەگەر نێچیرڤان بارزانی مەبەستی دروستکردنی گوتاری حکومڕانی رووکەش و گەوهەری سیاسیی وحزبی بوایە،ئەسڵەن دەستەی وەبەرهێنانی لەناو کابینەی پێنجەم دانەدەمەزراند و داشی بمەزراندایە ئەو دەزگایەی نەدەدا بە یەکێتی و بیشدایە بەیەکێتی ئاستی دەسەڵاتی دەزگاکەی بۆ ئاستی وەزارەت و دەسەڵاتی سەرۆکی دەستەی وەبەر هێنانی بۆ دەسەڵاتی وەزیر بەرزنەدەکردەوە و هەوڵیدەدا سەرچاوەی داهات بۆ پارێزگاکانی دهۆك و هەولێر دابینبکرێت و سلێمانی و گەرمیان پشتگوێ بخات، بەڵام لەبەر ئەوەی گوتاری نێچیرڤان بارزانی گوتاری حکومڕانی دامەزراوەیی بوو گەوهەری گوتارەکە بۆ گۆڕینی شێوازی ژیانی هاوڵاتیانی کوردستان و خۆشگوزەرانی هاوڵاتیانی کوردستان بوو، راشکاوانە بە خەڵکی کوردستانی دەگوت، ئەگەر بە نیازن بە بودجە و بەشە داهاتی هەرێم لە بودجەی حکومەتی فیدرالی عێراق، کوردستان ئاوەدانبکەنەوە،ئەوا ئەو بودجەیە وڵاتی پێ ئاوەدان ناکرێتەوەو بۆیە دەبێت بۆ بەردەوامی پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام (Sustainable development)، دەبێت سەرچاوەی داهاتی دیکە پەیدا بکرێت، دەبێت توانای مرۆیی تاکی کورد پەرەی پێبدرێت و لە بزنس و ئابووری بازاردا بخرێتە گەر، دەبێت سنووری کەرتی گشتی بچووکبکرێتەوەو سنووری کەرتی تایبەت فراوانبکرێت، سەیر کەن کاتێك نێچیرڤان بارزانی بوو بە سەرۆك وەزیرانی کابینەی پێنجەم حکومەتی هەرێمی کوردستان،حکومەت نەك یەك دۆلاری نەبوو بەڵکو عەجزیشی هەبوو، بەڵام کاتێك نێچیرڤان بارزانی کە کابینەی پێنجەمی بەجێهێشت تەنها لەپارەی بەدەستهاتوو ( شیرینی کێڵگە نەوتیەکانی کوردستان) بڕی ٤ ملیار دۆلاری بەجێهێشت کە بارتەقای بودجەی دووساڵی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەمە بێجگە لە سەدان ملیۆن دۆلاری بانکە جیهانیەکان کە تەنها ٣٣٣ ملیۆن دۆلار بانکی جایکای ژاپۆنی هێناویەتیە کوردستان بۆ ئەوەی پرۆژەی ئاوی هەڵەبجە و تۆڕی ئاوی هەر سێ پارێزگای دهۆك و هەولێر و سلێمانی پی نۆژەنبکرێتەوەو دروست بکرێت، ئەمە هۆشیاری سیاسەتی حکومڕانیە کە پێویستە خەڵکی ئاسایی کوردستان لێی ئاگادار بێت، مەبەست ئەوەیە کە گوتاری رووکەشی حکومڕانی و گەوهەری سیاسیی وحزبی خەڵك چەواشە نەکات، پرۆسەی بەردەوامی پەرەپێدانی بەردەوام نەکرێت بە قوربانی گوتارێکی حزبی کە بەگوتاری حکومڕانی رووپۆشکراوە.

٣- ئەزموونی دووەمی حکومڕانی د.بەرهەم، ئەزموونی جێگری سەرۆك وەزیرانی حکومەتی ناوەندی بەغدایە، د.بەرهەم لەو کاتەی کە جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق بوو، کارێکی باشی دەکرد ئەگەر لەبەرامبەر هەوڵەکانی د.مالکی بۆ بەهێز و هەستانەوەی حزبی دەعواو مانەوەی حزبی دەعوا لە حکومڕانی پەنای بۆ ناسنامەی عروبەی عێراق دەبرد، ئەویش کوردستانچێتی بکردایە نەك حزبچێتی، بەداخەوە د.بەرهەم لەو ماوەیەی کە جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق بوو، چەند کارێکی کردووە کە کارەکانی تەنها بۆ خزمەتی یەکێتی بووە نەك خەڵکی کوردستان، هەر بۆنموونە کردنەوەی زانکۆی ئەمریکی لە عێراق کە بریار بوو لە بەغدای پایتەختی عێراق بکرێتەوە، بەڵام لەبەر لەبارنەبوونی باری ئاسایش و سەقامگیری بریاردرا ئەم زانکۆ ئەمریکیە بگوازرێتەوە بۆ کوردستان، هەروەك چۆن ئێستا لەسەر بڕیاری بەرێز سارکۆزی سەرۆك کۆماری فەرەنسا بریاردراوە لقێکی ئامۆژگای دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەراست لە عێراق بکرێتەوە بەڵام لەبەر ئەوەی کەشوهەوای بەغدا لەبار نیە ئێستا لەناو قەڵای هەولێر لقی عێراقی ئەم سەنتەرە نێو دەوڵەتیە دەکرێتەوە، هەروەك چۆن ئەمریکیەکان ئامۆژگای توێژینەوەی شوێنەواری عێراقی لە هەولێر کردۆتەوە،دەبوو زانکۆی ئەمریکی لەبری بەغدا لە هەولێر بکرابایەوە، بەڵام د.بەرهەم بۆ بەرژەوەندی یەکێتی بۆ ئەوەی زانکۆی ئەمریکیش بکاتە دەستکەوتێکی دیکەی حزبی یەکێتی و خەڵکی سلێمانی پێ چەواشە بکات هات بە رێگەی بەرێز پرۆفیسۆر فوئاد عەجەمی گواستیانەوە بۆ سلێمانی،لێرەدا مەبەست ئەوەنیە د.بەرهەم کارێکی باشی نەکرد کە زانکۆی ئەمریکی لە بەغداوە گواستەوە بۆ کوردستان، بەڵام دەبوو ئەم زانکۆیە دوای گواستنەوەی لە پایتەختی عێراقەوە دەبوو لە پایتەختی کوردستان دابمەزرایە،ئەمە بەو مانایە نیە فەزڵی هەولێر دەدەین بەسەر سلێمانیدا، نەخێر لەبەر ئەوەی هەولێر پایتەختی کوردستانە و مۆرکی ناوچەگەری و شارچێتی لەسەرهەڵگیراوە و شاری هەر تاکێکی کوردستانە، دوای ئەوەش هەر بۆ شکۆی کوردستانیش جوانتر بوو پایتەختی کوردستان لەگەڵ پایتەختی عێراق هاوشان بکرێت، پایتەختی کوردستان بکرایە رووەجوانەکەی ناساندنی بە دەرەوە، هەروەها د. بەرهەم لەو ماوەیەی کە جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق بوو مەسەلەی کەرکوك و کێشەی مادەی ١٤٠ی کردە ئالەتێکی دیکەی حزبی بۆ بەرژەوەندی یەکێتی، ئەگەر هێندەی لەسەر ئەو پرسانەی بۆ بەرژەوەندی حزبی کاری دەکرد هەندێك بۆ چارەنووسی مادەی ١٤٠ و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان کاری بکردایە ئێستا مەسەلەی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ و گەرانەوەی ناوچە دابڕاوەکان لە قۆناخێکی دیکە دەبوو، هەروەها د.بەرهەم کە جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق بوو، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت لە هەرێمی کوردستان مافی مرۆڤ پێشێل دەکرێت، تەنها کەسایەتی دەوڵەتی عێراق بوو، دژی هەرێمی کوردستان پشتگیری لە راپۆرتی رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ بوو، کە هەر بەرێز وەزیری مافی مرۆڤ لەکابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش کە ئەویش یەکێتی وەڵامی راپۆرتەکەی رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤی دایەوە و هەڵەوکەموکوریەکانی ناو راپۆرتەکەی راستکردەوە، بەڵام بەرێز د.بەرهەم بۆ ئەوەی ئەو هەڵانەی نێو راپۆرتەکە بکاتە

**سەیر کەن کاتێک نێچیرڤان بارزانی بوو بە سەرۆک وەزیرانی کابینەی پێنجەم حکومەتی هەرێمی کوردستان، حکومەت نەک یەک دۆلاری نەبوو بەڵکو عەجزیشی هەبوو، بەڵام کاتێک نێچیرڤان بارزانی کە کابینەی پێنجەمی بەجێهێشت تەنها لەپارەی بەدەستهاتوو ( شیرینی کێڵگە نەوتیەکانی کوردستان) بڕی ٤ ملیار دۆلاری بەجێهێشت کە بارتەقای بودجەی دووساڵی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە**

**د. بەرهەم ئەو ناوچانەی بە ناوچەی نفوزی یەکێتیان دەزانێت لە گوتاری حکومەتدا جێگەیان دەکاتەوە و ئەوەی ناوچەی نفوزی یەکێتی نەبوو لە گوتارەکانیدا پشت گوێیان دەخات و دەیان شارێتەوە**

بە ماڵ لەسەر ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خۆی خستە قاڵبی ئەوکەسەی بەرگری لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دەکات، هەروەها لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٩ ش کە بەحساب د.بەرهەم خۆی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو دیسان بەرگری لە حکومەتەکەی خۆی نەکرد کە راپۆرتی رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەسەر ناوچە کوردستانیەکانی نەینەوا نووسیبووی، راستە بەیانێك بە ناوی وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەو راپۆرتە بڵاوکرایەوە کە لەو ئاستە نەبوو پێی بڵێین بەرگریکردن لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام د.بەرهەم بە یەك وشە بەرگری لە ناوچە کوردستانیەکانی پارێزگای نەینەوا نەکرد و نەیوت ئەو راپۆرتە کۆمەڵێك کەس بۆ بەرژەوەندی ئیدارەی محەلی ئەسیل نجێفی نوسراوە، ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان کە لەسەر ئەو راپۆرتە بەدواداچوونمان کرد و پەیوەندیمان بەو خەڵکانەوە کرد کە پسپۆرن لە کاروباری رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لە عێراقدا، راشکاوانە پێیانوتین( گوڵان وەك دیکۆمێنت دیمانەکانی هەیە)ئەو راپۆرتە راستە بە ناوی رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە، بەڵام مەرامێکی سیاسیی بۆ ناشیرینکردنی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لە پشتەوەیەوە

بۆ بەرژەوەندی ئیدارەی محەلی موسڵ نووسراوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی بەرێز د.بەرهەم ئەو مەسەلە گرنگەی پارێزگای نەینەوای پشتگوێ خست و بایەخی پێنەدا، بێگومان وەڵامەکەی ئاسانە لەبەر ئەوەی ناوچە کوردستانیەکانی پارێزگای نەینەوا کەمتر هەوادارو لایەنگیری یەکێتی نیشتمانی کوردستانن، بۆ زیاتر پشت ئەستووربوونی ئەم بۆچوونە، بەرێز د.بەرهەم لەوماوەیەی پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی وەرگرتووە بایەخێکی زۆر زیاتری بە ناوچەکانی کەرکوك داوە، نەك ناوچە کوردستانیەکانی پارێزگای نەینەوا، چەندین جار سەردانی پارێزگای کەرکوکی کردووە، بەڵام جارێك نەك هەر سەردانی ناوچە کوردستانیەکانی پارێزگای نەینەوای نەکردووە بەڵکو لە بۆنەیەکیشدا باسی نەکردوون،ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە گوتاری سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بەرگری لە کەرکوك دەکات و داکۆکی ئەوەی لەسەر دەکات کە لەبودجەی هەرێمی کوردستان پارە بۆ کەرکوك تەرخان بکرێت و لەبەرامبەردا ناوچەکوردستانیە دابراوەکانی دیکە هیچ،واتە د. بەرهەم ئەو ناوچانەی بە ناوچەی نفوزی یەکێتیان دەزانێت لە گوتاری حکومەتدا جێگەیان دەکاتەوە و ئەوەی ناوچەی نفوزی یەکێتی نەبوو لە گوتارەکانیدا پشت گوێیان دەخات و دەیان شارێتەوە.

٤- هەوڵێکی دیکەی د.بەرهەم گۆڕینی بۆنە نیشتمانیەکان و کارەسات و نەهامەتی گەلەکەمانە بۆ دەستکەوتی حزبی و پروپاگەندەی هەڵبژاردن بۆ حزبەکەی، هەر بۆنموونە دانانی بەردی بناخەی زانکۆی رانیە لەساڵیادی راپەرین و لە رۆژی راگرتنی هەڵمەکانی هەڵبژاردن و هەروەها دانانی بەردی بناخەی زانکۆی هەڵەبجە لە ساڵیادی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە، هەردوکیان قۆستنەوەی ئەو دوو بۆنە نیشتمانیە بۆ دەستکەوتی حزبی، پرسیار لێرەدا ئەوەیە هێشتا ئەو بودجەیەی حکومەت ناردوویەتی بۆ پەرلەمان و بەپێی ئەو بودجەیە زانکۆ لە رانیە و هەڵەبجە دروستدەکرێت، ئەگەر لەکاتی موناقەشەکانی پەرلەمان لەسەر بودجەکە پەرلەمان ئەو بودجەیەی ناردەوە بۆ حکومەت و لەبری دروستکردنی زانکۆ، پرۆژەیەکی دیکە ئەولەویەتی پێدرا و بڕیاردرا بگۆردرێت،ئایا ئەمە گاڵتەکردن نابێت بە هەست و سۆزی هاوڵاتیانی رانیە و هەڵەبجە؟ یان ئایا چ پێویستە کردنەوەی زانکۆ بکرێتە خەڵات و لە رۆژی بۆنە نشتیمانیەکاندا رابگەیەنرێت، ئایا



**هێشتا ئەو بودجەیەی حکومەت ناردوویەتی بۆ پەرلەمان و بەپێی ئەو بودجەیە زانکۆ لە رانیە و هەڵەبجە دروستدەکرێت، ئەگەر لەکاتی موناقەشەکانی پەرلەمان لەسەر بودجەکە پەرلەمان ئەو بودجەیەی ناردەوە بۆ حکومەت و لەبری دروستکردنی زانکۆ، پرۆژەیەکی دیکە ئەولەویەتی پێدرا و بڕیاردرا بگۆردرێت، ئایا ئەمە گاڵتەکردن نابێت بە هەست و سۆزی هاوڵاتیانی رانیە و هەڵەبجە؟ یان ئایا چ پێویستە کردنەوەی زانکۆ بکرێتە خەڵات و لە رۆژی بۆنە نشتیمانیەکاندا رابگەیەنرێت، ئایا ئەمەشیان خۆڵکردنە چاوی خەڵک نیە**

**تا ئێستا گوێمان لەوە نەبووە کە سەرۆک وەزیرانی کوردستان پلانێکی بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی بێکاری لاوان لە کوردستان هەبێت، یان چارەسەرکردنی کێشەی بێکاری لە مەسەلەی دامەزراندن جیابکاتەوە**

ئەمەشیان خۆڵکردنە چاوی خەڵك نیە.

ئەم شێوازەی د.بەرهەم پیادەی دەکات بۆ پیشاندانی گوتاری حکومرانی لەکوردستان هەوڵێکە بۆ ناساندنی ئەو گوتارە وەك گوتاری سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و کردنی حکومەت بە کەناڵێکی پروپاگەندەکردن بۆ یەکێتی نیشتمانی، ئەمەش ئەو شێوازەیە کە مالیکی بۆ حزبی دەعوای عێراقی لە میانەی حکومرانی حکومەتی عێراقدا پیادەی دەکات.

### چۆن رێگە لە پاشکشێکردن لە سیستەمی دامەزراوەیی دیموکراتیەوە بۆ ئەسۆریتاریانیزم بگرین؟

هەموو دەوڵەتان کە بەقۆناخی ئینتیقالی تێدەپەرن، وەك وڵاتی ئێمە لە دوو بواری گرنگدا لاوازن، یەکەمیان بونیادی کەلچەری دیموکراتی، دووەمیان هۆشیاری سیاسەتی حکومرانی و دامەزراوەیی و دیموکراتیە، بۆیە زۆر گرنگە ئەرکی میدیا هەوڵدان بێت بۆ بونیادی ئەو توخمە کە رێگە نەدەن ئەم پاشەکشەیە رووبدات، لێرەوە ئەرکی میدیایە پەردە لەسەر ئەو رەفتارە رووکەشانە هەڵماڵێن کە لە ژێریدا دەسەڵاتی خۆسەپێن( ئەسۆریتارایانزم) شاردراوەتەوە، لەم رووە پێویستە چەند خاڵێك ئاماژە پێبکەین:

١- تەنها لەو وڵاتانەی دەسەڵاتی خۆسەپێن هەیە خزمەتگوزاریەکان دەکرێنە خەڵاتی حزب و بە هاوڵاتیان دەفرۆشرێنەوە.

٢- تەنها لەو وڵاتانەی کە دەسەڵاتی خۆسەپێن هەیە لەژێر گوتاری حکومرانیدا گوتاری سیاسی حزبی دەچێنرێت، بەداخەوە گوتارەکانی د.بەرهەم وەك سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ گوتاری ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی جیاوازی نیە. ئەمەش واتە لەبری ئەوەی حزب بکرێتە میکانیزمێك بۆ خزمەتی حکومەت، حکومەت کراوەتە خزمەتی حزب و چارەسەرکردنی کێشەکانی حزب.

٣- لەو کاتەوەی بەرێز د.بەرهەم بۆتە سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پرۆسەی پەرەپێدان وکەرتی تایبەت جۆرە کشانەوەیەکی بەخۆیەوە بینیوە، لە ماوەی ٦مانگی رابردوو تائێستا گوێ بیستی ئەوە نەبووین گرێبەستی پرۆژەیەکی گەورەی وەبەرهێنان لەهیچ شوێنێکی کوردستان ئیمزای لەسەر بکرێت.

٤- تا ئێستا گوێمان لەوە نەبووە کە سەرۆك وەزیرانی کوردستان پلانێکی بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی بێکاری لاوان لە کوردستان هەبێت،یان چارەسەرکردنی کێشەی بێکاری لە مەسەلەی دامەزراندن جیابکاتەوە، بەپێچەوانەوە تەنها بەرنامەیەك کە ئاگاداری بین مەسەلەی دامەزراندنی ئەو ١٠ هەزار کەسەیە کە بریارە دوای پەسەندکردنی بودجە دەستی پێبکرێت، ئەمەش هێندەی دیکە قەبارەی ئەو سوپا بێکارەی حکومەت و بودجەی هەڵسووڕانی حکومەت رووبەرووی هەڵاوسان دەکاتەوە. لەکاتێکدا لە وڵاتانی دیموکراتی چارەسەرکردنی کێشەی بێکاری بە دامەزراندنی بێکاران لە کەرتی گشتی (حکومەت) چارەسەر ناکرێت،بەڵکو کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت پێکەوە هەردووکیان وڵات لەرووی ئابووریەوە هەڵدەسووڕێنن، بەداخەوە د.بەرهەم خەریکە بۆ سەرخستنی شێوازی ئەسۆریتاریانیزم لە حکومرانی کوردستاندا کەرتی گشتی (حکومەت) فراوان دەکات و کەرتی تایبەت بچووکدەکاتەوە، ئەمە نەك هەر زیانی بۆ حکومرانی کوردستان هەیە، بەڵکو ئایندەی پەرەپێدان و چەسپاندنی سیستەمی ئابوری بازاری کوردستان دەخاتە ژێر پرسیارەوە.



**ئەم شێوازەی د.بەرهەم پیادەی دەکات بۆ پیشاندانی گوتاری حکومرانی لەکوردستان هەوڵێکە بۆ ناساندنی ئەو گوتارە وەک گوتاری سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و کردنی حکومەت بە کەناڵێکی پروپاگەندەکردن بۆ یەکێتی نیشتمانی، ئەمەش ئەو شێوازەیە کە مالیکی بۆ حزبی دەعوای عێراقی لە میانەی حکومرانی حکومەتی عێراقدا پیادەی دەکات**

**بەداخەوە گوتارەکانی د.بەرهەم وەک سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ گوتاری ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی جیاوازی نیە. ئەمەش واتە لەبری ئەوەی حزب بکرێتە میکانیزمێک بۆ خزمەتی حکومەت، حکومەت کراوەتە خزمەتی حزب و چارەسەرکردنی کێشەکانی حزب**

# لە قۆناخی ئینتقالیدا هەموو کات مەترسی ئەوە هەیە پرۆسەکە بگەڕێتەوە بۆ تاکڕەویی و دیکتاتۆری

**پرۆفیسۆر لی والکەر ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ساوس کالۆلینا و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر عەدالەتی سیاسی و پرۆسەی بەدیموکراتیزەکردنی دەوڵەتانی ئەمەریکای لاتینی، سەبارەت بەگرنگی و هەستیاری قۆناخی ئینتیقالی چۆنیەتی رەفتاری حزبە سیاسییەکان لەم قۆناخەدا لەگەڵ دامەزراوەکانی دەوڵەت پرۆفیسۆر والکەر بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**



*** بۆچی قۆناخی ئینتیقالی بە قۆناخێکی هەستیار و ناسك لە پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە دادەنرێت؟ ئایا بۆچی زۆربەی نەتەوەکان لەم قۆناخەدا شکست دەهێنن؟**

- پێموایە لە قۆناغی ئینتیقالیدا پێویستە چەند پرۆسەیەك لە یەك کاتدا ئەنجامبدرێن، بۆ نموونە پێویستە کار بۆ دروستکردنی بونیادێکی دەستوری بکرێت، مەبەستم لە بنیاتنان و دروستکردنی دامەزراوە دەستورییەکانە، واتە بیر لە چۆنیەتی بنیاتنانی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دەسەڵاتی قەزائی بکرێتەوە، هەروەها دەبێت بایەخ بە چۆنیەتی دروستکردن و گەشەپێدانی کۆمەڵگەی مەدەنی بدرێت، لەم چوراچێوەیەشدا پێویستە بایەخ بەوە بدرێت کە کۆمەڵگەی مەدەنی بە چ شێوەیەك دەتوانێت لەگەڵ بەرەوپێشچوونی پرۆسەی حکومڕانیکردندا هەنگاو هەڵبگرێت.

*** باشە چۆن لەیەك کاتدا ئەم هەموو پرۆسەیە پێکەوە بەڕێوەدەبرێن و پێکەوە دەگونجێنرێن، ئایا لەم قۆناخەدا دەبێت حکومەت چۆن رەفتار بکات؟**

- سەرەتای پێویستە باس لە عەدالەتی ئینتیقالی بکرێت، مەبەستم ئەوەیە لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا کە بەم قۆناغەدا تێدەپەڕێت ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئایا دەبێت بە چ شێوەیەك مامەڵە لەگەڵ ئەو کردەوانەدا بکرێت کە رژێمی پێشوو بەرپرسە لێیان، بە واتایەکی دیکە چۆن روبەڕووی ئەو تاوانانە ببینەوە لە عێراقدا کە پێشتر لە سەر دەستی رژێمی پێشوو رویانداوە کە بە دڵنیاییەوە ئەمە جێی بایەخ و گرنگییە، بەڵام بە تیڕوانینی من دەبێت نیگەرانی سەرەکی عێراقییەکان بنیاتنانی دامەزراوەکان بێت لە وڵاتدا بۆ ئەوەی عێراقییەکان زیاتر و زیاتر جڵەوی کاروبارەکانی خۆیان بگرنەدەست و ئازادانەتر بڕیار لە چارەنووس و ئایندی خۆیان بدەن و، وورده و وورده لەگەڵ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەکەدا بوون و کاریگەری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش لە وڵاتەکەدا بەرەو داکشان بچێت. من دەزانم ئەو دۆخەی لە عێراقدا هەیە دۆخێکی دژوارە، هەروەها بە حوکمدان لە ئەزموونی وڵاتانی گواتیمالا، چیلی و سلڤادۆر، کە لەم وڵاتانەدا تاوانێکی زۆر و پێشلکارییەکی گەورەی مافەکانی مرۆڤ روویاندا ئەو پرسە دێتە ئاراوە کە چۆن دەبێت رووبەڕووی ئەم تاوانانە ببینەوە، بەڵام من باوەڕم وایە دامەزراندن و کارکردنی جیددی بۆ بنیاتنانی دامەزراوەکان هێندەی پرسی روبەڕووبوونەوەی تاوانەکانی رابردوو گرنگیان هەیە لەم وڵاتانەدا، ئەمە بۆ وڵاتی عێراقیش راست و دروستە.

*** هۆکاری شکستی ئەزموونی دیموکراسی لە وڵاتانی دوای کۆمۆنیستی و وڵاتانی ئەمەریکای لاتیندا بریتیە لە مامەڵەی نادروستی پارتە سیاسییەکان لەگەڵ دامەزراوەکانی حکومەت و لەگەڵ دەسەڵاتدا بە شێوەیەکی گشتی، ئایا چۆن دەتوانین ئەو راستییە بۆ پارتە سیاسییەکان روون بکەینەوە، کە پێویستە پارتە سیاسییەکان خزمەت بە پرۆسەی حکومڕان و دامەزراوەکانی حکومەت بکەن، نەك ئەم دامەزراوانە بکەنە ئامرازێك بۆ فراوانکردن و برەودان بە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان؟**

- هەمیشە پارتە سیاسییەکان بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان هەیە و کارێکی کردەنی نییە بتوانین ئەم بەرژەوەندییانە لە پارتە سیاسییەکان دابماڵێنین، بەڵام ئەوەی مومکینە ئەوەیە کار بۆ ئەوە بکەین ئەم بەرژەوەندییانە ئاوێتەی بەرژەوەندییە دیموکراسییە پێشکەوتنخوازەکان بکەین، با لێرەدا ئاماژە بە چەند نمونەیەك بکەین، لە وڵاتی چیللی تێکڕای پارتە سیاسییەکان توانیویانە بگەنە رێککەوتن لەسەر بەرهەڵستیکردن و رووبەڕووبونەوەی دەسەڵاتی تاکڕەوی لە وڵاتەکەدا، هەروەها رێککەوتن لەسەر بنیاتنانی دامەزراوەکان و جێگیرکردنی بونیادێکی دەستوری بۆ حکومڕانیکردنی دیموکراسی، واتە لەم کاتەدا بەرژەوەندی پارتە سیاسییەکان ئاوێتەی بەرژەوەندییەکی دیکە بوو کە سەرئەنجام بە قازانجی حکومڕانیکردنی دیموکراسی شکایەوە، هەروەها لە وڵاتی نیکاراگوا دەسەڵات ناچار کرا دامەزراوەی دەستوری بنیات بنێت، کە تێیدا دەسەڵات رەزامەندی دەربڕی لەسەر جێگیرکردن و چەسپاندنی بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە یەکتری، لەگەڵ خوڵقاندنی دۆخێك کە تێیدا پارتە سیاسییەکان بتوانن رکابەری و ململانێی یەکتری بکەن، کە سەرەئەنجام پیادەکردنی رێساکانی ئەم گەمە نوێیە بووە هۆی ئەوەی لە هەڵبژاردنەکاندا دەسەڵات لە دەست بدات و دووچاری شکست بێتەوە، بە هەمان شێوە لە وڵاتی مەکسیکدا کاتێك پارتی دەسەڵاتدار بێ گەڕانەوە بۆ پارتە موعارەزەکان رێساکانی گەمەکەی گۆڕی،

ئەمەش بووەهۆی ئەوەی لە یەکەم هەڵبژاردندا لە دەسەڵات دووربخرێتەوە، لێرەدا مەبەستم ئەوەیە گرنگترین مەسەلە لەم قۆناغەدا بایەخدانە بە چۆنیەتی بنیاتنان و چەسپاندنی ئەم بونیادە دەستورییە و ئەم دامەزراوانە. لە هەمان کاتدا ناچارکردنی پارتە سیاسییەکان بە جێگیرکردن و پیادەکردنی چەند ڕێسایەکی دیاریکراو کە تێکرای ئەو پارتانە پێیانەوە پابەندبن، خاڵێکی زۆر گرنگە.

*** لەزۆربەی وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا کە دیموکراسییەتێکی جێگیر و بازاڕی ئازاد لە ئارادانییە پارتە سیاسییەکان بودجەی حکومەت وەك خەڵات و پاداشت بەسەر لایەنگرەکانیاندا دابەش دەکەن، ئایا ئەم ڕەفتارەی پارتە سیاسییەکان تا ڕادەیەك مەترسیدارە لەسەر هەرەسهێنانی پرۆسە دیموکراسییەکە؟**

- شتێکی چاوەڕوانکراوە کە لە سەرەتای پرۆسەکەوە ئەو پارتە سیاسییانەی لە دەسەڵاتدان پەنا بۆ کردەوەی گەندەڵکارانە ببەن و بودجە بە شێوەیەکی ناڕاست و ناڕەوا بەکاربهێنن، بەڵام من لێرەدا دووبارە جەخت لەسەر بنیاتنانی دامەزراوەکان و جێگیرکردنی ڕێساگەلێکی روون دەکەمەوە کە پێویستە کار بۆ ئەوە بکرێت بە تێپەڕبوونی کات تێکرای پارتە سیاسییەکان پابەندبن بەم ڕێسایانەوە، چونکە ئەمە زامنی بەردەوام بوون و درێژەکێشانی پرۆسە دیموکراسییەکە دەکات، بۆ نموونە دەبێت کار بۆ ئەوە بکرێت کە پارتە سیاسییەکان ئامادەبن دەست لە دەسەڵات هەڵبگرن کاتێك لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەست ناهێنن، لێرەدا مەبەستم ئەوەیە دەتوانرێت لە چوارچێوەی جێگیرکردنی ڕێساکانی گەمەی دیموکراسیدا کە تێیدا پارتە سیاسییەکان بە کردەوە پابەندبن بەم ڕێسایانەوە دەکرێت کێشەی دابەشکردنی نادروست و ناڕەوای بودجەی حکومەتیش چارەسەربکرێت. بۆیە ئەوە شتێکی سروشتییە کە پارتە سیاسییەکان هەوڵ دەدەن بودجە بە شێوەیەك دابەشبکەن کە خەڵکانی دڵسۆز و لایەنگر لە خۆیان کۆبکەنەوە، ئەمەش یەکێکە لە کێشەکان کە لە سەرەتای پرۆسەی بە دیموکراتیکردندا ڕووبەڕووی دەبینەوە، ئەم حاڵەتە لە زۆرێك لە وڵاتاندا بەدی دەکرێت، بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی لە سەرەتای پرۆسەی بە دیموکراتیکردندان، هەروەها لایەنێکی دیکەی ئەم کێشەیە بریتیە لەوەی پارتە دەسەڵاتدارەکان هەوڵدەدەن دەرفەتی کار لە بواری کەرتی تایبەتیشدا بەو کەسانە بدرێن کە دڵسۆزی دەسەڵاتدارانن و وەلائیان هەیە بۆ دەسەڵات. من لێرەدا ئەوە دووپات دەکەمەوە کە پێویستە کار بۆ ئەوە بکرێت کە ڕێساکانی ململانێی سیاسی بچەسپێنرێت کە لەم چوارچێوەیەدا ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و دەسەڵاتداران ڕووبدات، بە چەشنێك چیتر دەرفەتی ئەوە دروست نەبێتەوە کە دەسەڵاتداران پەنا بۆ ئەم ڕەفتارە گەندەڵکارییە ببەن.

*** ئەگەر سەیری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بکەین، وەك مالیزیا، یابان و کۆریای باشور ئەو ڕاستییە بەدی دەکەین کە هۆکاری سەرکەوتنی ئەزموونی ئەم وڵاتانە بۆ گەشەپێدانی کەرتی تایبەت دەگەڕێتەوە، بەڵام بۆچی ئەم ئەزموونە لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین و وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا؟**

- ئەمە پرسیارێکی گرنگە، لە ڕاستیدا زۆرێك لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بایەخێکی تایبەتیان بە گەشەپێدان و برەودان بە کەرتی تایبەتیدا، هەروەها لەم چوارچێوەیەشدا فەزڵی جۆرێکی دیاری کراویان لە پیشەسازیدا بەسەر بوارەکانی دیکەدا، بۆ نموونە لە کۆریای باشور پتر بایەخ بە برەودان بە کۆمپانیای هیوندای درا، لە یابان بە تویوتا، کە ئەمانە ڕۆڵیان هەبوو بە خێراترکردنی ڕەوتی بە پیشەسازیکردنی وڵاتەکە. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین کە سروشتی دەسەڵاتی سیاسی لەم وڵاتانەدا تا ڕادەیەکی بریتی بوو لە تاکڕەوییەکی نەرم، لەبەر ئەوەی شان بە شانی گەشەی ئابووری و پیشەسازی ئازادییە سیاسییەکان گەشەیان نەکرد لەم وڵاتانەدا. هەرچەندە حاڵی حازر دیموکراسییەکی گەشەکردوو هەیە لە وڵاتێکی وەك یاباندا، بەڵام ئەمە دوای ماوەیەکی دوورودرێژ بەدی هات. ئەوەی پەیوەندیی بە وڵاتانی ئەمەریکای لاتینەوە هەیە، ئەوا لە سەرەتادا پتر بایەخ بە کەرتی گشتی درا، ئەگەرچی دواتر کە بایەخ بە کەرتی تایبەتیش درا، جۆرێکی دیکە لە گەندەڵی سەریهەڵدا کە بریتی بوو لە پێدانی دەرفەتی کار لەم کەرتەدا بە دۆست و لایەنگرانی دەسەڵات، کەواتە لێرەدا دەتوانین ئەوە بڵێین کە هیچ زەمانەتێك نییە کە خستنەگەڕی سەرمایە لە کەرتی گشتی یان تایبەتیدا سەرنەکێشێت بۆ ڕوودانی گەندەڵی لە ئاستێکی بەرزدا. لەم ڕوانگەیەوە من پێم وایە دۆخی عێراق پتر لە دۆخی وڵاتانی ئەمەریکای لاتین دەچێت نەك لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا.

*** ئایا نیشانە و ئاماژەکانی کۆتای هاتنی قۆناغی ئینتیقالی چین، ئەگەر حکومەت هەوڵبدات بگەڕێتەوە بۆ دواوە، چۆن بتوانین ناچاری بکەین کە ڕێگەی ڕاست هەڵبژێرێت؟**

- لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم لەم قۆناغەو لەم پرۆسەیەدا هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە هەوڵەکانی بنیاتنان و چەسپاندنی دیموکراسی هەرەس بهێنن و وڵاتەکە دووبارە بگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی دیکتاتۆری و تاکڕەوی، ئەوەی لەم ڕووەوە دەتوانرێت بکرێت ئەوەیە کار بۆ بنیاتنانی دامەزراوەکان بکرێت، بە چەشنێك ئەم دامەزراوانە ڕۆڵ و ئەرکی ڕاستەقینەی خۆیان ئەدا بکەن، هەروەها سەروەری یاسا بچەسپێنرێت، کە لەم حاڵەتەدا کەمتر ئەگەری ئەوە هەیە دەسەڵات ڕەوتێکی تاکڕەوانە بگرێتەبەر. خاڵێکی دیکەی گرنگ لەم ڕووەوە بریتییە لە ڕوودانی ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات کە ئەمەش نیشانەی ئەوەیە تێکرای لایەنە سیاسییەکان پابەند دەبن بە ڕێساکانی گەمەکە. واتە دەکرێت بەمشێوەیە ئەگەرەکانی دووبارە گەڕانەوە بۆ دۆخی پێشوو بۆ دەسەڵاتی دیکتاتۆری کەمبکرێتەوە.

*** چۆن ئەزموونی هەرێمی کوردستان هەڵدەسەنگێنیت؟**

- پێم وایە بایەخدان بە بەشداریکردن و ململانێی سیاسی لەو هەرێمەدا شتێکی گرنگە، کە هیوادارین پارتە سیاسییەکان خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ژیانی دامەزراوەیی و پابەندبن بە ریساکانی گەمەی دیموکراسییەوە.

*** دوا وتەت چییە؟**

- یەکێك لە لایەنە بنەڕەتییەکانی دیموکراسی بریتیە لە بەشداریکردنی خەڵك و ڕەخساندنی بواری ململانێ و رکابەری نێوان پارتە سیاسییەکان، واتە لەم ڕووەوە بەشداریکردنی خەڵك لایەنێکی گرنگە لە پرۆسەی بەرەوپێشبردنی دیموکراسی لە وڵاتەکەدا. خاڵێکی دیکە کە دەمەوێت جەختی لەسەر بکەمەوە ئەوەیە هەمیشە لە سەرەتاوە پرۆسەی بە دیموکراتیکردن پرۆسەیەکە پشێوی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، بۆ نموونە لە وڵاتی نیکاراگوا لە سەرەتای پرۆسەی دیموکراتیدا گەندەڵی لە ئارادابوو، پارتە سیاسییەکان ڕێساکانی گەمەکەیان قبوڵنەدەکرد. بەڵام ئومێدەکە ئەوەیە بتوانرێت بە تێپەڕبوون کات پارتە سیاسییەکان بایەخ بەوە بدەن کە پێداویستی و خواستی ڕاستەقینەی خەڵك چییەو کار بۆ هێنانەدی ئەو خواستانە بکەن.

# داڤید پاڵمەر بۆ گوڵان:

## کێشەی وڵاتانی ئەمەریکا لاتینی ئەوەیە ناتوانرێت  لە دوای پێکهێنانی حکومەت بەشێوەیەکی کارا  سیاسەت و بەرنامەکان لەسەر ئەزری واقیع جێبەجێ بکرێت

*** لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بەتایبەتی دەوڵەتانی ئەمەریکا لاتینی، دەبینین لە پرۆسەی قۆناخی ئینتقالی شکست دێنن، ئایا هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ئایا پێداویستییە سەرەکییەکانی تێپەڕاندنی ئەم قۆناخی ئینتقالییە بەسەرکەوتوویی چین؟**

- گرنگترین ڕووداوێك لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین ڕویدابێت بریتییە لە ڕێککەوتنی نوخبەو کاربەدەستانی ئەم وڵاتانە لەسەر گرنگی کارکردن بۆ هێنانەدی دیموکراسی و پابەندبوون بە دیموکراسی و پشتگیری لێکردنی، ئەمە لایەنی هەرە گرنگی پرۆسەکە بووە لەم وڵاتانەدا.

*** چۆن بتوانین لە قۆناغی ئینتیقالیدا ڕێگری بکەین لەوەی پارتە سیاسییەکان بەمشێوەیە ڕەفتار نەکەن کە ببێتە هۆکاری پاشەکشەکردنی پرۆسەکە؟**

- ئەوەی لەپرسیاری پێشتردا باسمکرد بەشێکی پرۆسەیەکە، مەبەستم ئەوەیە پارتە سیاسییەکان بەشێکن لە گەمەکارە سیاسییەکان و پێویستە ئەم پارت و لایەنە سیاسییانە بە چاوپۆشین لە ئایدلۆژیا و بیروباوەڕە سیاسییەکانیان بگەنە ئیجماعێك لەسەر ئەوەی کار بۆ برەودان بە پرۆسەکە بکەن و لەو چوارچێوەیەدا ململانێی یەکتری بکەن. بە پێچەوانە ئەگەر پارتە سیاسییەکان نەتوانن ئەم کارە بکەن و ئەگەر بەردەوام بن لەسەر مشتومڕەکانیان ئەوا جەمسەرگیری سیاسی لەسەر گۆڕەپانە سیاسییەکە ڕوودەدات و ڕەنگە نەتوانرێت بەسەرکەوتوویی قۆناغی ئینتیقالی تێپەڕێنرێت.

*** هۆکاری شکستی ئەزموونی دیموکراسی لە وڵاتانی دوای کۆمۆنیستی و وڵاتانی ئەمەریکای لاتینیدا،بریتییە لە مامەڵەی نادروستی پارتە سیاسییەکان لەگەڵ دامەزراوەکانی حکومەت و لەگەڵ دەسەڵاتدا بە شێوەیەکی گشتی، ئایا چۆن دەتوانین ئەو ڕاستییە بۆ پارتە سیاسییەکان ڕوون بکەینەوە کە پێویستە پارتە سیاسییەکان خزمەت بە پرۆسەی حکومڕان و دامەزراوەکانی حکومەت بکەن، نەك ئەم دامەزراوانە بکەنە ئامرازێك بۆ فراوانکردن و برەودان بە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان؟**

- لە ڕاستیدا قۆناغی ئینتیقالی قۆناغێکی سەختە، هەروەها لەم قۆناغەدا پارتە سیاسییەکان دەیانەوێت ببنە بەشێك لە حکومەت، یاخود

**پرۆفیسۆر داڤید پالمەر ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی بۆستن و بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی دەوڵەتانی ئەمەریکا لاتینیە لەزانکۆی ناوبراو، بەتایبەتیش دەوڵەتانی دەریای کاریبی و پیرۆ، بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو لە قۆناخی ئینتیقالی و هەستیاری و گرنگی ئەم قۆناخە پرۆفیسۆر پالمەر بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە دووان:**



هەڵبستن بە بەڕێوبردن و هەڵسوڕاندنی حکومەت، بەرپرسیارێتی خەڵکیش ئەوەیە ئەو پارتە سیاسییانە هەڵبژێرن بۆ دەسەڵات کە پێیان وایە باشترین خزمەت بە بەرژەوەندییەکانیان دەکەن و پێویستە پارتە سیاسییەکانیش ئەنجامی هەڵبژاردنەکان قبوڵ بکەن بە مەرجێك هەڵبژاردنەکان کراوەو عادیلانە بووبێتن. ئەمە کارێکی سەختە و ئاسان نییە، بۆ نموونە نزیکەی سەد و پەنجا ساڵی خایاند تاوەکو وڵاتانی ئەمەریکای لاتین بتوانن کار بۆ ئەم ئامانجە بکەن، چونکە مێژووی ئەم وڵاتانە مێژووی کودەتای سەربازی و دەسەڵاتگرتنەدەستی سەربازییانە بووە، بەڵام لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا جۆرێکی لە کامڵبوونی سیاسی لە نێو نوخبە و پارتە سیاسییەکانی ئەم وڵاتانەدا دروست بوو، لەبەر ئەوە من هاوڕانیم لەگەڵ ئەوەی لە پرسیارەکەی ئێوەدا هاتووە کە پرۆسەی دیموکراسی شکستی هێناوە لە وڵاتانە ئەمەریکای لاتینیدا، بە پێچەوانەوە چەندین ئەزموونی سەرکەوتوو لەم وڵاتانەدا هەن کە توانراوە دیموکراسییەتێکی پتەو لەم وڵاتانەدا بهێنرێتەدی.

*** لە زۆربەی وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا کە دیموکراسیەتێکی جێگیر و بازاڕی ئازاد لە ئارادانییە پارتە سیاسییەکانی بودجەی حکومەت وەك خەڵات و پاداشت بەسەر لایەنگرەکانیاندا دابەش دەکەن، ئایا ئەم ڕەفتارەی پارتە سیاسییەکان تا ڕاددەیەك مەترسیدارە لەسەر هەرەسهێنانی پرۆسە دیموکراسییەکە؟**

- لەم پرۆسەیەدا دوو لایەن هەیە، یەکەمیان پارت و گروپە سیاسییەکان کە بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا دەکەن و ململانێی و ڕکابەری یەکتر دەکەن، لایەنی دووەم ئەو حکومەتەیە کە لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە پێکدەهێنرێت، کە لەم ڕووەوە کێشەی سەرەکی وڵاتانی ئەمەریکای لاتین کە سەرەڕای ئەوەی بنەماکانی بەشداری و ململانێ چەسپێنراون، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ناتوانرێت لە دوای پێکهێنانی حکومەتەوە بە شێوەیەکی کارا سیاسەت و بەرنامەکان لەسەر ئەزری واقیع جێبەجێ بکرێت.

*** ئایا ئەگەر پارتە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان کۆنترۆڵی بودجەی حکومەت بکەن، کۆمەڵگە دەتوانێت هەنگاو بەرەو دیموکراسی بوون هەڵبگرێت، چونکە لەم دۆخەدا بایەخ بە برەودان بە کەرتی تایبەت نادرێت و پارتە سیاسییەکان هەوڵدەدەن زۆرترین کەس لە دامەزراوەکانی حکومەتدا دابمەزرێنن، ئەویش لە پێناو ڕاکێشانی لایەنگر و زۆرکردنی جەماوەرەکەیان، ئایا تێڕوانین و لێکدانەوەی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- زۆربەی شیکەرەوەکان ئەوە بە بەشێك لە پرۆسە سیاسییەکە دەزانن، ئەو پارتە سیاسییانەی سەرکەوتن بەدەست دەهێنن پۆست و بەرپرسیارێتییەکان دەدەنە خەڵکانی خۆیان، ئەوە بەشێکە لە سەرکەوتن و ئەوە بەشێکە لە پرۆسەی حکومڕانی، نابێت ئەمە هیچ کێشەیەك دروست بکات، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە ئەو کەسانەی دانراون نەتوانن لە ئاستی ئەرکەکانی خۆیاندا بن و نەتوانن ڕۆڵی چاوەڕوانکراوی خۆیان ببینن. لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتیندا لە هەندێ حاڵەتەدا پارتە سیاسییەکان توانیویانە ئەم ئەرکە بە باشی ئەدا بکەن و لە هەندێ حاڵەتی دیکەدا لە ئاستی ئەرکەکەدا نەبوونە، لەبەر ئەوە نابێت لەم ڕووەوە گشتاندن بکەین.

## ئەلەن کافورنی بۆ گوڵان:

# لە هەندێک وڵاتی تازە پێگەیشتوو وەک غەنیمە مامەڵە لەگەڵ بودجەی وڵات دەکرێت

**پرۆفیسۆر ئەلەن کافورنی سەرۆکی بەشی حکومەتە لە زانکۆی هامیلتۆن و تایبەتمەندە لەسەر تیۆری و سیاسەت و سیاسەتی بەراوردکاری لە ئەورووپادا، بۆ قسەکردن سەبارەت بە چۆنیەتی رفتارەکانی حکومەت لە پرۆسەی بونیادی نەتەوە و دەسپێکی قۆناغی ئینتیقالی، پرۆفیسۆر کافورنی بەمجۆرە سەرنجەکانی خۆی بۆ گوڵان خستە روو.**



*** لە پرۆسەی بنیاتنانی دیموکراسیدا قۆناغی ئینتیقالی یەکێکە لە قۆناغە هەستیارەکان کە وڵاتانێکی کەم توانیویانە بە سەرکەوتویی ئەم قۆناغە تێپەڕێنن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پێداوێستییە سەرەکییەکانی تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە بە سەرکەوتوویی چین؟**

- ئەگەر بە راشکاوی وەڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە، ئەوا دەڵێم لە عێراقدا هەلومەرجەکە یارمەتیدەر نییە بۆ هێنانەدی و بەرەوپێشبردنی دیموکراسی، پێم ناخۆشە ئەمە دەڵێم، بەڵام ئەمە هەقیقەتەکەیە، لەبەر ئەوەی لە عێراقدا دابەشبوون و ناکۆکی ئیتنی و ئایینی لە ئارادایە، هەروەها هێشتا هێزی دەرەکی لە سەر خاکی ئەو وڵاتەدا بوونیان هەیە، لە لایەکی دیکەوە لە سەدا ٨٠ بۆ ٩٠ی داهاتی وڵاتەکە لە رێی فرۆشتنی نەوتەوە بەدەست دەهێنرێت، ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر دیموکراسی هەیە، ناڵێم کوشندەن، بەڵام ئەمانە هۆکارگەلێکن تواناکانی عێراق سنووردار دەکەن. هەرچەندە ئەمە بەو مانایە نایەت کە چیتر عێراق ناتوانێت گەشەبکات و بەرەوپێشبچێت، واتە دەبێت لەم رووەوە گەشبین بین. لە لایەکی دیکەوە ئەوەی پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەبێت، ئەوا کوردەکان هێز و توانایەکی زیاتریان هەیە بە بەراورد بەو هێز و توانایەی لە رابردودا هەیانبوو، هەروەها خاوەنی ئۆتۆنۆمین و لە پێگەیەکدان بتوانن گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا بکەن.

*** زۆرجار لە سەرەتای پرۆسەی بنیاتنانی دیموکراسی و بنیاتنانی دامەزراوە حکومییەکان پارتە سیاسییەکان هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئەم دامەزراوانە دەدەن، یاخود هەوڵی کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات دەدەن بۆ ئەوەی دەسەڵات و دامەزراوەکانی دەسەڵات بەکاربهێنن بۆ برەودان بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین لە قۆناغی ئینتیقالیدا رێگری بکەین لەوەی پارتە سیاسییەکان بەم شێوەیە رەفتار بکەن؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر گەورەیە، لە راستیدا ئەم کارە پێویستی بە دروستبوونی ئەو هێزە جەماوەرییە گەورانە هەیە کە بتوانن سنووری پێکهاتە ئیتنی و تائیفی و ئایینییەکان تێپەڕێنن.

*** هۆکاری شکستی ئەزموونی دیموکراسی لە وڵاتانی دوای کۆمۆنیستی و وڵاتانی ئەمەریکای لاتیندا بریتییە لە مامەڵەی نادروستی پارتە سیاسییەکان لەگەڵ دامەزراوەکانی حکومەت و لەگەڵ دەسەڵاتدا بە شێوەیەکی گشتی، ئایا چۆن دەتوانین ئەو راستیە بۆ پارتە سیاسییەکان روون بکەینەوە کە پێویستە پارتە سیاسییەکان خزمەت بە پرۆسەی حکومڕان و دامەزراوەکانی حکومەت بکەن، نەک ئەم دامەزراوانە بکەنە ئامرازێك بۆ فراوانکردن و برەودان بە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان؟**

- لە راستیدا بارودۆخی وڵاتانی ئەمەریکای لاتین زۆر جیاواز بوو لە بارودۆخی ئێستای عێراق، کە لەو وڵاتانەدا هێزی چەپڕەو هەبوون کە دواتر سەرکوتکران و تێکشکێنران، بەڵام دیموکراسی لە بەرگێکی لیبراڵیدا سەریهەڵدایەوە، لە لایەکی دیکەوە هەلومەرجی عێراقیش جیاوازە لە هەلومەرجی ئەو وڵاتانە، بەهۆی بوونی کێشەی ئیتنی و ئایینی لە عێراقدا و بەهۆی بوونی سەرچاوەیەکی گەورەی نەوتەوە لەو وڵاتەدا.

*** لە زۆربەی وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا کە دیموکراسیەتێکی جێگیر و بازاڕی ئازاد لە ئارادانییە پارتە سیاسییەکان بودجەی حکومەت وەك خەڵات و پاداشت بەسەر لایەنگرەکانیاندا دابەش دەکەن، ئایا ئەم رەفتارەی پارتە سیاسییەکان تا رادەیەك مەترسیدارە لەسەر هەرەسهێنانی پرۆسە دیموکراسیەکە؟**

- ئەمە راستە و ئەمە لە عێراقدا روودەدات، کە پارتە سیاسییەکان دەستیان بەسەر داهاتەکانی نەوتدا گرتووە. دڵنیانیم لە کوردستانیشدا دۆخەکە بەم شێوەیە، رەنگە بە شێوەیەکی نەرمتر یان کاڵتر، بەڵام بارودۆخەکە بەم شێوەیەیە.

*** ئایا ئەگەر پارتە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان کۆنترۆڵی بودجەی حکومەت بکەن، کۆمەڵگە دەتوانێت هەنگاو بەرەو دیموکراسی بوون هەڵبگرێت، چونکە لەم دۆخەدا بایەخ بە برەودان بە کەرتی تایبەت نادرێت و پارتە سیاسییەکان هەوڵدەدەن زۆرترین کەس لە دامەزراوەکانی حکومەتدا دابمەزرێنن، ئەویش لە پێناو راکێشانی لایەنگر و زۆرکردنی جەماوەرەکەیان، ئایا تێڕوانین و لێکدانەوەی ئێوە لەم رووەوە چیە؟**

- پێموایە ئەمە دیاردەیەکە لە زۆرێك لە وڵاتاندا روودەدات، تەنانەت رەنگە لە وڵاتە سەرمایەداریە پیشەسازییەکانیشدا رووبدات، بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکاندا ئەوەیە وەك غەنیمەت مامەڵە لەگەڵ بودجەی وڵاتەکەدا دەکرێت.

*** ئەگەر سەیری وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا بکەین، وەك مالیزیا، یابان و کۆریای باشور ئەو راستیە بەدی دەکەین کە هۆکاری سەرکەوتنی ئەزموونی ئەم وڵاتانە بۆ گەشەپێدانی کەرتی تایبەت دەگەڕێتەوە، بەڵام بۆچی ئەم ئەزموونە لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین و وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵاتدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا؟**

- دەبێت ئەو راستیە بزانین کە تەنها کەرتی تایبەت هۆکاری بەرەوپێشچوونی ئەم وڵاتانە نین، بەڵکو کەرتی تایبەت بە هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتدا توانیتی ئەم دۆخە بهێنێتە ئاراوە، باوەڕم وایە دەکرێت ئەم ئەزموونە لە کوردستانیشدا دووبارە بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی کێشەی ئیتنی و ئایینی لە کوردستاندا نییە، هەرچەندە پارتی سیاسی جیاوازیش هەن کە پێویستە خواستەکانیان لەبەرچاو بگیرێت، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە عێراقەوە هەبێت، ئەوا ئەمە تەحەددایەکە لەبەردەم ئەو وڵاتەدا.

*** ئایا نیشانە و ئاماژەکانی کۆتای هاتنی قۆناغی ئینتیقالی چین، ئەگەر حکومەت هەوڵبدات بگەڕێتەوە بۆ دواوە، چۆن بتوانین ناچاری بکەین کە رێگەی راست هەڵبژێرێت؟**

- ئومێدی هەموو لایەك ئەوەیە عێراق لە قۆناغی ئینتقالیدابێت، بەڵام پێموایە هێشتا عێراق پێی نەناوەتە قۆناغی ئینتیقالیەوە و لە راستیدا هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەش سەرچاوەی گەشبینییەکی زۆر نەبوون لەم رووەوە.

# سەبارەت بە ئاکامی هەڵب
# گوڵان لەگەڵ پسپۆرانی جیهانی تایب



ئەمجارە گوڵان بەبێ ئەوەی بۆچوونی خۆی یان تێڕوانیەکانی سەبارەت بە ئایندەی نەخشەی سیاسیی عێر اق دوای ئاکامی هەڵبژاردنەکان بکاتە هاوپێچی بۆچوونی ئەو پسپۆرە جیهانییانەی بەردەوام شەنوکەوی پرسە گەرمەکانیان لەگەڵ دەکەین، راستەوخۆ بۆچوونی پسپۆران بۆ خوێنەرانمان دەخەینەڕوو، ئێمە لەم شێوازەی لەم راپۆرتە پیادەی دەکەین، مەبەستمان ئەوەیە خوێنەرانمان لە زاری ئەو کەسانەی کە چەندین ساڵە لەسەر دۆسیەی عێراق ئیش دەکەن و لە ناوەندەکانی توێژینەوە، توێژینەوە لەسەر باردۆخی عێراق دەکەن و هەندێك جاریش توێژینەوەکانی ئەو پۆلە پسپۆرەی لەم راپۆرتە بەشداریان کردوین، دەبنە سەرچاوەیەك و ئیدارەی ئەمەریکی سوودی لێوەردەگریت، یان بۆچوونەکانیان دەبێتە جێگەی موناقەشە و مشتومڕ لەسەر ئاستی بەرزی ئیدارەی ئەمەریکی و هەروەها عێراقیش. ئێمە حەزمانکرد راستەوخۆ بە خوێنەری خۆمان بڵێین پسپۆران و تایبەتمەندانی جیهان بەمجۆرە سەیری پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی عێراق دەکەن و هەروەها بەوجۆرە سەرنجی خۆیان سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەتی ئایندەی عێراق و هاوپەیمانی نێوان قەوارە سیاسییەکان بەگشتی و هاوپەیمانی لیستی کوردستان لەگەڵ ئەو قەوارانەی مەزندە دەکرێن بۆ پێکهێنانی حکومەت دوای دانیشتنی یەکەمی پەرلەمانی عێراق، تەکلیف بکرێن.

لەم راپۆرتە مەبەستمان ئەوەبوو پرسیاری دووبارە ئاراستەی هەموو ئەوانە بکەین کە لەم تەوەرە بەشداریان لەگەڵدا کردوین، بە تایبەتی لە رۆڵ و پێگەی لیستی کوردستان بۆ چۆنیەتی گرێدانی هاوپەیمانی و بەشدرایکردنمان وەك نوێنەرانی گەلی کوردستان لە حکومەتی عێراقدا، مەبەستمان بوو بزانین دەرەوە چەند ئامادەیە گوێ بۆ مەرجەکانی کورد لە هاوپەیمانی عێراق رادەگرێت، بەتایبەتی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە ئاشکرا رایگەیاندووە مەرجی گرێدانی هاوپەیمانی کوردستان لەگەڵ هەر لایەکدا بەندە بە پابەندبوونی ئەو لایەنە بە جێبەجێکردنی دەستووری عێراقەوە، ئێمە لە کاتی قسەکردنمان لەسەر ئەم پرسە پرۆفیسۆر ئەمازیا بارام کە زۆر شارەزایە لەو دەربڕینانەی پێکهاتەکانی عێراق دەریدەبڕن، بە پێکنینەوە پێی گوتین داوای ئێوە وەك کورد بۆ جێبەجێکردنی دەستووری عێراق واتە داوای ئەوە دەکەن کە لایەنی بەرامبەر پابەند بێت بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقەوە، ئەمەش واتە ئەگەر لایەنی بەرامبەر ئامادەباشی ئەوەی تێدابێت بەڵێنی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ پیشان بدات، واتە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی دیکەش دەتوانرێت قسەی لەگەڵ بکرێت، بە رای پرۆفیسۆر بارام مەسەلەی پابەندبوون بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بەوجۆرە نابێت کە کورد داوای دەکات، لەبەر ئەوەی ماددەی ١٤٠ لە کاتی جێبەجێکرندا تەفسیری جۆراوجۆر لە خۆی دەگرێت، بۆیە پێشنیاری پرۆفیسۆر بارام بۆ ئێمە بەو جۆرەیە، ئێمە پێش ئەوەی داوای

# ـژاردن و ئایندەی سیاسیی عێراق
# ـەتمەند لەسەر عێراق وتووێژ دەکات



پابەند بوون بکەین بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، لە بەرامبەردا پێویستە وتووێژ لەسەر چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە بکەین و دوای رێککەوتن لەسەر میکانیزمی جێبەجێکردنەکە، ئینجا دەست بە جێبەجێکردنی بکرێت.

پرۆفیسۆر داڤید رۆمانۆش کە ماوەی چەند ساڵێکە راستەوخۆ کار لەسەر کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان یان ناوچە دابڕاوەکان دەکات، ئەو لەم راپۆرتە راشکاوانە هەڵەی فرەلیستی کوردستانی پێ راگەیاندین بەوەی کورد بەو فرەلیستییە زیانی کرد و نزیکەی ٦ کورسی پەرلەمانی عێراقی لەدەست داوە، بەڵام سەبارەت بە چۆنیەتی گرێدانی هاوپەیمانی کورد لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی دیکەی عێراق، پرۆفیسۆر رۆمانۆ گرێدانی هاوپەیمانی لە نێوان کورد و لیستی ئەلعراقیەی ئەیاد عەلاوی بە کارەسات بۆ کورد لەقەڵەم دەدات، ئەمەش نەك لەبەر شەخسی ئەیاد عەلاوی کە سەرۆکی لیستەکەیە، بەڵکو لەبەر پێکهاتەی لیستی ئەلعراقیە کە خەڵکانی وەك ئوسامە نوجەیفی تێدایە کە بەهیچ شێوەیەك ئامادەبەشی ئەوەیان تێدانیە لەگەڵ کورد بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە وتووێژو و هاوکاری بکەن، بۆیە پێشنیاری رۆمانۆ بۆ ئێمە وەك کورد بەوجۆرەیە کە هەوڵبدرێت لەگەڵ لیستی ئیئتلافی دەوڵەتی قانوون (لیستەکەی مالیکی) هاوپەیمانی گرێبدەین، لەبەر ئەوەی مالیکی ئامادەباشی زیاتری تێدایە کە لەگەڵ کورد بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە.

سەبارەت بە یەکگرتوویی خیتابی سیاسی کوردستان لە بەغدا، هەردوو پرۆفیسۆر گاری سیك و ئەمازیا بارام، مەسەلەی یەکگرتوویی خیتابی سیاسیی کوردستان بە گرنگ بۆ ئایندەی کورد لە قەڵەم دەدەن، هەرچی پرۆفیسۆر سیکە پێشنیاری ئەوە بۆ کورد دەکات کە کاری ژیرانە ئەوەیە لە گرێدانی هاوپەیمانی کار بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بکات، بەڵام پرۆفیسۆر بارام ترسی ئەوەی هەیە لیستی ئەلعراقیەی ئەیاد عەلاوی و لیستی دەوڵەتی قانوون پێکەوە بۆ پێکهێنانی حکومەت هاوپەیمانی گرێبدەن، لەم حاڵەدا لەبەر ئەوەی ئەمجارە کورد بە فرەلیستی دەچێتە بەغدا، پرۆفیسۆر بارام ئەو مەترسیەی خستەڕوو، ئەگەر عەلاوی و مالکیی رێکبکەون، بۆ پێکهێنانی حکومەت پێویستیان بە کورد نابێت، بەڵام دەشیانەوێت کوردیان لەگەڵدا بێت بۆ ئەوەی بڵێن لە حکومەتدا کورد بەشدارە بۆیە لەوانەیە بەجیا بێجگە لە هاوپەیمانی کوردستان قسە لەگەڵ لیستەکانی دیکەش بکەن، بە تایبەتی لیستی گۆڕان، ئەو کاتە رایبگەیەنن کە کوردیش لە حکومەتی عێراقدا بەشدارە.

بێگومان خستنەڕووی ئەم پێشنیارانە بەمانای ئەوە نییە کە کورد ئەم پێشهاتانەی لەبەر چاو نەگرتووە، لەبەر ئەوەی ئێستا سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرقاڵی ئەوەیە کە لەگەڵ هەموو قەوارە سیاسییەکانی کوردستان دابنیشێت بۆ ئەوەی کورد بە خیتابێکی سیاسیی یەکگرتووەوە بچێتە بەغدا.

دیڤید ڕۆمانۆ بۆ گوڵان:

# فرەلیستی كوردستان ٦ كورسی پەرلەمانی عێراقی لەكیسی كورددا

پرۆفیسۆر داڤید ڕۆمانۆ كە ئوستادی زانستی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكانە لە زانكۆی رۆدس و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر كێشەی كورد بەگشتی و خاوەنی كتێبی بزوتنەوەی رزگاریخوازی كوردە، ئێستاش كار لەسەر دۆسێی كەركوك دەكات و لەماوەی هەڵبژاردنەكانی عێراقیشدا لە عێراق بووەو لە رۆژانی هەڵبژاردنیشدا لەكەركوك بووە، رۆژی ٢٤ی ئاداریش وتارێكی لە رۆژنامەی (The mark) بەناونیشانی گەشتێك لەدوای هەڵبژاردنەكانی عێراق (Travelling Through Post-Election Iraq) بڵاوكردۆتەوە بۆ زیاتر قسەكردن لەگەڵ ئەم پسپۆرە تایبەتمەندە بە پێویستمان زانی لەسەر پرسی هەڵبژاردن و ئاكامەكانی ئەم وتووێژە لەگەڵ پرۆفیسۆر ڕۆمانۆ ئەنجامبدەین:



*** وەك ئێمە ئاگادراین بەڕێزتان لەكاتی هەڵبژاردنەكان لە عێراق بوون، ئایا ئەگەر پێكهاتە سیاسییەكانی عێراق ئەنجامی هەڵبژاردنەكان قبوڵ نەكەن چ لەسەر ئەرزی واقیع ڕوودەدات؟**

- ئەگەر پێكهاتە سیاسییەكانی عێراق ئەنجامی هەڵبژاردنەكان ڕەتبكەنەوە ئەوا كێشەیەكی گەورە لەو وڵاتەدا سەرهەڵدەدات، لەڕاستیدا لەهەموو هەڵبژاردنێكدا كەموكوڕتی ڕوودەدات، بەڵام ئەو ئاماژانەی ئێمە بەدی دەكەین ئەوەیان لێ دەخوێنرێتەوە كە كێشەكانی ئەم هەڵبژاردنە كەمتر بوون بە بەراورد بەو كێشانەی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكاندا ڕوویانداو چاودێرە نێودەوڵەتییەكانیش بە هەڵبژاردنێكی رێكو پێكیان لەقەڵەمداوە.

*** هەندێ لە چاودێران پێیان وایە نزیكبوونەوەی مالیكی لەگەڵ كوتلەی ئەلحەكیمدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە شیعەكان خوازیاری ئەوەنین پۆستی سەرۆك وەزیران لە دەستی ئەواندا نەبێت، ئایا تا چ ڕادەیەك ئەم یەكگرتنەوەیە دەبێتەهۆی دووبارە سەرهەڵدانەوەی گرژی و ئاڵۆزی نێوان شیعە و سوننەكان لە عێراقدا؟**

- ڕەنگە نزیكی ئەنجامی هەڵبژاردنەكانی هەردوو لیستی سەرەكی لە عێراقدا، لیستی دەوڵەتی قانون و لیستی ئەلعێراقییە تا ڕادەیەك ببێتە هۆی ناسەقامگیركردنی دۆخەكە، لە ڕاستیدا ئەمە ساتێكی پڕ لە تەحەددییە بۆ عێراقییەكان و ئومێدەكە ئەوەیە هەموو لایەك هەست بە بەرپرسیارێتی بكەن و بەرژەوەندی گشتی لەبەرچاوبگرن و نەبنەهۆكارێك بۆ ناسەقامگیركردنی پرۆسە سیاسییەكە لە ڕێی گومان دروستكردن لەسەر شەرعییەتی پرۆسەكەوە.

*** هەروەها هەندێ لە چاودێران لێكنزیكبوونەوەی مالیكی لە لیستی ئەلحەكیم بۆ دەستڕۆیشتوویی و كاریگەری ئێران لە عێراقدا دەگەڕێننەوە، پرسیارەكە ئەوەیە ئایا چۆن ئەو بوارەو ئەو ئازادییە بۆ ئێران دروستبووە بۆ ئەوەی ئەم كارە لە عێراقدا ئەنجامبدات؟**

- ئێمە دەزانین ئێران پتر پشتگیری لە لیستەكەی عەممار ئەلحەكیم و موقتەدا ئەلسەدر دەكرد، بەڵام ئەنجامی هەڵبژاردنەكان ئەوە ئاشكرا دەكەن كە نەیتوانیوە ببنە لیستی یەكەم، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە كە زۆرێك لە شیعەكان دەستڕۆیشتوویی ئێران ڕەتدەكەنەوەو هەر ئەمەش هۆكاری ئەوەبوو كە زۆرینەی شیعەكان متمانەی خۆیان بە مالیكی

ئەگەر پێكهاتە سیاسییەكانی عێراق ئەنجامی هەڵبژاردنەكان ڕەتبكەنەوە ئەوا كێشەیەكی گەورە لەو وڵاتەدا سەرهەڵدەدات

بەخشی، حاڵی حازر لە نێوان مالیکی و عەللاویدا ئێران خوازیارە پشتگیری لە مالیکی بکات. هەروەها ئەگەر باس لە دەستڕۆیشتوویی دەوڵەتە دەرەکییەکان بکەین لە عێراقدا ئەوا ئاشکرایە کە ئەو دەوڵەتانەی لە عێراقدا دەستڕۆیشتوون ئێران و ئەمەریکان کە بەرژەوەندییەکانیان ناکۆك بەیەك و لێکجیاوازن.

*** لەم هەڵبژاردنەی ئەم جارەدا سوننەکان بەشدارییەکی فراوانیان کرد و دەنگ و متمانەی خۆیان بە لیستی ئەلعێراقییە داو ئێستاش باس لەوە دەکرێت کە داوای پۆستی سەرۆك وەزیران دەکەن، لەلایەکی دیکەوە ئێران بەوە ڕازی نابێت کە عەللاوی سەرۆکایەتی حکومەتی عێراق وەربگرێت، ئایا هەڵوێستی دەوڵەتە سوننییەکانی دیکە چۆن دەبێت ئایا سعودییە هیچ کاردانەوەیەکی نابێت؟**

- ئێمە کاردانەوەو وەڵامدانەوەی ئەم دەوڵەتانەمان بەدی کرد کە خۆی لە پشتگیریکردن لە لیستی ئەلعێراقییەدا بینیەوە، هەرچەندە عەللاوی کەسێکی شیعەیە، بەڵام ئەو وەك کەسایەتییەکی نەتەوەیی و عەلمانی خۆی دەخاتەڕوو، واتە ئەمە کاردانەوەی ئەم دەوڵەتانە بوو بۆ ئەو پاڵپشتییەی کە ئێران لە لیستی ئەلحەکیم و تا ڕادەیەك لە لیستەکەی ئەل مالیکی دەکرد. ئێستا کێشەکە ئەوەیە عەللاوی دۆست و هاوپەیمانی ڕاستەقینەی نییە لە عێراقدا، بۆ نموونە کوردەکان تا دوا ڕادە بەدگومانن لە لیستی ئەلعێراقییە، هەرچەندە کێشەیان لەگەڵ خودی عەللاوی خۆیدا نییە، بەڵام کێشەیان لەگەڵ کەسایەتی و لایەنەکانی ئەم لیستەدا هەیە، وەك ساڵح موتڵەگ و لیستی ئەلحەدبا، هەروەها مالیکی عەللاوی بەرکابەری سەرەکی خۆی دەزانێت، بە هەمان شێوەی لیستەکەی ئەلحەکیمیش کێشەی گەورەیان لەگەڵ لیستی ئەلعێراقییەدا هەیە. لە هەمان کاتدا ئەو ڕێژەیەی عەللاوی لە هەڵبژاردنەکاندا بەدەستی هێناوە ڕێگەی پێنادات بە تەنها حکومڕانێتی بکات، یاخود حکومەت پێکبهێنێت.

*** چۆن لە هەڵوێست و پێگەی کوردەکان دەڕوانیت لە هاوکێشەی نوێی عێراقدا، کە ئێمە دەزانین کە مالیکی یاخود عەللاوی حکومەت پێکبهێنێت ناتوانێت بەشداری بەکوردەکان نەکات لە حکومەتەکەیدا، واتە لەم ڕووەوە کوردەکان ئەو ڕۆڵە دەبینن کە پێی دەڵێن (king maker)، ئایا ئەم ڕۆڵە گرنگەی کوردەکان تا چ ڕادەیەك دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان کورد و عەرەبەکان لە داهاتوودا؟**

- کوردەکان خوازیاری ئەوەنین حکومڕانێتی بەغدا بکەن، بەڵکو نیگەرانی سەرەکی ئەوان بایەخدانە بەو دۆخەی لە باکوری وڵاتەکەدا هەیانە، لە هەمان کاتدا بە بەراورد بە ڕابردوو لە هەڵبژاردنی ئەم جارەدا کوردەکان ڕێژەیەکی کەمتریان بەدەستهێنا، یەکەم بەهۆی بەشداری بەرفراوانی سوننەکان و دووەم بەهۆی بوونی فرەلیستی لە کوردستاندا. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ ببینن. هەرچۆنێك بێت پێم وایە کارێکی دژوارە کوردەکان هاوپەیمانێتی لەگەڵ لیستی ئەلعێراقییەدا پێکبهێنن، لەبەر ئەوەی ئەم لیستە ناتوانێت داواکارییەکانی کوردەکان بهێنێتەدی، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و پرسی فیدراڵییەتەوە هەبێت.

*** ئایا تا چ ڕادەیەك لایەنەکانی شیعە و سوننە لە عێراقدا دەتوانن خۆیان پابەندبکەن بە جێبەجێکردنی دەستورەوە؟**

- من پێم وایە شیعەکان لە نێویاندا مالیکی دەتوانن بە زۆرێك لە داواکاری کوردەکان ڕازی بن و دەتوانن بەڵێنی زۆریش بە کوردەکان بدەن، ڕەنگە هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە لە ڕووی جوگرافییەوە شیعەکان دوورن لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و ڕەنگە بە چەشنی لیستی ئەلعێراقییە بایەخ بە ناوچەکانی موسڵ و کەرکوك و دیالە نەدەن، ئەمەش ڕێگە خۆش دەکات بۆ ئەوەی سازشی زیاتر لەسەر ئەم پرسە بکەن لەگەڵ کوردەکاندا.

*** باس لەوە دەکرێت کە مالیکی ئامادە نییە دەست لە پۆستی سەرۆك وەزیران هەڵبگرێت، ئەمە لە کاتێکدا کە لیستی ئەلعێراقییە لە پێش لیستی ئەلمالیکییەوەیە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەگەری دووبارە سەرهەڵدانەوەی توندوتیژی و ئاڵۆزی لە نێوان شیعە و سوننەکاندا لە ئارادایە؟**

- لە ڕاستیدا مەترسی لە ئارادایە، بە تایبەتی ئەگەر حکومەتی نوێ پێکهێنرا بێ بەشداریکردنی لیستی ئەلعێراقییە، هەروەها ئەگەر دەرفەت بدرێت بە عەللاوی بۆ ئەوەی حکومەت پێکبهێنێت ئەوا ئەگەری ئەوە لە ئارادایە نەتوانێت بە سەرکەوتوویی ئەم حکومەتە پێکبهێنێت، ئەمەش بوار دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی مالیکی تەکلیف بکرێتەوە بۆ ئەم ئەرکە، کە لەم حاڵەتەدا ئەگەر هاتوو لیستی ئەلعێراقییە لە دەرەوەی بازنەی هەوڵەکانی پێکهێنانی حکومەتدا مایەوە، ئەوا ڕەنگە دۆخێکی دژوار لە عێراقدا دروست بێت.

*** ئەگەر دووبارە توندوتیژی ڕوویداتەوە، ئایا ئەمە تا چ ڕادەیەك یەکگرتوویی عێراق دەخاتە مەترسییەوە؟ بە تایبەتی ئێمە دەزانین کە هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا پاشەکشە دەکەن؟**

- پێموایە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دوای کۆتایی هاتنی خشتەی زەمەنی کشاندنەوەی هێزەکانی نزیکەی ٥٠ هەزار سەربازێك لە عێراقدا جێگیر دەکات، بە تایبەتی لە باکوری وڵاتەکەدا. لە لایەکی دیکەوە ئەوە ڕوونە کە سەردەم و ڕۆژگاری ئەلقاعیدە لە عێراقدا کۆتای هاتووە ئێستا ڕکابەری و ململانێیەکە لە نێوان گروپە سیاسییەکانی عێراقدایە و من گەشبینم لەو ڕووەوە کە پێکهاتە و لایەنە سیاسییەکانی عێراق لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا دەبن و ژیرانە ڕەفتار دەکەن و هەوڵدەدەن ڕێگری لە هەر کارێك بکەن کە سەربکێشێت بۆ ڕوودانی شەڕێکی ناوخۆیی بەربڵاو.

*** چۆن بارودۆخی هەرێمی کوردستان دەبینیت؟**

- پێموایە پێویستە کوردەکان پەرە بە تواناکانی هێزی پێشمەرگە بدەن، بە چەشنێك هەمیشە لە ئامادەباشیدا بن، ئەمەش باشترین زەمانەتە بۆ ئەوەی ناچاری نەبن ئەم هێزە بەکاربهێنن.

*** دوا وتەت چییە؟**

- ئەوەی جێی داخە لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا دەنگی کوردەکان پەرت و بڵاوبوون، ئەویش بەهۆی بوونی فرە لیستییەوە، کە دەکرا بە هۆی یەك لیستییەوە کوردەکان نزیکەی ٦ کورسی زیاتریان لە پەرلەمانی عێراقدا بەدەستبهێنایە، بەڵام دەنگان دابەشبوون بەهۆی بوونی لیستی گۆڕان و یەکگرتوو کۆمەڵەوە، کە دەکرا پاڵێوراوە جیاوازەکان لە چوارچێوەی یەك لیستەدا ڕکابەرێتی یەکتریان بکردایە، چونکە دەنگدانەکە بە لیستی کراوەبوو، واتە پێموایە سەرەڕای ئەوەی لیستی گۆڕان ناکۆکی هەیە لەگەڵ ئەدای پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا، بەڵام دەبوو لە چوارچێوەی یەك لیستدا بەشداری بکردایە و هێز و توانا و گوڕوتینی خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی شارەوانی هەڵگرتایە. هەرچەندە لیستی گۆڕان ئەوەیان دووپات کردووە کە ئەوان لە مەسەلە سەرەکی و جەوهەرییەکاندا هاوهەڵوێست دەبن لەگەڵ لیستە کوردییەکانی دیکەدا.

**ڕەنگە نزیکی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی هەردوو لیستی سەرەکی لە عێراقدا، لیستی دەوڵەتی قانون و لیستی ئەلعێراقییە تا ڕادەیەك ببێتە هۆی ناسەقامگیرکردنی دۆخەکە**

**ئێران خوازیارە پشتگیری لە مالیکی بکات**

بابەکی رەحیمی بۆ گوڵان:

# هەرچۆنێک حکومەت پێکبهێنرێت ناتوانرێت کورد فەرامۆش بکرێت و ئایەتوڵلا سیستانیش قبوڵ ناکات کورد فەرامۆش بکرێت

**پرۆفیسۆر بابەکی رەحیمی ئوستادی دیراساتی ئێرانی و ئیسلامییە لە زانکۆی کالیفۆرنیا و پسپۆرە لەسەر شیعەگەرایی عێراق و رۆڵی شیعە لە نەخشەی سیاسیی عێراقدا، کتێبێکی بە ناونیشانی (ئایەتوڵلا سیستانی پرۆسەی بە دیموکراتیکردنی عێراق) نووسیوە، پرۆفیسۆر رەحیمی لەرووی رۆڵی تائیفەگەری کەسێکی شارەزایە لە باردۆخی سیاسیی عێراق، سەبارەت بە رەوشی ئایندەی عێراق بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**



*** هەڵبژاردنەکانی عێراق بە باشی بەرێوەچوون و تێکرای پێکهاتە سیاسییەکان بەشداریان تێداکرد. بە تیروانینی ئێوە چۆن ئەم هەڵبژاردنانە دەبنە هۆی دووبارە رێکخستنەوەی نەخشەی سیاسی عێراق؟**

- ئەوەی جێی سەرنج بوو لەم هەڵبژاردنانەدا ئەوەیە چۆن ناسیۆنالیزمی عێراقی هەنگاو بە بەهەنگاو جێی سیاسەتی تایەفەگەری دەگرێتەوە. ئەمە هەواڵێکی خۆشە بۆ ئەو دیموکراسیە نوێیەی لە عێراقدا لە ئارادایە. حاڵی حازر لیستەکەی مالیکی، کە لیستی دەوڵەتی قانونە بانگەشەی ئەوەدەکات کە لیستێکی تایەفەگەری نییە، بەڵام چەندین رواڵەت لەم لیستەدا هەن کە وای لێدەکەن وەك پارتێکی سیاسی شیعی دەربکەوێت، لەگەڵ هەڵکشانی لیستی ئەلعێراقیەی عەللاویدا، پێدەچێت دیموکراسیەتی نوێی عێراق بەرەو نەخشەیەی سیاسی نوێ هەنگاو هەڵبگرێت کە لە بری ئەوەی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی تائیفی بنیاتنرابێت، لەسەر بنەمای ململانێی حزبی و بەرژەوەندی سیاسی بنیاتنراوە. لێرەدا ناتوانین ئەوە رابگەیەنین کە عێراق دەبێتە دەوڵەتێکی عەلمانی، بەڵکو دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە حاڵی حازر عەلمانییەت زیاتر رۆڵێکی یەکلاکەرەوە لە ژیانی حزبایەتی لە عێراقدا دەبینێت.

لەگەڵ هەڵکشانی لیستی ئەلعێراقیەی عەللاویدا، پێدەچێت دیموکراسیەتی نوێی عێراق بەرەو نەخشەیەی سیاسی نوێ هەنگاو هەڵبگرێت

*** بەپێی ئاکەمەکانی هەڵبژاردن، هیچ یەکێك لە پێکهاتە سیاسییەکان نەیانتوانیوە بۆ پێکهێنانی حکومەت دەنگی پێویست بەدەست بهێنن. لەم حاڵەتەدا دەبێت ئەم لایەنە سیاسییانە پشت بە دروستکردنی هاوپەیمانێتی بۆ پێکهێنانی حکومەت ببەستن. حکومەتێك تێکرای ئەم لایەنانە لەخۆبگرێت، کەواتە بەپێی تێروانینی ئێوە پێکهێنانی ئەم جۆرە حکومەتە چەند دەخایەنێت؟**

- پێموایە لەبەر ئەوەی سروشتی سیاسەتی تەوافوقی (بۆ نموونە سیستمی پەرلەمانی)، دابەشبوون لەخۆدەگرێت، ئەوا ماوەی پێکهێنانی حکومەت لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە کارێکی پڕ لە پشێوی دەبێت. ئەمە بەو مانایە دێت عەللاوی و مالیکی کە کێشەی شەخسیش لە نێوانیاندا هەیە، دەتوانن حکومەتێك پێکبهێنن کە لە شیعە و سوننە نەتەوەخوازەکان پێکهاتبێت. هەرچەندە ئەم هاوپەیمانێتیە ناتوانێت لایەنە کوردییەکان فەرامۆش بکات، کەواتە دەبێتە هاوپەیمانێتییەکی فرە ئیتنی و فرە تائیفی. بەڵام پرسیارەکەی من لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەمە هاوپەیمانێتیەکی سەقامگیر دەبێت. ئەو هۆکارەی کە لەم رووەوە کاریگەرییەکی زۆری هەیە بریتییە لە کێشەی ئاڵۆزی

بەعسیزم و چۆنییەتی بەڕێوەبردنی پرۆسەی ڕیشەکێشکردنی بەعس لە لایەن حکومەتی مالیکییەوە لە چەند مانگی ڕابردودا. پێموایە گرژی و ئاڵۆزی نێوان ئەو دوو هاوپەیمانێتییە لە ئاستێکی باڵادایە. ئەو سیناریۆیەی زیاتر ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت ڕووبدات، پێکهێنانی حکومەتە لە نێوان مالیکی و هاوپەیمانێتی نەتەوەیی عێراقیدا، کە ئەمەی دواییان لە لایەن ئەلجەعفەری و عەممار ئەلحەکیمەوە سەرکردایەتی دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەنگە ئەم هاوپەیمانێتیە عێراق بگەڕێنێتەوە بۆ پیادەکردنی ئەو سیاسەتە تائیفییەی لە ساڵی ٢٠٠٥دا بینیمان. بەهەرحاڵ، پێموایە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت پرۆسەیەکی قورس دەبێت و (ئەگەر گەشبین بین) بەلای کەمەوە تاوەکو سەرەتای وەرزی هاوین دەخایەنێت.

*** لەم هەڵبژاردنانەدا کورد یەکێک لە چوار لایەنە بەهێزەکەی پەرلەمانی عێراق. هەروەها هەموو لایەنەکانی دیکە مالیکی، عەللاوی یاخود عەممار ئەلحەکیم ئامادەن هاوپەیمانێتی لەگەڵ کورددا بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ بکەن، بە شێوەیەکی گشتی چۆن گرنگی کوردەکان لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا هەڵدەسەنگێنیت؟**

- ناتوانم تەسەوری حکومەتێکی عێراقی بکەم (بە چاوپۆشین لەوەی لەلایەن مالیکی یاخود عەللاوییەوە سەرکردایەتی دەکرێت) کە لایەنە کوردییەکان تێیدا بەشدار نەبن. ئەمە دەبێتە خۆکوشتنێکی سیاسی و تەنانەت کەسایەتی شیعەکان ئایەتوڵا سیستانیش ڕێگە بە کارێکی لەم چەشنە نادات. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەی ڕوون نییە ئەوەیە تا چ ڕادەیەک ڕێگە بە کوردەکان دەدرێت لە حکومەتی داهاتوودا بەشداری لە پرۆسەی بڕیارسازیدا بکەن. لە ڕاستیدا ئەمە لە بەشێکی زۆریدا دەوەستێتەسەر ئەوەی چ لایەنگەلێک حکومەت پێکدەهێنن. مەزەندی من ئەوەیە نە مالیکی و نە عەللاوی بە تەواوەتی داواکارییەکانی کورد ناهێننەدی، بە تایبەتی لە کێشە سەرەکییەکانی وەک کێشەی کەرکوکدا.

*** بەشداری کوردەکان ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە جێبەجێکردنی دەستوورەوە، کەواتە کوردەکان ئامادەن هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەو لایەنانەدا بکەن کە زیاتر ڕێز لە دەستوور دەگرن. کەواتە تا چ ڕادەیەک ئەمەریکا پشتگیری لە عێراقییەکان دەکات بۆ ئەوەی پشت بە دەستوور ببەستن؟**

- بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا تەنها لە پێکهێنانی دیموکراسیەتێکی دەستووریدا کورت نابێتەوە، بەڵکو بەرژەوەندی لەوەدایە حکومەتێکی سەقامگیر لە عێراقدا دروست بێت کە ڕێگە لە ئیسلامییە سوننە و لایەنە نزیکەکان لە ئێران بگرێت، تاوەکو دەسەڵاتی خۆیان بەسەر وڵاتەکەدا نەسەپێنن. لە زۆر ڕووەوە پێشتر و ئێستاش ئامانجی ئەمەریکا ئەوە بووە ئارامی و ئاسایش لە عێراقدا بچەسپێت و دەستووری وڵاتەکە ببێتە بناغەیەک بۆ حکومەتێکی سەقامگیر. تاوەکو ئامانجە ئەمنییەکان بەهۆی گرتنەبەری ئامرازە دیموکراسییەکانەوە بەدی بهێنرێت، ئەمەریکا عێراقییەکان هاندەدات بۆ ئەوەی پشت بە سیاسەتێك ببەستن کە گونجاو بێت لەگەڵ دەستووردا.

*** ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە حکومەتی داهاتووی عێراق ڕووبەڕووی دوو کێشەی گەورە دەبێتەوە، کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی مەرکەزی، هەروەها چارەسەرکردنی کێشەی بودجە و یاسای نەوت و گاز و جێبەجێکردنی یاسا فیدراڵییەکان، ئایا تا چ ڕادەیەک حکومەتی داهاتوو دەبێت کار بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بکات، بە تایبەتی کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقی بۆ ئەوەی کوردەکانیش زیاتر هاوکاری لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی عێراق بوونەتەوە، بکەن؟**

- گرنگە بەغدا لە پرۆسەی بڕیارسازیدا بەشداری بە کوردەکان بکات بۆ ئەوەی زەمینەی سازشکردن لە نێوان لایەنە جیاوازەکاندا بڕەخسێت. ئەگەر کوردەکان دووربخرێنەوە و بەشداریان پێنەکرێت، ئەوا بەغدا ڕووبەڕووی چەندین کێشەی دەستووری گەورە دەبێتەوە. بە تایبەتی جێبەجێکردنی یاسا فیدراڵییەکان لە ناوچە نیمچە ئۆتۆنۆمییەکانی کوردەکاندا.

*** هەموو شارەزایانی باروودۆخی عێراق کۆکن لەسەر ئەوەی کە دەبێت حکومەتی داهاتوو حکومەتێکی نیشتمانی بێت و ڕەنگدانەوەی هەمەڕەنگی نەخشە سیاسییەکەی عێراق بێت، هەروەها دەبێت پشت بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و هاوپەیمانێتیە سیاسییەکان ببەسترێت بۆ پێکهێنانی حکومەت کە تێیدا هەموولایەنێکی سیاسی پشت بە لایەنەکانی دیکە ببەستێت و بە تەنها ئەرکی دروستکردنی حکومەتی نەکەوێتە ئەستۆ، تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- تەنها و تەنها ئەو کاتە دەتوانرێت ئەم ئامانجە بهێنرێتەدی کە پرۆسە سیاسییەکەی دوای هەڵبژاردن وەک پرۆسەیەکی شەفاف لێی بڕوانرێت. ئەگەر عێراق دووچاری هەمان ئەو کێشەیە بێتەوە کە لە تەمموزی ساڵی ٢٠٠٩دا دووچاری ئێران بوویەوە، ئەوا حکومەتی داهاتووی عێراق کێشەی شەرعیەتی دەبێت. کە ئەم پرسە زۆر گرنگترە لە پرسی ئەوەی کەی و چۆن حکومەت پێکدەهێنرێت.

*** هێشتا بۆ پێکهێنانی حکومەت عێراق پێویستی بە هاوپەیمانێتیە سیاسییەکانە، لەبەر ئەوەی هێشتا عێراق قۆناغی ئینتیقالی تێنەپەڕاندووە، ئایا ئێوە چۆن لە پشتیوانی ئەمەریکا بۆ عێراق دەڕوانن؟**

- ئەمەریکا دەتوانێت بەردەوام بێت لەسەر دابینکردنی یارمەتی لۆجیستی و هەواڵگری بۆ سوپای عێراقی بۆ ئەوەی ئەم سوپایە بەردەوام بێت لە سەقامگیرکردنی دۆخی وڵاتەکە. دەکرێت و پێویستە ئەمە وەک ئامانجی سەرەکی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا بمێنێتەوە. هەر هەوڵێکی ئەمەریکا بۆ دەستێوەردان لەو دیموکراسیەتە نوێیەی لە عێراقدا لە ئارادایە، زیان بە شەرعیەتی حکومەتی تازە هەڵبژێردراوی عێراق دەگەیەنێت.

*** ئەوە ئاشکرایە کە ئیدارەی ئۆباما بڕیاری پابەندبوونی داوە بە کشاندنەوەی هێزەکانی لە عێراقدا، ئایا ئەمەریکا تا چ ڕادەیەک پشتیوانی حکومەتی عێراق دەکات پێش ئەوەی هێزەکانی لەو وڵاتە پاشەکشە پێبکات؟**

- واشنتۆن ئەو ڕاستییە دەزانێت کە هێشتا سوپای عێراق پشت بە هێزەکانی ئەمەریکا دەبەستێت. کەواتە ئەمەریکا بەردەوام دەبێت لە پشتگیریکردنی حکومەتی داهاتوو نەك لە بوارەکانی پەیوەست بە حکومڕانییەوە (بە چەشنی ئەوەی لە ساڵەکانی ٢٠٠٣، ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥دا بینیمان)، بەڵکو لە بواری ئەمنیدا پشتگیری دەکات، کە لایەنی ئەمنیش وەک هۆکارێکی سەرەکی دەمێنێتەوە لەوەی بە چ ڕەوتێکی خێرا هێزەکانی ئەمەریکا عێراق جێبهێڵن.

*** ئایا ڕاسپاردەی ئێوە بۆ کوردەکان چییە بۆ ئەوەی درێژە بەو ڕۆڵە بدەن کە لە ماوەی شەش بۆ حەوت ساڵی ڕابردودا لە عێراق بینویانە؟**

- پێموایە گرنگە کوردەکان لە گەمەی سیاسیدا کار لەسەر هێنانەدی سازشکردن و ڕێککەوتن بکەن لەڕێی ئەنجامدانی گفتوگۆوە. ئەمە بەو مانایە نایەت کە دەبێت کوردەکان دەست لە مافەکانی خۆیان لە بواری سەروەریدا هەڵبگرن. بەڵکو دەبێت ئەو ڕاستییەیان لەبەرچاوبێت کە هێشتا ئەوان پەیوەندی زۆر نزیکیان لەگەڵ بەشە عەرەبییەکەی عێراقدا هەیە و لە ئێستاشدا دەبێت کار بۆ پاراستنی ئەو پەیوەندییانە بکرێت لە پێناو پاراستنی نەتەوەی عێراق و کوردستانی عێراقدا.

**ماوەی پێکهێنانی حکومەت لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە کارێکی پڕ لە پشێوی دەبێت**

**ئەوەیە نە مالیکی و نە عەللاوی بە تەواوەتی داواکارییەکانی کورد ناهێننەدی**

گاری سیك بۆ گوڵان:

# كورد ڕۆڵی زۆر گرنگی لە هاوكێشەی سیاسیی عێراقدا دەبێت، كارێكی ژیرانە دەكەن هێز و سەنگی خۆیان بەكار بهێنن بۆ پێكهێنانی هاوپەیمانێتی

**دبلۆماتكاری گەورەی ئەمەریكی و تایبەتمەندی ناسراو لەسەر كێشەی دەوڵەتانی كەنداو ئێران و عێراق، پرۆفیسۆر گاری جەی سیك، ئێستا بەڕێوەبەری پرۆژەی ٢٠٠٠ی كەنداوە و پێشتریش لە ٣ پۆستی لەسەر یەكی فۆرد و كارتەر و ڕێگان دا، ئەندامی ستافی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی ئەمەریكا بووە، هەروەها جێگری سەرۆكی فۆرد فاوەندەیشن بووە بۆ كاروباری نێودەوڵەتی، بۆ قسەكردن لەسەر ئاكامی هەڵبژاردنەكانی عێراق و ئاییندەی نەخشەی سیاسیی عێراق، پرۆفیسۆر سیك بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

زۆرێك لە سوننەكانیش دەنگ و متمانەیان بە عەللاوی بەخشیوە، ئەمەش حاڵەتێكی تەندروستە و ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە، ئەو لیستە لیستێكی تەواو تائیفی نییە و ئەمەش ئەنجامی ئیجابی لێدەكەوێتەوە



*** بارودۆخی ئێستای عێراق لە روانگەی ئەو هەڵبژاردنانەی ئەنجامدران چۆن دەبینیت ؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە پرۆسەی دیموكراسییەوە هەبێت بەئیجابی دەبینم، بەهۆی ئەوەی دوو لیستی گەورە لە ئارادان كە خاوەنی بیروبۆچونی جیاوازن ئەم دوو لیستە لە ڕووی ڕێژەیی ئەو دەنگانەی بەدەستیان هێناوە زۆر لێكنزیكن، ئەمەش حاڵەتێكی تەندروستە.

*** ئاشكرایە كێشەكانی عێراق لە ئێستادا پەیوەستن بەئەنجامی هەڵبژاردنەكانەوە، بۆ نموونە مالیكی بە ئاشكرا ڕایدەگەیەنێت كە ئەنجامی هەڵبژاردنەكان قبوڵ ناكات و داوای دووبارە فەرزكردنەوەی دەنگەكان دەكات، پرسیارەكە ئەوەیە ئەگەر پێكهاتە سیاسییەكانی عێراق ئەنجامی هەڵبژاردنەكان قبوڵ نەكەن چ لەسەر ئەرزی واقیع ڕوودەدات؟**

- ئەوە لە ئارادایە سكاڵاكردنە و ئەمەش لە هەموو وڵاتێكدا ڕوودەدات كە ئەنجامەكان لێكنزیكبن، ئەمەش شتێكی نائاسایی نییە، هەروەها تائێستا هیچ لایەنێكی ڕای نەگەیاندووە ئەنجامەكان ڕەت دەكاتەوە، بەڵكو هەوڵەكان بۆ باشتركردنی ئەنجامەكانیانەوە بە تیروانینی من ئەمە مایەی مەترسی و هەڕەشە نییە.

*** هەندێ لە چاودێران پێیان وایە نزیكبوونەوەی مالیكی لەگەڵ كوتلەی ئەلحەكیمدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە شیعەكان خوازیاری ئەوەنین پۆستی سەرۆك وەزیران لە دەستی ئەواندا نەبێت، واتە بۆ پاراستنی ئەم پۆستە دەیانەوێت ببنە كوتلەیەكی یەكگرتوو، چونكە بەپێی ئەنجامە نارەسمییەكان هەر یەك لە لیستی دەوڵەتی قانون و لیستی عەممار ئەلحەكیم ڕێژەیەكی كەمتریان لە لیستی ئەل عێراقییە بەدەستهێناوە، ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەم یەكگرتنەوەیە دەبێتەهۆی دووبارە سەرهەڵدانەوەی گرژی و ئاڵۆزی نێوان شیعە و سوننەكان لە عێراقدا؟**

- لە ڕاستیدا من ئەوە بە نیشانەیەكی باش دەزانم كە تاكە لیستێكی شیعە نەبوو لە بەرامبەر لیستێكی دیكەی سوننە لە هەڵبژاردنەكاندا، هەرچەندە عەللاویش لە ڕووی تائیفییەوە شیعەیە، بەڵام بانگەشەكانی ئەو نیشتمانی بوونە و ئەو ڕاستییەی كە زۆرێك لە سوننەكانیش دەنگ و متمانەیان بە عەللاوی بەخشیوە،ئەمەش حاڵەتێكی تەندروستە و ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە، ئەو لیستە لیستێكی تەواو تائیفی نییە و ئەمەش ئەنجامی ئیجابی لێدەكەوێتەوە.

*** هەندێ لە چاودێران لێكنزیكبوونەوەی مالیكی لە لیستی ئەلحەكیم بۆ دەستڕۆیشتوویی و كاریگەری ئێران لە عێراقدا دەگەڕێننەوە، پرسیارەكە ئەوەیە ئایا چۆن ئەو بوارەو ئەو ئازادایییە بۆ ئێران دروستبووە بۆ ئەوەی ئەم كارە لە عێراقدا ئەنجامبدات؟**

- لە ڕاستیدا ئێران هەوڵدەدات ئەوەندەی مومكینە دەستڕۆیشتوویی و دەستێوەردانی خۆی لە عێراقدا درێژبكاتەوە، من باوەڕم وایە ئێران لەم ڕووەوە زۆر سەركەوتوو نەبووە، لەبەر ئەوەی هیچ یەكێك لە لیستەكانی مالیكی و ئەلحەكیم نوێنەرایەتی ئێران ناكەن و هەڵەیە ئەگەر بیركردنەوەی ئێمە بەو شێوەیە بێت، كە ئەم دوو لیستە

نوێنەرایەتی ئێران دەکەن لە عێراقدا. دواتر ئاساییە ئەو دوو لیستەی لە عێراقدا دەنگەکانیان لێکنزیکە هەوڵی دروستکردنی هاوپەیمانێتی بدەن بۆ فراوانکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و ئەم شتێکی سروشتییە و لە هەموو وڵاتێکی دنیادا ئەمە ڕوودەدات.

*** ئاشکرایە کە دەستێوەردانی دەرەکی هەبووە لە هەڵبژاردنەکاندا، هەروەها لەم هەڵبژاردنەی ئەم جارەدا سوننەکان بەشدارییەکی فراوانیان کرد و دەنگ و متمانەی خۆیان بە لیستی ئەلعێراقییە داو ئێستاش باس لەوە دەکرێت کە داوای پۆستی سەرۆک وەزیران دەکەن، لەلایەکی دیکەوە ئێران بەوە ڕازی نابێت کە عەللاوی سەرۆکایەتی حکومەتی عێراق وەربگرێت، ئایا هەڵوێستی دەوڵەتە سوننەیەکانی دیکە چۆن دەبێت ئایا سعودییە هیچ کاردانەوەیەکی نابێت؟**

- سعودییە هەر لە سەرەتاوە خۆی لە پێگەو دۆخێکی دژواردا بینییەوە، بە تایبەتی ئەو کاتەی کە سوننەکان موقاتەعەی هەڵبژاردنەکانیان کرد و لە دەرەوەی پرۆسە سیاسییەکە مانەوە، بەڵام ئەمجارەیان دەرسیان لەم کارەی ڕابردوویان وەرگرت و لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەدا بە چڕی بەشدارییان کرد، حاڵی حازر سعودییە و وڵاتی ئوردنیش خوازیارن پشتگیری لە سوننەکانی عێراق بکەن، هەروەها تێکڕای وڵاتانی دیکەش هەوڵی ئەوە دەدەن کاریگەرییان هەبێت لە عێراقدا، وەك سوریا و تورکیا، ئەوەی ئیجابییە لەم ڕووەوە ئەوەیە لایەنە عێراقییەکان پشتگیری ئەم دەوڵەتانە قبوڵ دەکەن، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە بە شێوەیەکی سەربەخۆ هەڵسوکەوت دەکەن و بڕیار دەدەن.

*** چۆن لە هەڵوێست و پێگەی کوردەکان دەڕوانیت لە هاوکێشەی نوێی عێراقدا، کە ئێمە دەزانین کە مالیکی یاخود عەللاوی حکومەت پێکبهێنێت ناتوانێت بەشداری بە کوردەکان نەکات لە حکومەتەکەیدا، واتە لەم ڕووەوە کوردەکان ئەو ڕۆڵە دەبینن کە پێی دەڵێن (king maker)،ئایا ئەم ڕۆڵە گرنگەی کوردەکان تا چ ڕادەیەك دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان کورد و عەرەبەکان لە داهاتوودا؟**

- پێم وایە کوردەکان لەهاوکێشەی نوێی عێراقدا ڕۆڵی زۆر گرنگیان هەیە، هەروەها کارێکی زۆر ئیجابییە کە کوردەکان هێز و سەنگی خۆیان بەکار بهێنن بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتی، واتە ئەو نیشانەیەکی زۆر ئیجابییە کە لایەنەکان پاشاکشە ناکەن بۆ ناوچەکانی خۆیان و پەنا بۆ چەك نابەن، بەڵکو لە ڕێی سندوقی دەنگدانەوە کێشەکان یەکلادەکەنەوەو من باوەڕم وایە کوردەکان کارێکی ژیرانە دەکەن ئەگەر پێگەو دەستڕۆیشتوویی خۆیان بەکاربهێنن بۆ ئەوەی سەنگی سیاسی خۆیان لە وڵاتەکەدا زیاتر بکەن و کۆشش بۆ فراوانکردن و باشترکردنی بەرژەوەندییەکانیان بکەن لە وڵاتەکەدا.

*** کوردەکان مەرجی بەشداریکردنیان لە حکومەتدا گرێداوەتەوە بە پابەندبوون بە جێبەجێکردنی دەستوری عێراقەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕادەیەك لایەنەکانی شیعە و سوننە لە عێراقدا دەتوانن خۆیان پابەندکەن بە جێبەجێکردنی دەستورەوە؟**

- من ناتوانم پێشبینی ئایندە بکەم، بەڵام ئەو ڕاستییەی کە لایەنەکان هەوڵدەدەن لە ڕێی سندوقەکانی دەنگدان و پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەوە سەنگی سیاسی خۆیان زیاد بکەن و ئەو ڕاستییەی کە چیتر باس لە ڕوودانی شەڕی ناوخۆ ناکرێت من بە بەرەوپێشچونێکی ڕاستەقینەی دەزانم، هەرچەندە دەزانم کە هێشتا کەموکورتی زۆرەو هیچ لایەنێکیش لە عێراقدا بە تەواوەتی خۆشحاڵ نییە بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان. کەواتە من لەم ڕووەوە گەشبینم. لەبەر ئەوەی ڕاستە پێویستە لایەنەکان لەگەڵ یەکدا سازش بکەن، بەڵام من هیچ ئاماژەیەك بەدی ناکەم کە جیاوازی و ناکۆکی نێوان لایەنەکان سەربکێشێت بۆ پەنابردن بۆ توندوتیژی و بەرپاکردنی شەڕی ناوخۆ.

*** ئەگەر دووبارە توندوتیژی ڕوویداتەوە، ئایا ئەمە تا چ ڕادەیەك یەکگرتوویی عێراق دەخاتە مەترسییەوە؟**

- ئێمە دەزانین کە چەند ساڵێك پێش ئێستا عێراق بە شەڕێکی ناوخۆیی سەخت و دژواردا تێپەڕی کە چەندین کەس تێیدا بوونە قوربانی و چەندین کەس ناچارکران ماڵوحاڵی خۆیان جێبهێڵن، بەڵام ئەو کاتەش عێراق لەبەریەکهەڵنەوەشایەوەو ئەو کاتەش عێراق پارچە پارچە نەبوو.



**هیچ یەکێک لە لیستەکانی مالیکی و ئەلحەکیم نوێنەرایەتی ئێران ناکەن و هەڵەیە ئەگەر بیرکردنەوەی ئێمە بەو شێوەیە بێت**

**لایەنە عێراقییەکان پشتگیری ئەم دەوڵەتانە قبوڵ دەکەن، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە بە شێوەیەکی سەربەخۆ هەڵسوکەوت دەکەن و بڕیار دەدەن**

چارلس کۆگان بۆ گوڵان:

# مەزندە دەکەم هاوپەیمانی نێوان کورد و عەلاوی لە هاوپەیمانی نێوان کورد و شیعە ئاسانتر بێت

**پرۆفیسۆر چارلس کۆگان جێگری سەنتەری بەلفەرە بۆ دیراساتی نێودەوڵەتی و پرۆگرامی ئاسایشی جیهان لە زانکۆی هارڤارد و هەروەها یەکێکە لە تۆژە دیارەکانی ئامۆژگای واشنتۆن بۆ ئاشتی، پرۆفیسۆر کۆگان لەسەر ئاستی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق بە یەکێك لە شارەزا جیهانییەکان دەژمێردرێت، سەبارەت بە ئایندەی عێراق لە بەرەنجامی ئاکامەکانی هەڵبژاردن، بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**



ئەگەر هەردوو لیستی شیعە لەگەڵ یەکدا یەکبگرن، ئەوا لیستێکی زۆر گەورەتر دروست دەکەن لە لیستەکەی عەللاوی

*** ئاشکرایە کێشەکانی عێراق لە ئێستادا پەیوەستن بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە، بۆ نموونە مالیکی بە ئاشکرا رایدەگەیەنێت کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان قبوڵ ناکات و داوای دووبارە فەرزکردنەوەی دەنگەکان دەکات، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق ئەنجامی هەڵبژاردنەکان قبوڵ نەکەن، چ لەسەر ئەرزی واقیع روودەدات؟**

- هێشتا ئەنجامی هەڵبژاردنەکان رانەگەیەنراون، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە سوننەکان بەشدارییەکی گرنگیان لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەدا کردووە. لە لایەکی دیکەوە پێموایە دووبارە فەرزکردنەوەی دەنگەکان مایەی کێشە و گرفتی گەورەدەبێت، لەبەر ئەوەی ئەنجامێکی ئەوتۆی لێناکەوێتەوە، هۆکارەکە ئەوەیە زۆرێك لە چاودێرە دەرەکییەکان رایانگەیاندووە کە ئەوان پێشێلکاری و ساختەکاری گەورەیان لە کاتی پرۆسەی دەنگداندا بەدی نەکردووە، بە چەشنی ئەوەی لە پرۆسەی هەڵبژاردنی وڵاتی ئەفغانستاندا روویدا، واتە پێدەچێت ئەم هەڵبژاردنانە زۆر بە باشی بەرێوەچووبێتن.

*** بە پێی ئەنجامە نارەسمیەکان هەردوو لیستی دەوڵەتی قانون و لیستی عەممار ئەلحەکیم رێژەیەکی کەمتریان لە لیستی ئەلعێراقیە بەدەستهێناوە، ئایا تا چ رادەیەك ئەم یەکگرتنەوەیە دەبێتە هۆی دووبارە سەرهەڵدانەوەی گرژی و ئاڵۆزی نێوان شیعە و سوننەکان لە عێراقدا؟**

- ئێوە داوام لێدەکەن پێشبینی داهاتوو بکەم، ئەمەش کارێکی قورسە، هەروەها ئەوەی روونە ئەوەیە سعودیە پشتگیری لە عەللاوی کردووە، ئەمە مەسەلەیەکە نکۆڵی لێناکرێت، بەڵام ئەگەر هەردوو لیستی شیعە لەگەڵ یەکدا یەکبگرن، ئەوا لیستێکی زۆر گەورەتر دروست دەکەن لە لیستەکەی عەللاوی.

*** چۆن لە هەڵوێست و پێگەی کوردەکان دەڕوانیت لە هاوکێشەی نوێی عێراقدا، کە ئێمە دەزانین مالیکی یاخود عەللاوی حکومەت پێکبهێنێت ناتوانێت بەشداری بە کوردەکان لە حکومەتەکەیدا نەکات،**

**واتە لەم رووەوە کوردەکان ئەو رۆڵە دەبینن کە پێی دەڵێن (king maker)،ئایا ئەم رۆڵە گرنگەی کوردەکان تا چ رادەیەك دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان کورد و عەرەبەکان لە داهاتوودا؟**

- لێرەدا پێویستە ئاماژە بە چەند هۆکارێك بکەین، یەکەمیان سەرهەڵدانی لایەنێکی نوێ لە ناوچەی ژێر نفوزی تاڵەبانیدا بە ناوی گۆڕانەوە رەنگە کاریگەری لەسەر یەکێتی و یەکگرتوویی کوردەکان هەبێت، دووەم لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە ئەوە ئاشکرادەبێت کە لیستی ئەلعێراقیە رێژەیەکی بەرچاوی دەنگەکانی بەدەستهێناوە لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکاندا، بە تایبەتی کەرکوك کە زۆرێك لە سوننەکان دەنگیان بە لیستەکەی عەللاوی داوە، هەرچەندە عەللاوی کەسێکی شیعەیە، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا کوردەکان سەنگ و کاریگەری خۆیان دەبێت، پێموایە لەم رووەوە پرسی کەرکوکیش وەك پرسێکی کراوە دەمێنێتەوە.

*** کوردەکان مەرجی بەشداریکردنیان لە حکومەتدا گرێداوەتەوە بە پابەندبوون بە جێبەجێکردنی دەستووری عێراقەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ رادەیەك لایەنەکانی شیعە و سوننە لە عێراقدا دەتوانن خۆیان پابەندکەن بە جێبەجێکردنی دەستوورەوە؟**

- پێموایە کوردەکان باشتر دەتوانن هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەیاد عەللاویدا پێکبهێنن، واتە زیاتر ئەگەری پێکهێنانی ئەم هاوپەیمانێتیە دەکرێت، نەك درێژەپێدانی هاوپەیمانێتی لە نێوان کورد و شیعەکاندا، هەرچەندە حاڵی حازر شیعەکانیش بەسەر دوو لیستدا دابەش بوونە.

*** باس لەوە دەکرێت کە مالیکی ئامادە نییە دەست لە پۆستی سەرۆك وەزیران هەڵبگرێت، ئەمە لە کاتێکدا کە لیستی ئەلعێراقیە لە پێش لیستی ئەلمالیکیەوەیە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەگەری دووبارە سەرهەڵدانەوەی توندوتیژی و ئاڵۆزی لە نێوان شیعە و سوننەکاندا هەیە؟**

- پێشبینیکردن کارێکی دژوارە، بەڵام لێرەدا دەمەوێت دوو سەرنج بخەمەڕوو، یەکەمیان ئەگەری ئەوە هەیە کوردەکان نەتوانن پۆستی سەرۆك کۆمار بەدەست بهێننەوە، لەبەر ئەوەی سوننەکان خوازیاری ئەم پۆستە بگرنەدەست. دووەم ئەگەر هەردوو لیستی شیعەکان ئاوێتەی یەکتر ببن و لیستێکی یەکگرتوو پێکبهێنن، ئەوا دەرفەتی گرتنەدەستی پۆستی سەرۆك وەزیران لە لایەن عەللاویەوە کەم دەبێتەوە.

*** ئەگەر دووبارە توندوتیژی رووبداتەوە، ئایا ئەمە تا چ رادەیەك یەکگرتوویی عێراق دەخاتە مەترسیەوە؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد پێشبینی کردن کارێکی زەحمەتە، بەڵام ئەوەی ئێمە بەدیمان کرد، ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی سەرکەوتوو بوو لە عێراقدا و ئەمەش بە کەمی لەوڵاتە عەرەبییەکاندا بەدی دەکرێت، لەبەر ئەوە پێشبینی دەکرێت خەڵکی عێراق رێگری لە دووبارە ئاڵۆزبوونەوەی بارودۆخ بگرێت.

*** بەڵام ئەگەر توندوتیژی رووبدات، ئایا ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی کوردستان ناکەوێتە مەترسیەوە، ئایا پێویستە کوردەکان لەم حاڵەتەدا چۆن رەفتار بکەن؟**

- پێموایە پێویستە کوردەکان هەوڵی پاراستن و بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروبەردا بدەن، بە تایبەتی پەیوەندییە ئابوورییەکانیان لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا، لە لایەکی دیکەوە باوەڕم وایە پێویستە کوردەکان هەوڵبدەن بە شێوازێکی ژیرانە کێشەی کەرکوك چارەسەر بکەن، لەبەر ئەوەی ئاشکرایە کە ئەو شارە بە تەنها شارێکی کوردی نییە، بەڵکو لە هەمان کاتدا شاری سوننە و تورکمانەکانیشە.

ئەگەری ئەوە هەیە کوردەکان نەتوانن پۆستی سەرۆك کۆمار بەدەست بهێننەوە، لەبەر ئەوەی سوننەکان خوازیارن ئەم پۆستە بگرنەدەست

پێویستە کوردەکان هەوڵی پاراستن و بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروبەردا بدەن



پرۆفیسۆر ئەمازیا بارام بۆ گوڵان:

# مەحاڵە مالیکیش بچێتە چوارچێوەی هاوپەیمانێتیەکەوە کە پۆستی سەرۆک وەزیرانی تێدا مسۆگەر نەکات

**پرۆفیسۆر ئەمازیا بارام کە یەکێك بووە لە تۆژە بەناوبانگ و جیهانییەکانی سەنتەری سابان بۆ دیراسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئامۆژگای بەناوبانگی برۆکینگز و بە دیارترین شرۆڤەوانی عێراق لەسەر ئاستی سینك تاکسەکانی ئەمەریکا ناسراو بووە، تەنانەت یەکێك بووە لەو پسپۆرانەی پێش شەڕی رزگارکردنی عێراق لەلایەن ئیدارەی ئەمەریکی و سەرۆك بوشەوە راوێژی لەگەڵ کراوە. پرۆفیسۆر بارام کە ئێستا خانەنشینە و گەڕاوەتەوە بۆ ئیسرائیل جاری یەکەم نییە بە تایبەتی بۆچوونەکانی خۆی لەسەر عێراق بە گوڵان رادەگەیەنێت، پێشتر چەندین جاری دیکە خوێنەرانی گوڵان بۆچوونەکانی ئەویان لەسەر لاپەڕەکانی گوڵان خوێندۆتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەسەر وردەکارییەکانی ناوخۆی عێراق زۆر شارەزایە و ئاگاداری ئەوەیە رەوتی هاوکێشەی سیاسیی عێراق چۆن ئاراستە دەگرن، بۆیە لەکاتی رووداوە تازە و گەرمەکاندا گوڵانیش وەك تێکڕای میدیا پرۆفیشناڵەکانی دیکەی جیهان ئەو راو بۆچوون و شرۆڤەی ئەو خەڵکانە وەردەگرێت کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی حساب لەسەر قسەکانیان دەکرێت، ئەمجارەش بۆ شرۆڤەی واقیعی عێراقی دوای هەڵبژاردن، بەمجۆرە لەگەڵ پرۆفییسۆر بارام ئەم وتوێژەمان ئەنجامدا.**




ئەگەر مالیکی لەگەڵ هاوپەیمانی نیشتمانی عێراقیدا کوتلەیەک دروست بکات کە ئەم هاوپەیمانێتیە شیعەیە و زیاتر نزیکە لە ئێرانەوە، ئەوا کاریگەری باشی لێناکەوێتەوە

*** خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئێستا و ئایندەی عێراق چۆنە، مەبەستمان ئەوەیە ئایا دوای ئەم هەڵبژاردنانە ئایندەی نەخشەی سیاسیی عێراق چۆن دەبینن؟**

- بە تێڕوانینی من تاوەکو ئێستا ئەنجامی هەڵبژاردنەکان کەم تا زۆر موفەجەئەیان لەگەڵ خۆیاندا نەهێناوە، هەموو لایەك ئەو راستیە دەزانن کە چوار لیست یاخود کوتلەی گەورە لە عێراقدا بوونیان هەیە، کوتلەی مالیکی کە ئەگەری ئەوە هەیە نزیکەی (٩٠) کورسی پەرلەمان بەدەست بهێنێت، کوتلەی عەلاوی کە چاوەڕێ دەکرێت بە هەمان شێوە نزیکەی (٩٠) کورسی پەرلەمان مسۆگەر بکات، دواتر هاوپەیمانی نیشتمانی عێراقی دێت کە کوتلەیەکی شیعیە و دۆستی ئێرانە و باس لەوە دەکرێت نزیکەی (٨٠ – ٨٥) کورسی بەدەست بهێنن، بەڵام پێشبینی دەکەم تەنها نزیکەی (٧٠) کورسیان بەربکەوێت، بەڵام هێشتا ئەمەش کوتلەیەکی گەورەیە، دواتر کوتلەی کوردەکان دێت کە پێشبینی دەکرێت نزیکەی (٦٠) کورسی پەرلەمانی عێراق زامن بکەن. کە ئاشکرایە لەم حاڵەتەدا پێکهێنانی حکومەت پێویستی بە دروستکردنی هاوپەیمانێتی هەیە، لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە ئایا کوردەکان کام رێگەیە دەگرنەبەر، مەبەستم ئەوەیە ئایا هاوپەیمانێتی لەگەڵ عەللاویدا دەکەن یاخود مالیکی، ئێستا ئەوەش روونە کە مالیکی پتر گفتوگۆ لەگەڵ هاوپەیمانی نیشتمانی عێراقی شیعەکاندا دەکات و عەللاویش تەنها لەگەڵ کوردەکاندا گفتوگۆ دەکات. هەروەها لێرەدا ئەگەری هاوپەیمانێتی کردنی نێوان مالیکی و عەلاوی دێتە ئاراوە کە ئەگەر لەگەڵ یەکدا هاوپەیمانی بکەن ئەوا کوتلەیەك دروست دەکەن کە رێژەکەیان زۆر زیاتر دەبێت لەو رێژەیە کە لە رووی یاساییەوە پێویستە بۆ پێکهێنانی حکومەت، کە دواتر دەتوانن کوردەکانیش بەشداری پێبکەن، ئەمەش هاوپەیمانێتیەکی زۆر گەورەی لێ دروست دەبێت. بەڵام باوەڕم وایە ئەگەر مالیکی لەگەڵ هاوپەیمانی نیشتمانی عێراقیدا کوتلەیەك دروست بکات کە ئەم هاوپەیمانێتیە شیعەیە و زیاتر نزیکە لە ئێرانەوە، ئەوا کاریگەری باشی لێناکەوێتەوە، چونکە دەبێتە هۆی پێکهێنانی حکومەتێکی تائیفی کە زۆر نزیك دەبێت لە ئێرانەوە.

*** بەڵام ئایا هاوپەیمانێتی مالیکی لەگەڵ هاوپەیمانی نیشتمانی عێراقیدا ئەگەری**

**دووباره ســەرهەڵدانەوەی گرژی و ئاڵۆزی نێوان شیعە و سوننەکان ئەهێنێتە ئاراوە؟**

- بەڵـێ پێشــبینی دەکەم لــەم حاڵەتەدا گــرژی و توندوتیــژی تائیفی لــە نێوان شیعە و ســوننەکاندا بەرەو هەڵکشان بچێت، راســتە ئەمە دیموکراسیە و ئەمە ئەنجامی هەڵبژاردنە و رەنگە نەتوانین هیچ شتێك لە بارەیانەوە بڵێین، بەڵام پێشــبینی زیادبوونی توندوتیــژی دەکەم ئەگەر ئــەم دوو لایەنە هاوپەیمانێتی لەگەڵ یەکدا بکەن.

*** ئاشکرایە کێشــەکانی عێراق لە ئێستادا پەیوەســتن بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە، بۆ نموونە مالیکی بە ئاشکرا رایدەگەیەنێت کە ئەنجامی هەڵبژاردنــەکان قبوڵ ناکات و داوای دووبــارە فەرزکردنەوەی دەنگەکان دەکات، پرســیارەکە ئەوەیە ئەگەر پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق ئەنجامی هەڵبژاردنەکان قبــوڵ نەکەن، چ لەســەر ئــەرزی واقیع روودەدات؟**

- باوەڕم وایە دووبارە فەرزکردنەوەی دەنگەکان روودەدات و کۆمسیۆنی باڵاش بەم داوکاریە رازی دەبێــت، بەڵام ئــەم فەرزکردنەوەی دەنگانە لە تێکڕای عێراق روونادات، لەبەر ئەوەی ئەمە کارێکی مەحاڵە، بەڵکو تەنها لە چەند بنکەیەکی دیاریکراودا کە گومانی ئەوەیان لێدەکرێت کێشــەی گەورە و جددی تێیانــدا رووبدابێت. کــە پێموایە دوای ئەم فەرزکردنە جوزئییەی دەنگەکان مالیکیش بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان رازی دەبێت، رەنگە ئەم فەرزکردنە هەفتەیەك بخایەنێت، ئەمەش کێشە و کارەســاتی لێناکەوێتەوە و ئاساییە هەفتەیەکــی دیکەش چــاوەڕێ بکرێت. هەروەها ئێمە دەزانین لە سەرەتاوە مالیکی خۆشحاڵ بوو بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، لەبەر ئــەوەی لە بەرژەوەنــدی کوتلەکەی بوو، بــەڵام دواتر کە ئەنجامەکان گۆڕان و عەللاوی رێژەیەکی زیاتری بەدەست هێنا، هەرچەندە رێژەکە نزیکەی ١٠ هەزار دەنگە و جیاوازییەکەی زۆر گەورەنییە، سکاڵای لە پاکی هەڵبژاردنەکان کرد، ئێستاش ئێمە نازانین ئایا عەللاوی دەکەوێتە پێش مالیکی یاخــود بە پێچەوانەوە ( ئــەم دیمانەیە ٢٤ کاتژمێر پێش راگەیاندنــی هەڵبژاردنەکان کراوە. ..گوڵان..)، لەبەر ئەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان رانەگەیەندراوە.

*** هەندێ لــە چاودێــران پێیانوایــە نزیکبوونەوەی مالیکــی لەگەڵ کوتلەی ئەلحەکیمدا بۆ ئــەوە دەگەڕێتــەوە کە شیعەکان خوازیاری ئەوەنین پۆستی سەرۆك وەزیــران لە دەســتی ئەواندا نەبێت، واتە بۆ پاراســتنی ئەم پۆســتە دەیانەوێت ببنە کوتلەیەکی یەکگرتوو، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەسترۆیشتوویی و کاریگەری ئێران لە عێراقدا، پرســیارەکە ئەوەیە ئایا چۆن ئەو بوارە و ئەو ئازادایە بۆ ئێران دروست بووە بۆ ئەوەی ئەمکارە لە عێراقدا ئەنجامبدات؟**

- بــاوەڕم وانیە ئەم هەوڵانە بۆ ئەوەی بێت کە ببنــە کوتلەیەکی یەکگرتــوو، بەڵکو ئەوەی مالیکی کۆششی بۆ دەکات ئەوەیە هاوپەیمانێتی لەگەڵ هاوپەیمانی نیشتمانی عێراقیدا دروست بــکات، ئەمــەش لە دیموکراسیدا شتێکی ئاساییە، تۆ حساباتی خۆت دەکەیــت و هاوپەیمانێی لەگەڵ ئەو لایەنەدا دەکەیت کە بــاوەڕت وایە خزمەت بە بەرژەوەندیەکانت دەکات، بەڵام کێشــەکە ئەوەیــە هاوپەیمانی نیشــتمانی عێراقی ئامادەیــە هاوپەیمانێتی لەگەڵ لیســتی دەوڵەتی قانوندا بــکات، بەڵام ئامادە نییە دوبارە پۆســتی سەرۆك وەزیران بە مالیکی بدرێتەوە، لە راســتیدا چەنــد کاتژمێرێك پێشــت ئێســتا ئەلحەکیم و رەوتی ســەدر ئەمەیــان راگەیاندووە، ئێمــە دەزانین کە پێش هەڵبژاردنیــش هۆکاری یەکنەگرتنی ئــەم دوو لایەنە ئەوەبوو کــە مالیکی پێی راگەیاندن ئامادەم لەگەڵتاندا هاوپەیمانێتی بکــەم، بەڵام دەبێــت ئێوە پێشــتر خۆتان پابەندبکــەن و رەزامەندی لەســەر ئەوەی پۆســتی ســەرۆك وەزیران بە من بدرێتەوە دەربــڕن وەڵامی ئەوانیــش رەتکردنەوەی ئــەم داواکاریە بــوو، مەحاڵــە مالیکیش بچێتە چوارچێوەیەك هاوپەیمانێتییەکەوە کە پۆســتی ســەرۆك وەزیرانی تێدا مسۆگەر نەکات، ئەمە لە کاتێکدا مالیکی بە تەنها نزیکــەی (٩٠) کوســی پەرلەمانی هەیە و هاوپەیمانی نیشــتمانی عێراقیش ئەگەر بتوانن (٧٠) کورسی بەدەست بهێنن، کەواتە راســتە یەکگرتن و هاوپەیمانێتی ئەم دوو لایەنە ئێران خۆشحاڵ دەکات، بەڵام ئەگەر مالیکی نەبێتە ســەرۆك وەزیران، ئەوا ئێران ناتوانێــت ئەو کارانە لە عێراق ئەنجامبدات کە بە بەرژەوەندی خۆی دەزانێت.

*** ئاشــکرایە کە دەســتپێوەردانی دەرەکی لــە هەڵبژاردنەکانــدا هەبــووە، هەروەها لــەم هەڵبژاردنەی ئەمجارەدا ســوننەکان بەشــدارییەکی فراوانیان کــرد و دەنگ و متمانەی خۆیان بە لیســتی ئەلعێراقیە دا و ئێســتاش باس لەوە دەکرێــت کە داوای پۆســتی سەرۆك وەزیران دەکەن، لە لایەکی دیکەوە ئێران بەوە رازی نابێت کە عەللاوی سەرۆکایەتی حکومەتی عێراق وەربگرێت، ئایــا هەڵوێســتی دەوڵەتە ســوننییەکانی دیکــە چۆن دەبێــت، ئایا ســعودیە هیچ کاردانەوەیەکی نابێت؟**

- پێموایــە ئەگــەر عەلــلاوی و مالیکی هاوپەیمانێتــی پێك بهێنن، ئــەوا عەللاوی نابێتە ســەرۆك وەزیــران، بەڵکــو مالیکی ئەم پۆســتە وەردەگرێــت، ئەگەرچی رەنگە بە چەنــد دەنگێکی کەمیــش عەللاوی لە پێش لیســتی مالیکیەوە بێت، لەبەر ئەوەی مالیکی رێگاچــارەی زیاتری لەبەردەمدایە، بەڵام ئەگەر ئەمە رووبــدات، ئەوا کارێکی ژیرانە دەبێت ئەگەر عەللاوی هەڵبســتێت بە وەرگرتنی پۆســتی جێگری سەرۆك وەزیران و دابەشــکردنی پۆستە حکومییەکان لەگەڵ مالیکیدا بە یەکســانی، چونکە لەم کاتەدا پێگەیەکی بەهێزی لە ناو حکومەتدا دەبێت و لەم کاتەشدا رەنگە سعودیەش هیچ کێشەیەکی لەگەڵ ئەم حکومەتەدا نەبێت و پەیوەندییەکی ئاسایی لەگەڵیدا هەبێت، بەڵام ئەگەر مالیکی لەگەڵ ئەلحەکیم و رەوتی سەدر هاوپەیمانێتی بــکات، ئەوا ئێران خۆشــحاڵ دەکات، بەڵام ســعودیە و تێکڕای وڵاتانی کەنداو و ئوردن و تەنانەت تورکیــاش نیگەران دەکات. بەڵام لەو باوەڕدانیم کاردانەوەی حکومەتی سعودیە هاندانی تیرۆر بێت لە عێراقدا، لەبەر ئەوەی لە ساڵانی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦یشدا ئەوە حکومەتی ســعودیە نەبوو کە پشتگیری لە ئەلقاعیــدە دەکرد و دارایی بۆ دابین دەکردن، بەڵکو چەند کەســێکی سعودی بوون کە بە شــێوەیەکی ســەربەخۆ و بە دەستپێشخەری شەخســی خۆیان ئەو کاریان دەکرد، نەك بە پلانــی حکومەت و پشــتگیری حکومەتی سعودیە.

*** چۆن لە هەڵوێســت و پێگەی کوردەکان لە هاوکێشــەی نوێی عێراق دەڕوانیت، کە ئێمــە دەزانین مالیکی یاخــود عەللاوی حکومەت پێکبهێنێت ناتوانێت بەشداری بە کوردەکان لە حکومەتەکەیدا نەکات، واتە لەم رووەوە کوردەکان ئــەو رۆڵە دەبینن کە پێی دەڵێــن (king maker)، ئایا ئەم رۆڵە گرنگەی کــوردەکان تا چ رادەیەك دەبێتە هۆکارێکــی گرنگ بۆ چارەســەرکردنی کێشــەی نێــوان کــورد و عەرەبــەکان لە داهاتوودا؟**

**کێشەکە ئەوەیە هاوپەیمانی نیشتمانی عێراقی ئامادەیە هاوپەیمانێتی لەگەڵ لیستی دەوڵەتی قانوندا بکات، بەڵام ئامادە نییە دوبارە پۆستی سەرۆك وەزیران بە مالیکی بدرێتەوە**

**ئەگەر مالیکی نەبێتە سەرۆك وەزیران، ئەوا ئێران ناتوانێت ئەو کارانە لە عێراق ئەنجامبدات کە بە بەرژەوەندی خۆی دەزانێت**

- باوەڕم وایە ئەگەر عەللاوی و مالیکی بڕیاری پێکهێنانی هاوپەیمانێتی بدەن، ئەوا کوردەکان ئەو ڕۆڵە گرنگەیان نابێت، واتە ئەو ڕۆڵەی کە پێی دەڵێن (king maker)، لەبەر ئەوەی هەر یەکە لە عەللاوی و مالیکی نزیکەی (٩٠) کورسیان لە پەرلەماندا دەبێت و کۆی کورسییەکانی هەردوولایان دەگاتە (١٨٠) کورسی، ئەمە لە کاتێکدا بۆ پێکهێنانی حکومەت پێویست بە (١٦٣) کورسی دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ئەم هاوپەیمانێتییە پێکبهێنرێت، ئەوا هەم عەللاوی و هەم مالیکیش بەشداریکردنی کوردەکانیان پێ باشە و لەم کاتەشدا کوردەکان سەنگی خۆیان هەر دەبێت، بەڵام ڕەنگە لەم حاڵەتەدا هەوڵبدرێت ڕیزی کوردەکان کەرتبکرێت، واتە ڕەنگە داوا لە لیستی گۆڕان بکرێت بۆ ئەوەی بەشداری لە حکومەتەکەدا بکات، نەك لیستەکەی بارزانی و تاڵەبانی و لەم کاتەشدا ڕایدەگەیەنن کە کوردەکانیش بەشداری حکومەتیان کردووە. واتە لە حاڵەتی هاوپەیمانێتیکردنی عەللاوی و مالیکیدا زۆر پێویستیان بە کوردەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت نابێت، بەڵکو تەنها تەفزیلی ئەوە دەکەن کوردەکان بەشداری بکەن. لە لایەکی دیکەوە ئەگەر مالیکی لەگەڵ هاوپەیمانی نیشتمانی عێراقیدا هاوپەیمانی بکات، ئەوا کوردەکان ڕۆڵی (king maker) دەبینن، هەرچەندە لەم حاڵەتەدا سوننەکان بەشداریان پێناکرێت و ئەمەش دەبێتەهۆی توڕەکردنی سوننەکان و توڕەکردنی ئەمەریکاش، لەبەر ئەوەی ئەم حکومەتە زۆر لە ئێرانەوە نزیک دەبێت، توڕەکردنی سوننەکان و نیگەرانکردنی ئەمەریکاش لە بەرژەوەندی کوردەکاندا نییە، لەبەر ئەوە بە تێڕوانینی من ڕێگەچارەی یەکەم بۆ کوردەکان پتر بەرژەوەندی کوردەکان دەپارێزێت_ بەشداریکردنی کوردەکان لەو حکومەتەی مالیکی و عەللاوی پێکی دەهێنن-. بە تێڕوانینی من دروستکردنی حکومەتی هاوپەیمانی لە عێراقدا باشترە، کە بارودۆخەکەش ئەوە بەسەر لایەنەکاندا دەسەپێنێت ئەمجۆرە حکومەتە پێکبهێنرێت، سەرکەوتنی ئەم حکومەتەش لەوەدایە کە لایەنە بەشداربووەکان داواکاری و خواستە زۆر گرنگەکانی خۆیان بەدی بهێنن لەم حکومەتەدا و دەست لەو داواکاریانە هەڵبگرن کە بایەخێکی زۆریان نییە، باوەڕم وایە ئەمە حکومەتێکی سەقامگیری لێ دەکەوێتەوە، کە ئەگەر مالیکی و عەللاوی هاوپەیمانێتی بکەن و کوردەکانیش بەشداری بکەن، ئەوا لەم حاڵەتەدا هاوپەیمانێتی نیشتمانی عێراق لە دەرەوەی پرۆسەی حکومڕانیکردنەکە دەمێنێتەوە و ڕەنگە ئەمەش ببێتە هۆی دابەشبوونی ئەو هاوپەیمانێتییە و ئەلحەکیم بچێتە پاڵ حکومەت و ڕەوتی سەدریش لە دەرەوەی حکومەتدا بمێنێتەوە.

*** کوردەکان مەرجی بەشداریکردنیان لە حکومەتدا گرێداوەتەوە بە پابەندبوون بە جێبەجێکردنی دەستووری عێراقەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕادەیەك لایەنەکانی شیعە و سوننە لە عێراقدا دەتوانن خۆیان بە جێبەجێکردنی دەستوورەوە پابەندکەن؟**

- ئەوە ئاشکرایە کاتێك کوردەکان باس لە دەستوور دەکەن، مەبەستیان جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوورە، بە تێڕوانینی من هیچ لایەنێکی عێراق کە کوردەکان گفتوگۆی لەگەڵ بکەن ئەوە ڕاناگەیەنێت کە خواستی کوردەکان چی بێت لە ئاستی لە کەرکوکدا ئەوان دەقا و دەق جێبەجێ دەکەن، بەڵکو ئەوەی دەکرێت و ئەوەی مومکینە ئەوەیە کوردەکان پێشتر بگەنە ڕێککەوتن لەسەر چۆنیەتی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ لەگەڵ ئەو لایەنەدا کە سەرۆکایەتی هەوڵەکانی پێکهێنانی حکومەت دەکات، ئەمە کارێکی کردنییە و ئەگەر پرسیار بکرێت ئایا ئەمە کاتی دەوێت، وەڵامەکە ئەوەیە بەڵێ بە دڵنیاییەوە کاتی دەوێت و ڕەنگە سێ بۆ چوار مانگیش بخایەنێت، بەڵام ئەوەش دەکرێت ئەگەر عەللاوی و مالیکیش پێکەوە حکومەت پێکبهێنن، دواتر لەگەڵ کوردەکاندا گفتوگۆ بکەن لەسەر چارەسەرکردنی ئەم پرسە.

*** ئەگەر دووبارە توندوتیژی ڕوویداتەوە، ئایا ئەمە تا چ ڕادەیەك یەکگرتوویی عێراق دەخاتە مەترسییەوە؟**

پێشبینی دابەشبوونی عێراق لەم حاڵەتەدا ناکەم، بەڵام پێموایە ناسەقامگیریەکی گەورە لەو وڵاتەدا ڕوودەدات و ئەمەش دەبێتە هۆی دواخستنی پرۆسەکانی بەرەوپێشبردن و گەشەپێدانی ئابووری، لە نێویاندا دواکەوتنی پرۆسەی پەرەپێدانی کەرتی نەوت لە وڵاتەکەدا، بە هەمان شێوە کاریگەری خراپی لەسەر ڕاکێشانی وەبەرهێنانی دەرەکی بۆ وڵاتەکە دەبێت، واتە لەم ڕووەوە وەبەرهێنە دەرەکییەکان دوودڵ دەبن و ئامادەنابن سەرمایەی خۆیان لە وڵاتەکەدا بخەنەگەڕ و ئەمەش کێشەی گەورە بۆ عێراق دروست دەکات.



**ئەگەر عەللاوی و مالیکی هاوپەیمانێتی پێک بهێنن، ئەوا عەللاوی نابێتە سەرۆک وەزیران، بەڵکو مالیکی ئەم پۆستە وەردەگرێت**

**ئەگەر مالیکی لەگەڵ ئەلحەکیم و ڕەوتی سەدر هاوپەیمانێتی بکات، ئەوا ئێران خۆشحاڵ دەکات، بەڵام سعودیە و تێکڕای وڵاتانی کەنداو و ئوردن و تەنانەت تورکیاش نیگەران دەکات**

# پەرەپێدانی ئابووری و مرۆیی

**کاری حکومەت جێبەجێکردنی بەرنامەو پلانێکی ئابووریی وایە پەرەپێدان لەگەڵ خۆیدا بهێنێت، پەرەپێدانێک بتوانێت ئاستی هۆشیاری تاک و بژێوی هاوڵاتییان باش بکات**

### کاری حکومەت تەنیا پارە خەرجکردن نییە!

لەهەرێمێکدا دەرفەتـــی وەبەرهێنان فراوان بێت و بانگەشـــەی ئابووری بازاڕ بکرێت، کاری حکومـــەت تەنیـــا ئەوە نییـــە پارەو داهاتـــی لـــە١٧٪ی ناردەنییەکانی نەوت وەربگرێت و لە بەگەڕخســـتنی حکومی و بوارەکانی دوور لەبەرهەمهێنان و وەبەرهێنان خەرجی بکات، لەبەرامبـــەردا داهاتەکانی ئەوەندە کەم بێت شـــایەنی باســـکردن نەبێت و تەرازووی بازرگانیشـــی ناهاوســـەنگ بێت، کەرتی تایبەتەکەشـــی تەنیا سەرقاڵی هێنانـــی کاڵاو کەرەســـتەو کەلوپەل بێت و ناردەنییەکانی لەئاســـتێکی نزمدا مابێتەوە، بەڵکـــو کاری حکومـــەت جگـــە لەپرۆژە خزمەتگوزارییەکانـــی، جێبەجێکردنی کارو بەرنامـــەو پلانێکی ئابووریی وایە ئاســـتی بەرهەمهێنـــان بەرزبکاتـــەوەو پەرەپێـــدان لەگەڵ خۆیدا بهێنێـــت، پەرەپێدانێك بتوانێت ئاستی هۆشـــیاری تاك و بژێوی هاوڵاتییان بـــاش بـــکات و گۆڕانـــکاری لەبوارەکانی سیاســـی و ئابووری لێبکەوێتـــەوە. ئەرکی حکومەتە کار بۆ ئەوە بکات گەلێکی هۆشیار بخاتەوەو ڕێز بۆ کار بگەڕێنێتەوەو حکومەت ببێتـــە خزمەتکاری هاوڵاتییـــان، بەو پێیەی حکومەت حکومەتی خەڵکـــە، بۆیە ئەرکی ســـەرەکی سەرشـــانی حکومەت و وەزارەت و دامودەزگاکانێتی دۆخی ئابووری بگەیەنێتە (ئابـــووری بـــازاڕ)و ڕووبـــەڕووی ئابووری شەخسی و حیزبی بێتەوەو ڕێگا بەهیچ لایەن و گروپ و تاقمێك نەدات گەمە بە ســـامان و داهات و دەستکەوتە ئابوورییەکانەوە بکەن، بەدەستهێنانی ئەم ئومێدو هیواو خواستانە تەنیا بەخیتـــاب و بەڵێن نایەتە جێبەجێکردن، بەڵکو بەحکومەتێکی بووێرو شـــەفاف و پێشکەوتوو دەتوانرێـــت کارنامەو بەرنامـــە ئابوورییەکان جێبەجـــێ بکرێت. حکومەتێـــك دەزگاکانی وەبەرهێنانی بـــێ وەبەرهێنان و بەرهەم نەبێت و کەرتی تایبەتی لەکەرتی گشتی فراوانترو چالاکتر بێـــت و، وەبەرهێنانی بیزنسکارانی ئاراستەی پیشەســـازی و بەرهەمهێنانی کردبێت، نـــەك تەنیا زۆربەی بیزنســـکارانی کوردســـتانی دوور لەئینتمای نیشـــتمانی و بەرژەوەندی نەتەوە لەکەرتێکی لاوازی بازرگانـــی و خانووبەرە بســـوڕێنەوەو جگـــە لەبەرژەوەندی شەخســـی خۆیان هیچ حســـابێك بـــۆ بەرژەوەندی گشـــتی نەکەن، بەرادەیـــەك هەرێمەکەیان کردۆتە پێگەیەك بۆ ســـاخکردنەوەی کاڵاو کەلوپەلی ئیکسپایەرو نزم لەکوالێتـــی وڵاتانی دەوروبـــەر. ناکرێت چی تـــر ئاوەدانکردنەوەو پێشـــکەوتنەکانی هەرێمەکـــە رواڵەتیی و نـــاوەڕۆك بەتاڵ بن، دوور بێت لەدەســـتکەوتی گەورەو ستراتیژی ئابوورییەوە. راســـتە بەکردەوە کار بۆ لابردنی دوو ئیدارەیـــی کراو وەزارەتەکان لە٤٣ وەزیرەوە بـــۆ ١٩ کەمکرایـــەوە، لەکابینەی پێشـــوو لەبـــواری ناردنە دەرەوەی نەوت و کارەباو ئاوو خزمەتگوزارییەکانـــی تر هەنـــگاوی باش و بووێر نراو، بۆ یەکەمین جاریش فەلســـەفەی دەستاودەســـتکردنی دەســـەڵاتی حوکمڕانی بەکردەوە جێبەجێ کرا، کە بۆ دیموکراتییەت و گەڕانەوەی متمانە بەئارامی و سەقامگیری و ئابووری نـــاو هەرێمەکە زۆر گرنگ بوو، بەڵام هێشـــتا خەرجییەکانی بەگەڕخســـتنی حکومـــەت زۆربەی هـــەرە زۆری بودجەی هەرێمەکە دەبـــات و تەنیا لە٣٠٪ی بودجەکە بۆ وەبەرهێنان دەمێنێتەوە، راســـتە لەبودجەی ئەمســـاڵدا گرنگـــی بەکشتوکاڵ و وەزارەتە



**پەرەپێدانی ئابووری و بەرزکردنەوەی داهاتی تاکەکەسی و دابینکردنی خۆشگوزەرانی، بووەتە پێوەرێک بۆ حوکمڕانی باش و حکومەتە دیموکراتەکانی بێ دەناسرێتەوە**

# پێوەرێكە بۆ حوكمڕانی باش

خزمەتگوزارییەكانی وەكو تەندروستی و پەروەردە دەدرێت، لە ٣٠٪ ی بودجەكەش بۆ وەبەرهێنان تەرخانكراوە، بەڵام ئەو پارەیەی بۆ كەرتی تەندروستی دانراوە بەشی جێبەجێكردنی نیوەی پرۆژەكانی وەزارەتی تەندروستی ناكات و شارەوانیش رایگەیاندووە كەتەنیا لە ١٠٪ی پرۆژەكانی بۆ جێبەجێ دەكرێت.

پرۆژەی بودجە بۆ خزمەتكردنی هاوڵاتییانەو لەپێناو پێشكەشكردنی پرۆژەكانی خزمەتگوزاری و وەبەرهێنان دادەڕێژرێت، كاریگەری بۆ سەرجەم دانیشتووانی هەرێمەكەو بژێوی ژیانیان دەبێت، بۆیە نابێت پرۆژەكە بگرێتە قوربانی حكومەتێكی گەورەو قەبەوە كە سەرجەم كەرتەكانی ئابووری لەژێر دەسەڵات بێت و كەرتی تایبەتی تێدا لاواز بێت، تەنانەت سەرۆكی حكومەتیش دانی بەوەدا ناوە خەرجییەكان و رێژەی ئەو پارەیەی بۆ پێدانی مووچە دەچێت زۆرە، زۆرجار بێ بەرنامەیی حكومەت بارودۆخەكە بەرەو خراپتر دەبات ، بەپێچەوانەوە لەبری ئەوەی ئومێدمان بداتێ بۆ چارەسەركردن بێ ئومێدی لێدەكەوێتەوە، ئەوەتا حكومەت لەبواری زیادكردنی خەرجییەكانی پێچەوانەی هاوكێشەو فەلسەفەی نوێی ئابوورییەوە دەچوڵێتەوە، كاتێك زیاتر لە ١٠٥٠٠٠٠ ملیۆنێك و پەنجا هەزار فەرمانبەر لەحكومەتدان كەئەو ژمارە زۆرەی ناوێت، لەبری ئەوەی حكومەت لەخەمی دۆزینەوەی كارو هەلی نوێی ئیشكردن بێت لەكەرتی تایبەت بۆ دەرچووانی زانكۆو پەیمانگاو گەنجە بێكارەكانی تر، كەچی هێشتا بەڵێنی دامەزرانی فەرمانبەری دیكە لەكەرتێكی هەڵاوسانی حكومی دەدات، ئەمە لەكاتێكدا سەرۆكی حكومەت دان بەوەدا دەنێت كەخەرجییەكانی بەگەڕخستن و مووچە زۆر زیادیكردووە، ئێمە دژی دامەزراندن نین و هانی دۆزینەوەی كاریش دەدەین، چونكە شوێنەوارەكانی بێكاری لەسەر تاك و خێزان و ئابووری هەرێم دەزانین چەند مەترسیدارە، بگرە زۆربەی جار شوێنەواری خراپی سیاسی و ئارامیشی لێدەكەوێتەوە، پێویستە بە جورئەتەوە دان بەوەدا بنێین كەسەرجەم كلتوورو فەرهەنگی كار لەم وڵاتەدا لەگەڵ سیستەمی نوێی جیهان ناگونجێت و نەمانتوانیوە هەمان ئەو ئیمتیازو باشیانەی لەكەرتی گشتی هەیە بۆ كەرتی تایبەتیشی بهێنین و، یاساو رێنماییەكان ئاراستەی بیزنسكار و و كەرتی تایبەت بكرێت نەك بەویست و حەزی خۆیان كرێكارو كارمەند دامەزرێنن و زۆربەی جاریش فلیبینی و كارمەندێكی ئاسایی بەپارەی ژەمێكی خواردن دابمەزرێنن، بەمەش كار بیرۆزی تێدا نەهێڵن و زیان بەبەگەڕخستنی كارمەندو كرێكاری خۆماڵیش بگەیەنن، رەنگە حكومەت لەساڵانی رابردوو زیاتر لەخەمی راكێشانی وەبەرهێناندا گوێی نەدابێت بەرێنمایی و ئەو مەرجانەی لەدنیای پێشكەوتووشدا دەسەپێنرێتە سەر خاوەن كار، ئێستا كاتی ئەوە هاتووە ئیمتیازات بۆ كەرتی تایبەت بەپێی بەرهەم و دەستكەوتەكان بێت كە گەل و وڵاتمان بەدەستی دەهێنن، با لایەنە پێوەندارەكانی بواری كار چ لەحكومەت و چ لە رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی چاوخشاندنەوە بەیاساكانی كار لەكەرتی تایبەت بكەن، با پارچە



ئاوەدانكردنەوە و چارەسەركردنی كێشەكان كارێكی ئاسان نییە لەرووی پراكتیكییەوە كاری جیدی دەوێت، تاوەكو بكەوینە سەر رێگای راستی پەرەپێدان

ئەو حكومەتانەی سەرقاڵی پەرەپێدانن لە سەرمایەی مەعریفی دا، ئەو حوكمڕانانەن كە سەرقاڵی دروستكردنی عەقڵی مرۆڤەكانیانن

زەوی بۆ پرۆژەی کشتوکاڵ و پیشەسازی لەسۆپەرمارکێت و بواری خانووبەرە زیاتر بێت، با چی تر ڕێگا بە بەڵێندەران و کۆمپانیاکانیان نەدرێت شار بە شێوەیەکی ئاسۆیی فراوان بکەن،کاتی ئەوە هاتووە ئەم حکومەتە بەبوێرییەوە وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە:

بۆچی پلانی ئابووریمان نییە؟ تاکەی ئابووری شەخسی بەسەر ئابووری بازاڕدا زاڵ بێت؟ بۆ سیستەمی چاودێری تەندروستی و بیمەی کۆمەڵایەتیمان نییە؟ یاساو ڕێنماییەکانی کار بۆ نەیانتوانیوە پیرۆزی بۆ کار بگەڕێننەوە؟ بۆ دەبێت حکومەت توانای وەرگرتنەوەی رسوماتی خزمەتگوزارییەکان و باجی نەبێت؟یاساکانی بنبڕکردنی قۆرخکاری و پاراستنی مافی بەکارهێنان بەکوێ گەیشت؟ بۆ دەبێت ئۆپۆزسیۆن لەبری ئەوەی هاوڵاتییان هانبدات حکومەتەکەیان خۆش بوێت فێری دژایەتیکردنی هەموو هەوڵ و سیستەمێکی ڕێکخستنی ئابووری و خزمەتگوزارییەکانیان بدەکەن ؟ هەروەکو چۆن لەکاتی دیاریکردنی نرخی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری کارەبا روویدا، کەهەموو کەسێکی شارەزاو ئابووریناس ئەو راستییە دەزانێت هەر سامانێك نرخی بۆ دیاری نەکرا بێ بەها دەبێت و دادپەروەرانە دابەش ناکرێت، دواتر بوارەکەی بەرەو پشێوی و بێ سەروبەری دەچێت.

ئەم راپۆرتە بێ کەموکورتی نییە، هەروەکو چۆن مەبەستی شکاندنی حکومەتیشی نییە، چونکە حکومەتەکە هی خەڵکەو موڵکی ئەم لایەن و ئەو حیزب نییە ، بۆیە نابێت بەویست و ئارەزووە شەخسی و حیزبییەکانەوە بچولێتەوە، ئەم راپۆرتە بیرهێنانەوەیەکە بەوەی حکومەتە مۆدێرنەکان سەرقاڵی گەورەکردن و فراوانکردنی دەسەڵاتی مەرکەزی و قەبەکردنی دامودەزگاکان و زیادکردنی خەرجییەکانیان نین، بەڵکو ئەرکیان گەڕانە بەدوای پارەو سیولەی نەختینەیی و سەرچاوەی نوێی داهات و ڕێنمایکردن و ئاراستەکردنی ئابووری و چاودێری و بەدواداچوونی کارەکانی کەرتی تایبەت، ئەمە ئەزموونی گەلان و حکومەتەکانی بلنگەکانی ئاسیاو کۆریای باشوورو هەموو وڵاتانی پێشکەوتووی ئەوروپای ۆژئاوا دنیایە، ناڵێین ئابووری بازاڕ بێ کەموکورتییەو هەموو لایەنەکانی بەویست و خواستی ئێمەیە، بەڵام ئەمە تاکو ئێستا باشترین سیستەمە بۆ پەرەپێدانی ئابووری، واتە پەرەپێدانی ئابووری و مرۆیی لەسیستەمی ئابووری بازاڕەوە ڕێچگە دەکرێت.

**راستییەک دەخەینە روو تاوەکو لاسایی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق نەکەینەوە، کە هەموو هەوڵەکانی بۆ بەمەرکەزکردنی دەسەڵاتەکەیی و خزمەتکردنی حیزبی دەعوا بوو**

## حکومەتێکی لاواز کۆمەڵگایەکی بێ بەرهەمی لێدەکەوێتەوە

حکومەتی بەهێز خاوەنی سەرچاوەی جۆراوجۆری داهاتەو دەوڵەمەندە، لەڕێگای کەرتی تایبەتەوە زامنی بەشداریکردنی زۆرینە لەپرۆسەی ئابووری دەکات، بەجۆرێك تاکەکانی ناو کۆمەڵ ئاراستەی پرۆسەی بەرهەمهێنان و داهێنان دەکات، بەمەش ڕێگا نادات کۆمەڵگەیەکی بەکارهێنەر دوور لەبەرهەمهێنان بکەوێتەوە، رەنگە کاتێك بابەتێکی وا دەوروژێنین برینداریێتی تێدا بێت، بەڵام راستییەك دەخەینە روو تاوەکو لاسایی نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق نەکەینەوە، کە هەموو هەوڵەکانی بۆ بەمەرکەزکردنی دەسەڵاتەکەیی و خزمەتکردنی حیزبی دەعوا بوو تەنانەت هێزی سوپای بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکارهێنا تا لەکۆتایی دا حکومەتەکە شکستی هێناو هاوڵاتییانی لێ زویر بوون و لەهەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ٣/٧ دەنگی پێویستی نەهێنا.

ناشبێت ئەوەمان لەبیر نەبێت کەزۆرینەی هاوڵاتییانی ئەم هەرێمە دەنگ و متمانەیان بەو لیست و قەوارانەدا کەبەڵێنی جێبەجێکردنی بەرنامەی پێشکەوتوویان دا، بەتایبەت بەرنامە ئابوورییەکان، ئەو راستییەش دەزانین ئاوەدانکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشەکان کارێکی ئاسان نییەو هەنگاویش لەمبوارەدا نراوە، بەڵام لەرووی پراکتیکییەوە دەربازبوون لەکێشە ئابوورییەکان و باشترکردنی کاری جیددی دەوێت، تاوەکو بکەوینە سەر ڕێگای راستی پەرەپێدان و لەپاشکەوتەی ئابووری ناوەندی بەغدا دەربازمان بێت. هاوڵاتییانی هەرێم ئەو کات حکومەتەکە بەهی خۆیان دەزانن کە ئابووری بازاڕ جێبەجێ بکرێت و هەموو پێوەرو بنەماکانی ئەم بازاڕە بچەسپێنرێت هەر لە رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی و کەمکردنەوەی بیرۆکراتییەت و هەڵگرتنی رۆتین، تاوەکو کەمکردنەوەی زیاتری ڕێژەکانی بێکاری و هەژاری و چەسپاندنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئابووری، بەو پێیەی دوا ئامانج لەگەشەسەندنی ئابووری بەرزکردنەوەی داهاتی تاکەکەسییە، بۆیە ئەرکی سەرەکی حکومەت بەرزکردنەوەی ئەم داهاتەیە کەبەبێ دروستکردن و گەڕانەوەی پێگەی چینی ناوەراست مومکین نییە جێبەجێ بکرێت، چینی ناوەراست و بەرزکردنەوەی داهاتی تاکەکەسیش بەو بەرنامەو کارانەی ئێستا بەدەست ناهێنرێت. کاتێك بەرنامەو پلانە ئابوورییەکەت دیار نەبێت و خاوەنی فەلسەفەو روئیایەکی روونی ئابووری نەبین و ئامانجی بەرهەمهێنانمان دیار نەبێت چۆن دەتوانین کۆمەڵگای کوردستانی ئاراستەی بەرهەمهێنان بکەین؟ لەکاتێکدا هەموو نیشانەکانی نرخ هەڵئاوسان و بێکاری و بێکاری شاراوەو هەژاری و گرانی تێچوونی خەرجییەکانی تەندروستی ئەوەمان بێ دەڵێن بارودۆخی ئابووری بەرەو خراپتر و بێ بازاڕی دەڕوات. لەئابووری دا گەر ڕێژەی گەشەکردن راوەستا ئەوا بەخێراییەکی چاوەڕواننەکراو دۆخەکە بەرەو دواوە پاشا کشە دەکات، کەوتنەوەی قەیرانە ئابووری و داراییەکانی جیهان جوانترین نموونەن بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوون و تێڕوانینە.

**هاوڵاتییانی هەرێم ئەو کات حکومەتەکە بەهی خۆیان دەزانن کە ئابووری بازاڕ جێبەجێ بکرێت و هەموو پێوەرو بنەماکانی ئەم بازاڕە بچەسپێنرێت**

## گەڕانەوەی متمانەی هاوڵاتییان بەحکومەت وەکو گەڕانەوەی متمانەی هاوڵاتییانە بەبانکەکان

لەم سەردەمەو قۆناغەدا بەرزکردنەوەی داهاتی تاکەکەسی و دابینکردنی خۆشگوزەرانی بووەتە پێوەرێك بۆ حوکمرانی باش و حکومەتە دیموکراتەکانی بێ دەناسرێتەوە، ئەو حکومەتانەی سەرقاڵی پەرەپێدانن لە ئابووری و سەرمایەی مەعریفی دا، ئەوان سەرقاڵی دروستکردنی عەقڵی مرۆڤەکانیانن، چونکە دەزانن کەبەبێ ئەم سەرمایە مومکین نییە ئابوورییەکەیان بگەیەنرێتە سیستەمی ئابووری بازاڕو پێگەو هێز بۆ چینی ناوەڕاست بگەڕێننەوە، نەك وەکو حکومەتی هەرێم تادێت حکومەتەکە قەبە و گەورەترو لاوازتر دەبێت، تەنیا پشت بەیەك سەرچاوەی داهاتیش دەبەستێت ئەویش داهاتی فرۆشتەنییەکانی نەوتی خاوی عێراقە، کە نرخەکەی کەوتۆتە بە رەحمەتی هەڵکشان و نزمبوونەوەی بەهای پێترۆلی جیهانییەوەو نائارمی و ناسەقامگیری و ناشەفافییەت و گەندەڵی. کاری حکومەت نزیکبوونەوەو کەمکردنەوەی کەلێنە لە نێوان نفووزو دەسەڵاتی حکومەت و هاوڵاتییاندا، ئەمەش لە ڕێگای تێرکردنی خواستەکانی هاوڵاتییانەوە سەرچاوە دەکرێت و، ڕێگا بەهیچ گروپ و تاقمێکی توندو تیژ نادات دوور لەدیموکراتی دابڕانی نێوان ئەم دوو چەمکە بقۆزنەوەو بۆ مەرامی خۆیان بەکاری بهێنن و موزایەدە بەسەر حکومەتەوە بکەن، هەڵە کوشندەکەی کاری ئابووری مالیکی لەماوەی حوکمیدا ڕێك ئەوەبوو، دەیوویست حکومەتەکەی مەرکەزییەتی ئابووری پەیڕەو بکات و لە هەموو دەسەڵاتە ئابوورییەکاندا تایبەتمەندێتی هەبێت و لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا بێت، تەنانەت حکومەتی ناوەندی بەغدا

لەرۆژی دەستبەکاربوونییەوە کاری بۆ ئەوە دەکرد، کۆنترۆڵی هەموو کاروبارە ئابووری و داراییەکانی هەرێمی کوردستان بکات، هەربۆیە بودجەی بەشێوەیەکی نایاسایی و دەستووری خەرج دەکردوو بە ئاشکرا دزە پێکردنی نەوت و بەفیڕۆچوونی داهاتەکان هەبوو، لەکەرتێکی زەبەلاحی سەربازی و حکومیدا، بەمەش هەنگاوی بەرەو حکومەتێکی دیکتاتۆر دەنا، کاتێك حکومەت دەسەڵاتی فراوانبوو کۆنترۆڵی هەموو بوارەکانی کرد دەبێتە حکومەتێکی دیکتاتۆر. ئەو حکومەتەی مالیکی شکست و بێ بەرنامەیی پێوە دیاربوو، بۆیە ناکرێت بەهەمانشێوە مومارەسەی حوکم بکرێت و ئابووری بەو ئەزموونە سەقەتەی مالیکی ببرێتەوە، بۆ نموونە لەبەر مەرامی سیاسی و شاردنەوەی ژمارەی کوردەکان لەناوچە جێ ناکۆکەکان پرۆسەی سەرژمێری لەسەرجەم عێراقدا دواخست، ناکرێت حکومەتی هەرێمیش بکەوێتە هەمان هەڵەوەو پرۆسەی سەرژمێریی دانیشتووانی دوابخات و پشت بە بیتاقەی شەکروچا ببەستێت، سەرژمێری نەك تەنیا بۆ پرۆسەی سیاسی گرنگە، بەڵکو بۆ چارەسەرکردنی دەیان کێشەو گرفتی سیاسی و ئابووریی و دانانی پلان و ستراتیژییەتی بەڕێوەچوونی کۆمەڵگایە، بەتایبەتی بۆ دابەشبوونی بوودجەو ڕێکخستنی خەرجی و داهاتەکانە .

## بودجەیەك لە١٠٪ی پرۆژەکانی شارەوانی و کارەبای بێ جێبەجێ نەکرێت ئومێدی وەبەرهێنانیشی لێ ناکرێت

پەرەپێدانی ئابووری و مرۆیی لەوڵاتێکدا ئەنجام نادرێت کەلە٩٠٪ی بودجەکەی لەڕێگای داهاتی ناردنە دەرەوەی نەوتەوە بەدەست بێنێت و، سەرجەم کەرتەکانی تری ئابووری پشتگوێ خرابن، بەشە داهاتی هەرێم لەم بودجەیە بەشی پێویستییەکانی وەبەرهێنان و ئاوەدانکردنەوە ناکەن، تەنانەت لە٧٠٪ ی بودجەکەش بۆ خەرجییەکان و بودجەی بەگەڕخستن دەڕوات و بەشێکی کەمی بۆ وەبەرهێنان دەمێنێتەوە، ئەوەتا بەو بوودجەیە لە ٩٠٪ی پرۆژەکانی کارەبای بێ جێبەجێ ناکرێت و ١٠٪ی پرۆژەکانی شارەوانیش ئەنجام نادرێت، لەلایەکی ترەوە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانیش کەمیکردووە ئەوەتا لەبودجەی پەرەپێدانی پارێزگای سلێمانی کە ساڵی رابردوو ٤٠٠ ملیار دینار بووە ئەمساڵ بۆ ١٣٠ ملیار دینار کەمیکردووە واتە بەڕێژەی لە ٦٠٪ی بوودجەکە کەمیکردووە، ئەم بارودۆخە خراپە ڕێك واقیعی ئابووری عێراقەو بەمیراتی بۆ هەرێمی کوردستانیش ماوەتەوە، ئەوەتا بارودۆخی ئابووری حکومەتی هەرێم باش نییە بەوەی ڕێژەی ١٧٪ ی بەشە داهاتی هەرێمەکە کەبەڕێژەی زیاتر لە ٩٠٪ پشت بەم داهاتە دەبەسترێت بۆ بەگەڕخستنی حکومەت دەچێت، کەرتەکانی تری کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری و گەیاندنیش سەرچاوەو داهاتیان نییە، ئەمە لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان بەهەرێمێکی کشتوکاڵی دادەنرێت و خاوەنی چەندین ملیۆن دۆنم زەوی کشتوکاڵە و دەرفەتی دامەزرانی پیشەسازی خۆراکیش زۆرە، لەکەرتی گەشتوگوزاریشدا ئەو ئامارو ژمارانەی ٣ رۆژی چەژنی نەورۆز دەستمان کەوتووە ئەوە دەسەلمێنێت کەهەرێمی کوردستان جگە لەداهاتی نەوت خاوەنی سەرچاوەی داهاتی ترە، ئەوەتا لەتەنیا ٣ رۆژدا ١٥ هەزار گەشتیار سەردانی ناوچەکانی سلێمانیان کردووەو تەنیا لەڕێگای حاجی ئۆمەرانەوە لەماوەی سێ رۆژی چەژنی نەورۆز ٩ هەزار هاوڵاتی ئێرانی هاتوونەتە کوردستان و ٢٠ هەزار عەرەبیش سەردانی شاری هەولێریان کردووە، واتە لە٣ رۆژدا سەدان گەشتیار سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووە، ئەم سەرچاوەی داهاتە وەبەرهێنانی تێدا نەکراوە، کە دەکرا بەهاوشێوەی لوبنان بکرایە بەسەرچاوەیەکی گرنگی داهات، ئەوەتا لەساڵی رابردوو کەرتی گەشتوگوزاریی لوبنانی ٧ ملیارو ٢٠٠ ملیۆن دۆلار داهاتی بووە، بەپێچەوانەوە لەهەرێمی کوردستان گەشتیاران لەبەر دەرگای پارك و

لەکابینەی پێشوو لەبواری ناردنە دەرەوەی نەوت و کارەباو ئاوو گەیاندن و گواستنەوەی ئاسمانی و خزمەتگوزارییەکانی تر هەنگاوی بووێرانە نرا

خەرجییەکانی بەگەڕخستن زۆربەی هەرە زۆری بودجەی هەرێمەکە دەبات و تەنیا لە٣٠٪ی بۆ ئومێدی پەرەپێدان دەمێنێتەوە



هەموو نیشانە ئابوورییەکان ئاماژەن بۆ زیادبوونی ڕێژەی هەژاری و بێکاری

**پەرەپێدانی ئابووری و مرۆیی لەسیستەمی ئابووری بازاڕەوە رێگە دەکرێت**

**لە ٩٠٪ی داهاتی هەرێمەکە پشتی بەبەشە داهاتی لە ١٧٪ ی نەوت بەستووەو لە٧٠٪ی بۆ بەگەڕخستنی حکومەت دەچێت، کەرتەکانی تری کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری و گەیاندنیش سەرچاوەو داهاتێك نین بۆ حکومەت**

سەرشۆستەکان شەوانە دەمانەوە، لەم دۆخەدا ئاساییە ئابووری هەرێمەکە بەئابوورییەکی یەك سەرچاوەو ناسەقامگیر ناوببرێت.

کەمی و نەبوونی فەلسەفەیەکی بەرهەمهێن وایکردووە ئەم هەرێمەی کوردستان نەبێتە خاوەن ستراتیژییەتێك بۆ بەرهەمهێنان و گواستنەوەی کەرتەکانی ئابووری لەئاستێکی نزمەوە بەرەو ئاستێکی پێشکەوتوو، هەرئەمەش هۆکارێك بوون لەپێشت ئەوەی کوردستان سیاسەتێکی ئابووری نەبێت و لەچوارچێوەیەکی داخراوی بێ بەرهەمی دەربازی نەبێت و بەپێگەیەك بۆ ساخکردنەوەی کالاو بەرهەمی بێکەڵك و نزم لەکوالیتی وڵاتانی دەوروبەرو جیهان دابنرێت، دوای ئەوەی لەکابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم روو لەدەرهێنان و ناردنە دەرەوەی پێترۆڵ کراو ئاستی بەرهەمهێنانی کارەبای نیشتمانی کوردستانیش بە ٩٠٠ مێگاوات دانراو لەرێگای ئەو غازەوە یەکەکانی هەردوو وێستگەی ٥٠٠ و ٧٥٠ مێگاواتی هەولێرو چەمچەماڵ بەغازی سروشتی بەرهەمهاتوو لەناوخۆی هەرێمەکە بەگەڕخراو، لێرەو لەوێش چەند کارگەیەکی چیمەنتۆو پالاوتگەو شیش و کەرستەی بیناسازی دامەزرا،ئەمە ئەو نەخشە رێگایە بوو کەلەحکومەتی پێشوو داڕێژرا بۆ دەربازبوون لەقەیرانە ئالۆزەکانی کارەبا و سوتەمەنی، بۆ یەکەمینجاریش هەرێمەکە بووە پێگەیەکی جیهانی بۆ دەرهێنان و ناردنە دەرەوەی نەوتی خاو، کاتی ئەوە هاتووە بپرسین دوای دەربازبوون لە دوو ئیدارەیی و کێشە ئالۆزەکان کاتی ئەوە نەهاتووە هەرێمی کوردستانیش وەکو ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو ببێتە خاوەن کارگەو کارخانەی پێشکەوتوو کەتوانای خواستی بازاڕەکانی ناوخۆو کێبرکێ کردنی لەگەڵ بەرهەمی بیانی هەبێت؟ تاکەی ببینە سەبەتەیەك بۆ پڕکردنی گیرفانی بیزنسمان و بازرگانەکانی وڵاتانی دەوروبەر ؟، بۆچی کەرتە پیشەسازییەکەی هەرێمی کوردستان بەگەڕ نەخەینەوە؟ بۆ دەبێت هەرێمی کوردستان ببێتە باشترین پێگە بۆ ساغکردنەوەی کالاو کەلوپەلە ئێکسپایەرو بەسەرچووەکانی وڵاتانی دەوروبەر؟ ئەمەش دەرئەنجامێکی ئاسایی بوو لەبەرامبەر فەرامۆشکردنی کەرتی پیشەسازی و داڕمانی کارگەکانمان . سستبوون و ئیفلیجبوونی پیشەسازی کە گرنگترین یەکەی بەرهەمهێنانە لە هەرێمەکەدا خۆی لە خۆیدا شکستێکی پلاندانانە، چونکە نەیتوانیوە بەردەوامی بدات بە بەگەڕخستنی کارگە حکومییەکان و ئەو کارگانەی وەکو جگەرەو رستن و چنین ومەڕمەڕو ..هتد . کەرتی تایبەتیش نەك وەکو جاران بەرهەمیان لاواز بوو بەڵکو لە بەرهەمهێنانیش راوەستان و، ئەوەی بێی دەوترا چەند هەوڵێکی دروستکردنی پیشەسازی خۆراکی وەکو کارگەکانی زەیتی گوڵەبەڕۆژەو دۆشاوی تەماتە هەرهەمووی لە کارکەوتن، بگرە هەوڵێکی گەورەی ئەوتۆو فراوان لەلایەن سەرمایەدارو دامەزرانی کارگەو کارخانە بگرە بزنسمانی کوردیش بۆ دامەزرانی کارگەو پەرەپێدانی پیشەسازی نەدراوە، چونکە بە دەگمەن سەرمایەدارێکی کورد دەبینی روو بکاتە بواری پیشەسازی بەڵکو زیاتر روو لە بواری بازرگانی و بەڵێندەرایەتی دەکەن و دوای دەسکەوتی خێراو قازانجی بەپەلە دەکەون.

رەنگە زۆر بۆچوون و تێڕوانینمان بەهەڵە وەرگرتبێت بەوەی باشکردنی بارودۆخەکەو بەرپرسیارێتی تەنیا ئەرکی سەرشانی حکومەت بێت، بەڵکو ئۆپۆزسیۆنیش بەشێکی گرنگی ئەو بەرپرسیارێتییەی دەکەوێتە سەرشان و دواتر هەموو حیزب و پارتە سیاسییەکانی گۆڕەپانی سیاسی کوردستان بەرپرسیارن بەرامبەر بەکەموکورتییەکانی هەرێمەکە بەتایبەت کێشەو گرفتە ئابوورییەکان، بەڵام چارەسەرکردنی ئەم کێشەو کەموکورتییانە بەپلەی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی حکومەت، رەنگە لەبوارەکانی چارەسەرکردنی مەسەلە ئابوورییە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەولێرو بەغدا وەکو یاسای نەوت و گازی عێراقی و گرێبەستە نەوتییەکانی کوردستان و لە١٧٪ی بوودجەو بودجەی هێزی پێشمەرگەو. چەندین بواری دیکە، ئەرکی سەرشانی هەموو هێزە کوردستانییەکان بێت کار بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بکەن.کە بەدرێژایی چەند ساڵی رابردوو ئەم دۆسیێ گرنگانە نەك هەر بەرەو چارەسەرکردن نەچوون بەڵکو ئاڵۆزتر بوون و دەیان ئاستەنگ لەبەردەم چارەسەرکردنیان دانراوە، بەڵام لەئەکتیڤ کردنی حکومەت و پەرەپێدانی ئابووری و مرۆیی هەرێمەکەدا ئەرکی سەرشانی حکومەتی هەرێمە هەنگاوی جیدی بنێت و تەنیا لەچوارچێوەی دروشم و خیتابدا نەسوڕێتەوە بەهاوشێوەی کابینەی پێشوو هەنگاوی عەمەلی بنێت. بەتایبەتی لەبواری رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی کەبۆ حکومەتی هەرێم ئەو تەحەددییەیە کە دێتە بەردەم کارو بەرنامەو چاکسازییەکانی، بەتایبەتی نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە هەرێمەکە دەکەوێتە ناوچوارچێوەی وڵاتێکەوە لەریزبەندی دووەمین وڵاتی گەندەڵکارو سێیەمین وڵاتی ناشەفاف ناوی دەبرێت، بەبێ بنبڕکردن و چارەسەرکردنی ئەمبوارە ناکرێت عێراق بچێتە دۆخی ئابووری بازاڕو کەرتێکی گشتی و تایبەتی دامەزراوەیی هەبێت .

## رێژەی پەرەپێدانی مرۆیی و ئابووری خەریکە رادەوەستێت

بە وروژاندنی چەند بابەتێك ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێت حکومەت توانای جێبەجێکردنی پرۆژەی گەورەی نییە، ئەوەتا لەبودجەی ٢٠١٠ دا کورتهێنان هەیە، نزیکەی لە ٧٠٪ ی بودجەکە بۆ بەگەڕخستنەو تەنیا لە ٣٠٪ی ئەو بودجەیە بۆ وەبەرهێنانە، ئەمەش ئەوەندەی تر ئەو مەقوولەیە دەسەلمێنێت کە جۆرە بێبەرنامەییەك بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیەو پێویستە زوو بەرنامەو پلانی پەرەپێدان دارێژرێت و جێبەجێ بکرێت، بودجەکە شتی باشی تێدا بووە بەڵام دوور نییە لەکەموکورتی و پێویستە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، بەتایبەتی پرۆژە تەواونەکراوەکان و دووبارە بووەکان و داهاتی فرۆشتنی نەوتی خاوو دەیان مەسەلەی پەیوەنداری تر بەدامەزرانی ٩٦٠٠ دەرچووی زانکۆکان لەحکومەتێکی ١٠٥٠٠٠٠ یەك ملیۆن و پەنجا هەزار فەرمانبەردا ئەوەندەی تر قەبارەی حکومەت گەورەتر دەبێت، ئەمە لەکاتێکدا کەرتی تایبەت لەبواری پیشەسازی و کشتوکاڵی دا لاوازەو خاوەنی پرۆژەی بەرهەمهێنان نین لە وڵاتێکی بەکارهێنەر کە بۆتە ناوچەیەك بۆ ساغکردنەوەی کالاو بەروبوومەکانی وڵاتانی دەوروبەر، تەنانەت کەرتی کشتوکاڵیش کاری گەورەو گرنگی بۆ نەکراوە، لەلایەکی ترەوە رێژەی پەرەپێدانی مرۆیی و ئابووری خەریکە رادەوەستێت و ئەگەری بێبازاڕیش هەیە، لەکاتێکدا هەموو پێشبینییەکان بەو ئاراستەیە دەڕوات کە بێکاری روو لەزیادبوون بکات، چونکە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تاکە هەڵی کاری نوێی لەکەرتی تایبەت دابین کردووە، ئەویش بەو شێوەیە نییە کە ئومێدی بێ ببەسترێت .

## با چیتر هاوڵاتی باجی ئەو شێوازە کۆنەی بەڕێوەبردن و ئابووری نەدەنەوە

دوای ١٩ ساڵ لەخۆبەڕێوەبردن کاتی ئەوە هاتووە چاکسازی و گۆڕانێکی بنەڕەتی و حەقیقی لەناو وەزارەت و دامودەزگا ئیدارییەکان ئەنجام بدرێت، چونکە لەزۆر بواردا چەقبەستوویی و مانەوە لەدۆخێکدا

ئـــەو پرســـــیارە دەهێنێتە پێشـــەوە، ئایا کورد توانـــای چاکســـازی و پەرەپێدانـــی نییەو کلتـــوورو دابونەریتی کۆن وەکـــو میراتییەك بـــۆی ماوەتـــەوە؟ یاخوود توانـــا مرۆیی و ئابوورییەکانی بەردەست دەتوانن گۆڕانکاری و چاکســـازی وا بهێنە پێشەوە کە نوێبوونەوە بەسیستەمی کۆنی کارگێڕی بدات و چیتر هاوڵاتییان باجی ئەو شێوازە کۆنەی بەڕێوەبردن نەدەنەوە کە پڕ بووە لەمەحسوبییەت و رۆتین و بیرۆکراتییەتی خراپ، بەشێوەیەك وایلێهاتووە بۆ مامەڵەیەك و کارێکی ئاسایی دەبێت بەدوو ســـێ رۆژ بێنەو بەردە بکەیت هەروەکو چۆن لەبواری کاروبارەکانی بەناوکردنی ئوتومبێل و خانووبەرە دووچاری دەبین یاخود بۆ هەندێك کار بەهەفتـــە هاوڵاتی ماندوو دەکرێت، وەك ئەوەی لێهاتـــووە بۆ هاوڵاتی کوردســـتانی بڕاوەتەوە کە لەریزو قەڵەباڵغی و چاوەڕوانیدا ژیانی بەڕێ بکات.

داڕشـــتنەوەی بەرنامەو پلانـــی ئابووری وا ئاسا نییە، بەڵام ئەوەندە قورس و ئاستەمیش نییە تاکو ئێســـتا خاوەنی پلانی ئابووری لەم هەرێمەدا نەبین، تاوەکو نەبینە خاوەنی ئەو پلانە ناکرێت نەخشەی ڕێگا بۆ پەرەپێدانی ئابووری داڕێژین و پشت بەچەند سەرچاوەیەکی داهات ببەستین، ئەوەتا لە ١٦ بەشی زەوی بەراوی هەرێم تەنیا سوود لەیەك بەشی وەرگیراوە بۆ کشـــتوکاڵ، کە دەگاتە ٦٪ی سەرجەم زەوییە بەراوەکان، پلانە ستراتیژییەکەی پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵیش کەلەکابینەی پێشوو دانرا، لەبەر کەمـــی بودجەی وەبەرهێنان دووچاری شکست دەبێتەوە.

لەبـــواری گرنگیـــدان بەســـامانی ئاویش هەنـــگاوی جیددی و گرنـــگ نەنراوە، بۆ نموونـــە بەڕێوەبەرایەتـــی ئاودێریی و ئاوی ســـەر زەوی سلێمانی پێشـــنیاری ژمارەیەك پرۆژەی ئاودێری و بەربەست بۆ ئەمبارکردنی ئـــاوی بارانـــاو کردبوو تەنیا بـــە تێچوونی ٢٧ مليـــار دینار، تاکو ئێســـتا وەڵامی ئەو داواکارییـــە نەدراوەتـــەوە، تاکـــو بوژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ نەبێتە ڕیزبەندی پێشەوەی بەرنامەو کاری حکومەت هەنگاوی گرنگ بەرەو پێشـــەوە نانرێت. پلانی پێنج ســـاڵەی پێشـــکەوتنی کەرتی کشتوکاڵ کە پێویستی بە٨٠٠ مليار دینارە بـــۆ جێبەجێکردنی ٦٤ پـــرۆژە لەو بێ بوودجەیی و بێ ســـیولەیی دا هیـــچ ناکرێت، کە لەبودجەی ئەمســـاڵدا بڕە پارەیەکـــی زۆر کەمتر بۆ جێبەجێکردنی ئـــەو پلانە تەرخانکراوە کـــە تەنیا ٥٠ مليار دینارە. کاتی ئەوە هاتـــووە هەنگاوەکان چڕ بکرێنەوە لە بەهێزکردنی کەرتی بەرهەمهێنان و هاوسەنگ کردنی تەرازووی بازرگانی و، بایەخ بەبەرووبووم و بەرهەمی خۆماڵی بدەین تاوەکو بتوانین هەنگاو بەرەو پلانەکانی تایبەت بە ئاسایشـــی خۆراك بنێیـــن، کە کۆڵەکەی سەرەکی پاراستنی ئاسایشـــی ئابووریمانە، ئەم ئەرکەش دەکەوێتە ســـەر نەخشەدانەران و بڕیاربەدەستانی تایبەت بەبوارەکانی پلاندانان و پیشەســـازی و کشـــتوکاڵ و بازرگانی و دارایـــی . دەکرێت لیژنـــەی باڵای ئابووری هەرێـــم و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ئەکادیمییەکانـــی هەرێم هەنگاو بۆ دانانی نەخشەی ڕێگای بەرهەمهێنان بنێن چی تر لەچوارچێوەی بێ بەرهەمی و لاوازی ڕێژەی پەرەپێدانی ئابووری و مرۆیی نەسوڕێینەوەو لەرووی پراکتیکییەوە ستراتیژییەتی ئابووری جێبەجێ بکرێت..

**کەمی و نەبوونی فەلسەفەیەکی بەرهەمهێن وایکردووە، ئەم هەرێمەی کوردستان نەبێتە خاوەن ستراتیژییەتێک بۆ بەرهەمهێنان و گواستنەوەی کەرتەکانی ئابووری لەئاستێکی نزمەوە بەرەو ئاستێکی پێشکەوتوو**

**دوای دەربازبوون لە دوو ئیدارەیی و کێشە ئاڵۆزەکانی کاتی ئەوە نەهاتووە هەرێمی کوردستانیش وەکو ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو ببێتە خاوەن کارگەو کارخانەی پێشکەوتوو؟**



ئایا کلتوور و دابونەریتی کۆنی بەڕێوەبردن و کار وەك میراتی بۆمان ماوەتەوە



# سوپای دەوڵەتانی دیموکراتی، دام

# تاچەند زانکۆی (کوردستان) لـ



گوڵان
ژمارە (٧٧٤)
٢٠١٠/٣/٢٩



# ـــەزراوەی بەرهەمهێنانی مەعریفەیە
# ـــــەم ئەرکەدا سەرکەتوو بووە؟

**دوای نزیکەی ئەزموونی ٢٠٠ساڵی مرۆڤایەتی لە تاقیکردنەوەی لە نێوان سیستەمەکانی حکومڕانیدا، دەرکەوت لیبرالیزم لەناو سیستەمەکانی حکومڕانی لە هەموویان باشترە**

**بوونی زانکۆی ئاست بەرز پەیوەندی بەسروشت گەل و جوگرافیای وڵاتەوە نیە**

کاتێك باسی دەوڵەتانی دیموکراتی دەکەین مەبەستمان ئەو دەوڵەتانەیە کە لەسەر بنەمای سیستەمی لیبرالیزم هەنگاویان بەرەو دیموکراتی هەڵگرتووە، کەواتە ئەمە پێمان دەڵێت هەردەوڵەتێك سندوقی هەڵبژاردنی دانا و هاوڵاتیان هەر چوار ساڵێك چوونە بەردەم سندوقی دەنگ پێی ناگوترێت حکومڕانی سیستەمی لیبرال دیموکراتی، لە زۆربەی دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو یان ئەو دەوڵەتانەی لە دەستپێکی پرۆسەی بونیادنانی دیموکراتیدان دەبینین خودی پرۆسە دیموکراتیەکە هۆکارێکە بۆ پووکانەوەی لیبرالیزم ( وەك سیستەم)، ئەوجا کێشەکە لێرەوە دەست پیدەکات کە چەمکی لیبرالیزم زۆر وەك سیستەم سەیر ناکرێت بەڵکو وەك مانای وشە،کاتێك ئەم سیستەمە تەنها لە وشەی لیبرالی یان لیبرالیەت بچووکدەکەینەوە سەیردەکەین هەموو مانای سیستەمی دیموکراتی گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەوکاتە دەبینین پرۆسەی دیموکراتی بەرێکوپێکی بەڕێوەدەچێت، هاوڵاتیانیش بەرێژەیەکی باش بەشداری دەنگدان دەکەن، بەڵام کە دەنگەکانی نێو سندووقی دەنگدان یەکلاییدەبنەوەو لەبەر ئەنجامی ئەو دەنگانە حکومڕانی دەکرێت، دەبینین حکومڕانیەکە هەر ناوێکی لێبنرێت ناتوانین ناوی لێبنێین حکومڕانی لیبرال دیموکراتی،فەرید زەکەریا بیرمەندی لاو ئەمەی ناو لێناوە ( دیموکراتیەتی نا لیبرالی، illiberal democracy)، لێرەوە ئەگەر ئاماژە بە هەندێك نموونە بکەین و بۆ شرۆڤەی نموونەکانمان دیموکراتی و لیبرالی لەیەکتری جیابکەینەوە، دەبینین هەڵبژاردنەکانی ناوچەکانی دەسەڵاتی نیشتمانی فەلەستین کە تیایدا ڕێکخراوی حەماس(بزووتنەوەی بەرگری ئیسلامی ) سەرکەوتنی بەدەستهێنا، دەبینین هەڵبژاردنەکان لەرووی بەشداری هاوڵاتیان و پاك و بێگەردی هەڵبژاردنەکەوە لە ئاستی پەسەند بووە، هەروەها هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران کە ئەوانیش لەرووی بەشداری و پاك و بێگەردیەوە( بێجگە لەهەڵبژادنەکانی ساڵی پار) ئەوانی دیکە لە ئاستی پەسەند بوونە، بەڵام دەبینین ئەم دوو هەڵبژاردنە هیچیان نەبوونە هۆکاری ئەوی سیستەمێکی دیموکراتی لیبرالی بێننە ئاراوە، بەپێچەوانەوە هەردوو هەڵبژاردنەکە بوونە فاکتەری ئەوەی دوو دەسەڵاتی تیۆکراتی دابمەزرێن.

فرانیسس فۆکایاما لە کتێبی کۆتایی مێژوو دوایین پیاو، زۆر جەخت لەسەر سیستەمی لیبرالیزم وەك بنەمایەك بۆ دیموکراتی دەکاتەوە، فۆکۆیاما دیموکراتی وەك ئەو سیستەمە سەیر ناکات کە دوایین سیستەمی حکومڕانی بێت کە مرۆڤ لە مێژووی حکومڕانیدا پێی گەیشتبێت و دوا ئامانجی دیموکراتی بەرهەمهێنانی ئازادی و پاراستنی ئازادی بێت، نەخێر ئەو سیستەمەی لیبرالی وەك دوایین سیستەم لە مێژووی حکومڕانی مرۆڤ سەیر بکرێت و پێویستە ئەم سیستەمە پەرەپیبدرێت و دەوڵەمەند بکرێت نەك بیر لە سیستەمێکی دیکە بکرێتەوە، ئەمەی فۆکۆیاما گەڕانەوەیە بۆ کۆتایی مێژووەکەی هیگڵ، بەڵام قۆناخێکی پێشکەوتووتر، واتە دوای نزیکەی ئەزموونی ٢٠٠ساڵی مرۆڤایەتی لە تاقیکردنەوەی لە نێوان سیستەمەکانی حکومڕانیدا، دەرکەوت لیبرالیزم لەناو سیستەمەکانی حکومڕانی لە هەموویان باشترە، ئەمە بەو مانایە نیە ئەم سیستەمە رەخنەی لێناگیرێت و کەموکورتی نیە، نەخێر بەو مانایەی سیستەمەکانی حکومڕانی هەموویان خراپن و سنوور بۆ ئازادیەکانی مرۆڤ دادەنێن، بەڵام باشی ئەم سیستەمە لەوانی دیکە ئەوەیە کە ئەم سیستەمە بوار دەدات رەخنەی لێبگیرێت و بوار دەدات مرۆڤ داهێنان بکات و کەموکورتیەکان بخاتە روو،هەوڵیش بۆ چارەسەرکردنی کەموکورتیەکان بدات،بەڵام چارەسەرکردنە بە شێوازی زانستی بەپەنابردن بە دیالۆگ و لێکتری تێگەیشتن،بەبەرهەمهێنانی مەعریفە.ئەمە راستیەکی دیکەمان پیشاندەدا، کە ئەو دەوڵەتانەی سیستەمی لیبرالیان پیادەکردووە لەماوەی ٢٠٠ ساڵی رابردوودا رۆژێك کێشەکانی نێوانیان نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە بەزمانی چەك و شەڕ چارەسەری بکەن، بۆیە کە لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە سیستەمی لییبرالی پێشکەوتنی گەورەی بەخۆیەوە بینی و بووە سیستەمی( لیبرال دیموکراتی ) دەبینین دەوڵەتانی لیبرال دیموکراتی نەك هەر نەبوونە هۆکار بۆ دروستبوونی شەڕێکی دیکەی جیهانی بەڵکو شەڕێکی گەورەی دیکەیان بەبێ شەڕ کۆتایی پێهێناو تیایدا سەرکەتووبوون کەئەویش کۆتایی هاتنی شەڕی سارد بوو، نیکسۆن سەرۆك کۆماری پێشووی ئەمریکا ئەم سەرکەوتنەی ناو لێناوە( النصر بلا حرب) واتە سەرکەوتن بەبێ شەڕ.

لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر باسەکەی خۆمان و ئایا چۆن مەعریفە جێگەی سوپای گەورە دەگرێتەوە بۆ پاراستنی سیستەمی حکومڕانی ؟ لە وەڵامدا دەڵێین بەدامەزراوەی بەرهەمهێنانی مەعریفە( زانکۆ ) لەسەر ئاستی ستاندەری جیهانی و سوور بوون لەسەر ئەوەی کە زانکۆ دەبێت بێجگە لە داهێنان و بەرهەمهێنانی مەعریفە کارێکی دیکەی نەبێت.

لێرەوە ئەگەر سەیری وڵاتانی لیبرال دیموکراتی بکەین، دەبینین ئەو ٢٠٠ زانکۆیەی لەسەر ئاستی جیهان پۆلێن دەکرێن لە رووی ئاستی زانستیەوە، ئەو زانکۆیانەن کە دەوڵەتەکانیان سیستەمی لیبرالی دیموکراتی پیادە دەکەن وەك دەوڵەتانی ئەمریکای باکور و ئەورپای رۆژئاوا، یان سیستەمەکەیان لیبرالی یە وەك دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا.

کەواتە لێرەوە دەبینین بوونی زانکۆ بە ئاستی ستاندەری جیهانی پەیوەندیەکی پتەوی لەگەڵ سیستەمی لیبرالی بەشێوەیەکی گشتی و لیبرال دیموکراتی بەشێوەیەکی راستەوخۆ دروستکردووە، کاتێك باسی زانکۆی ئاست بەرز دەکرێت هەموو ئاماژە بەو زانکۆیانە دەکەین کە لەو دەوڵەتانەن سیستەمی لیبرالی پیادە دەکەن، خاڵێکی دیکە کە ئەویش جێگەی خۆیەتی ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە،بوونی زانکۆی ئاست بەرز پەیوەندی بەسروشت گەل و جوگرافیای وڵاتەوە نیە، هەر بۆ نموونە دەوڵەتی ئیسرائیل کە ناتوانین بڵێین دەوڵەتێکی لیبرال دیموکراتیەو دەکرێت تەنها پێی بڵێین دەوڵەتێکی لیبرالیە دەبینین یەکێك لە زانکۆکانی لەریزی




ئەو ٢٠٠ زانكۆیــەی جیهان پۆلێنكراوە، دوو زانكۆی ئیســرائیل لەریزی ئەو دوو سەد زانكۆیەن، بەڵام یەك زانكۆی لە ناو ٢٣ دەوڵەتی عەرەبیدا نەیتوانیوە جێگەی خۆی بكاتەوە،لەئاسیا كە تەنها ١٦ زانكۆ ئاماژەی پێكراوە زۆری زۆریان زانكۆكانی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ئاسیان، كە هۆنك كۆنــگ لەگەڵ ئــەوەی گەڕاوەتەوە بۆ چیــن بەڵام زانكــۆی هۆنك كۆنگ لە ریزی ئەو ٢٠٠ زانكۆیە دەست نیشانكراوە و زانكۆی تۆكیۆ لەســەر ئاستی ئاسیا ریزبەندی یەكەم و لەســەر ئاستی جیهان ریزبەندی ٢٢ی وەرگرتووە.

لێــرەدا ئــەو پرســیارانەی ئــەم ئامارە دەیوروژێنێت ئەوەیــە ئایا بۆچی لە نێو ٢٣ دەوڵەتی عەرەبی كە بەســەدان زانكۆ هەیە بۆ چــی یەكێكیان نەكەوتوونەتە نێو ئــەو ٢٠٠ زانكۆ جیهانیــەوە؟ بێگومان سیستەمی حكومڕانی دەوڵەتانی عەرەبی راشــكاوانە وەڵامە بۆ ئەم پرســیارە كە دەوڵەتانــی عەرەبــی هیچیــان پێڕەوی سیســتەمی حكومڕانــی لیبرالــی یان سیستەمی حكومڕانی لیبرال دیموكراتی ناكەن، بۆیە پێویســتیان بە دامەزراوەی بەرهەمهێنانــی مەعریفــە نیــە، بەڵكو پێویستیان بە سوپا و كودەتای سەربازییە، هەر بــۆ نموونە ژەنراڵ عومەر حەســن ئەلبەشیری سەرۆكی ئێستای سۆدان لەو كاتەی دادگای نێودەوڵەتی بۆ تاوانبارانی جەنــگ بانگهێشــتی دەكات، كەچی عومەر ئەلبەشیر بە راوەشاندنی شمشێری عەرەبی وەڵامی بانگهێشتەكەی دادگای نێــو دەوڵەتی بــۆ تاوانەكانــی جەنگ دەداتەوە، ئەم هەڵوێستەی باشترین وەڵامە بــۆ دەوڵەتە عەرەبییەكان كە پێویســتیان بە زانكۆ بە ئاستی ستاندەری جیهانی نییە.

### قۆناخی ئینتیقالی و بایەخی زانكۆ وەك دامەزراوەیەكی مەعریفی

رژێمی پێشــووی بەعس لە هەشتاكانی ســەدەی رابــردووەوە ئەو راســتییەی بۆ دەركــەوت كــە یەكێــك لــە هەڵەكانی ئەوەبووە رێگەی داوە زانكۆی ســلێمانی لەكوردســتاندا بكرێتــەوە، لەبەر ئەوەی زانكۆی سلێمانی ئەو ناوەندە بوو كە بیری نەتەوەیی شۆڕشگێری كوردستانی زیاتر تێدا بەرجەســتە دەبوو، بۆیە لەسەرەتای هەشتاكانی ســەدەی رابردوو بەبڕیارێك ئەم زانكۆیەی لە سلێمانیەوە گواستەوە بۆ هەولێرو ناوەكەی لە زانكۆی ســلێمانیەوە گۆڕی بۆ زانكۆی سەلاحەدین.

گواستنەوەی ئەم زانكۆیە لە سلێمانیەوە بۆ هەولێر بەو ئامانجە نەبوو هەولێر پێویستی بەزانكۆیە، بەڵكو بەو ئامانجە بوو رەگ و ریشــەی ئەو دامەزراوە هەڵبكەنێت كە بووبوو بە دامەزراوەی بونیادی مەعریفە لە كۆمەڵگەی كوردستاندا، بێگومان لەبەر ئەوەی خەڵكی كوردســتان لە مەبەست و ئامانجەكانی رژێمی بەعس تێدەگەیشت، بۆیە هەر زوو ئەم زانكۆیە جارێكی دیكە بووەوە بە ناوەندی بەرهەمهێنانی مەعریفە و داهێنانی شۆڕشــگێری و جۆشــدان و هەستانەوە لە نێوان خوێندكارو قوتابیاندا، ئــەم رۆڵــەی زانكۆی ســەلاحەدین لە خۆپیشاندانەكانی قوتابیانی هەشتاكانی سەدەی رابردوو بەراشكاوی

**دەوڵەتانی عەرەبی هیچیان پێڕەوی سیستەمی حكومڕانی لیبرالی یان سیستەمی حكومڕانی لیبرال دیموكراتی ناكەن، بۆیە پێویستیان بە دامەزراوەی بەرهەمهێنانی مەعریفە نیە، بەڵكو پێویستیان بە سوپا و كودەتای سەربازییە، هەر بۆ نموونە ژەنراڵ عومەر حەسن ئەلبەشیری سەرۆكی ئێستای سۆدان لەو كاتەی دادگای نێودەوڵەتی بۆ تاوانبارانی جەنگ بانگهێشتی دەكات، كەچی عومەر ئەلبەشیر بە راوەشاندنی شمشێری عەرەبی وەڵامی بانگهێشتەكەی دادگای نێو دەوڵەتی بۆ تاوانەكانی جەنگ دەداتەوە**

بەرجەستەبووبوو، بۆیە حکومەت هەوڵیدا زانکۆی سـەلاحەدین بە پەرشـوبڵاوی بهێڵێتـەوە و هەوڵیش نەدات لە کامپێکدا هەموو زانکۆ کۆبکاتەوە بۆئەوەی سیمای زانکۆیەکی سـەردەمیانەی نەبێت، زیاد لەمەش چەندین کۆلێژو بەشی گرنگی لەم زانکۆیە داخست کە گرنگترینیان داخستنی کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەدین بوو لە ئاسکی کەڵەک، لەکاتێکدا کۆلێژی کشتوکاڵ بۆ کوردستان گرنگترین کۆلێژ بوو بۆ ئاییندەی کوردستان،ئەم باکگراوەندە لە پێناوی ئەوەبوو ئاماژە بەوەبکەین، کە دوای راپەریـن و کشـانەوەی ئیداراتی حکومەت لەهەرێمی کوردستان، کوردستان هەمووی پێکەوە زانکۆیەکی تێدابوو، کە ئەویش لەبەر مەبەسـتی سیاسیی ئیفلیج کرابـوو نەدەتوانرا پێی بڵێـن زانکۆیەکە هاوشـانی زانکۆکانـی عێراق،کەواتـە دەتوانیـن بڵێین لـە دوای راپەرین نەك هەر زانکۆیەك نەبوو بە ئاستی ستاندەری جیهانی، بەڵکو تەنانەت زانکۆیەکیشمان نەبوو بەئاستی ستاندەری عێراقی، ئەگەر راشکاوانەتر ئەمە بخەینەروو و بەراوردێك لە نێوان زانکۆی سـەلاحەدین و زانکۆی بەغدا یان موسڵ بکەین، دەبینین زانکۆی سەلاحەدین لەسەرەتای راپەرین لەچاو ئەو زانکۆیانەدا هەر زانکۆ نەبووە.

دوای ئەنجامدانـی هەڵبژاردنی ١٩٩٢ و دامەزرانـدی پەرلەمـان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، حکومەت و پەرلەمان ئەولەویەتیان دا بەم بوارە گرنگە و چەندین زانکۆی دیکە لەکوردستان کرایەوە، بەڵام ئێستاشی لە گەڵدابێت لەبەر ئەوەی زانکۆ وەك دامەزراوەیەکی مەعریفی پێویسـتی بە ئیمکانیەتی لۆجیسـتی و تەکنیکی و پسـپۆری هەیە، نەتوانـرا زانکۆکانی کوردستان لەرووی چۆنایەتیەوە گۆڕانی گەورەیان بەسەردا بێت و لانی کەم بگەنە ئاسـتی زانکۆکانی دەوربەر نەك ئاستی زانکۆکانی جیهان.

دانانی پلانێـك بۆ ئـەوەی زانکۆکانی کوردسـتان بگەنە ئاسـتی زانکۆکانی جیهـان، لە ماوەی کابینـەی چوارەم و پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك پلان،پلانـی بـۆ دارێـژراوە کە بەو ئاسـتە پێداویسـتیەکانیان بۆ جێبەجێ بکرێت،بەتایبەتی لە رووی دروسـتکرنی بینایـەی شایسـتەو بەشـی ناوخۆیی قوتابیـان و دروسـترکردنی کتێبخانەی ئەلیکترۆنی ودروستکردنی پەیوەندی لە نێوان زانکۆکانی کوردستان و زانکۆکانی جیهان، بەڵام جێبەجێکردنی ئەم پلانە بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە بگەنە ئەم ئاسـتە کارێکی ئاسـان نەبوو، ئەمە لە کاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی لە کابینەی چوارەمەوە گەیشـتبووە ئەو قەناعەتـەی بەبێ پەرەپێدانـی توانای مرۆیی و بەرهەمهێنانی کادری مەشـق پێکـراو بـە مەعریفەی سـەردەم، زۆر زەحمەتە بتوانرێت سیستەمی حکومرانی هەرێمی کوردسـتان بگاتە ئەو ئاستەی کە پێیبگوترێت سیسـتەمی حکومڕانی دامەزراوەیـی دیموکراتـی، بۆیە رێزدار نێچیرڤـان بارزانی سـەرۆکی کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەراوێژو هاوکاری لەگەڵ زانایانی کورد لە زانکۆکانـی جیهان بیرلـەوە کرایەوە کە زانکۆیەکی گشـتی لە کوردسـتان دابمەزرێت بایەخ بەو زانسـتانە بدات کە سیستەمی کارگێڕی کوردستان پێویستی پێیەتـی، بۆئـەوەی سـاڵانە کۆمەڵێك کادری زانستی پێبگەیەنێت و پێشکەشی دامودەزگاکانـی حکومەتـی هەرێمی کوردستانی بکات.

ئێمە کاتێك تەنها باسـی چەند ساڵێك( واتـە کەمتر لە ١٠) دەکەیـن، کە ئێمە چەند پێویسـتمان بەکادری زانسـتی و مەشـق پێکـراو بەمەعریفەی سـەردەم هەبـووە بۆ ئەوەی سیسـتمی کارگێری خۆمان هەموار بکەیـن و بیکەنە ئەوەی توانای ئەوەی هەبێت لەگەڵ سیسـتمی دامەزراوەیی رێبکات، لەوانەیە زۆر کەس لەو راسـتیە ئاگادار نەبێت کاتێك بیر لە دامەزراندنی زانکۆی کوردستان کرایەوە، ٥٪ی کارمەندانی حکومەت و دەرچووی زانکۆ نەیاندەزانی ئەسڵەن کار بەکۆمپیوتەر بکـەن، ئێستاشـی لە گەڵـدا بێت زۆر لەبەرپرسانی باڵای حکومەت ناتوانن وەك پێویست بۆ کاروباری رۆژانەی کارگێری حکومەت سوود لە کۆمپیوتەر وەربگرن. بۆیـە کاتێك دەڵێین کردنـەوەی زانکۆی کوردسـتان بۆ ئەوە بوو کادری زانستی و مەشـقپێکراو بە مەعریفەی سەردەم بۆ حکومەت و بۆ هەمواکردنی سیستەمی کارگێـری بەرهەم بێت مەسـەلەیەکی گرنـگ و پێداویسـتیەکی قۆناخێکی زۆر هەسـتیارو گرنگ بووە، مەبەستمان ئەوەیە کە هێشـتا سیستەمی کارگێڕی حکومەتی کوردستان گەورەترین گرفتی ئەوەیە کـە کادری پێویسـتمان نییە،بۆ ئـەوەی ئەو سیسـتەمە کۆنـە هەموار بکرێـت و دامودەزگاکانی حکومەت وەك دامەزراوەی جیهانی سـەردەم کار بکەن، بۆیە لـەم روانگەیەوە کاتێـك نێچیرڤان بارزانی ئەو خاڵە گرنگەی دەستنیشانکرد و کردنـەوەی زانکۆیەکـی بە ئاسـت و




> **دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ١٩٩٢ و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، حکومەت و پەرلەمان ئەولەویەتیان دا بەم بوارە گرنگە و چەندین زانکۆی دیکە لەکوردستان کرایەوە، بەڵام ئێستاشی لە گەڵدابێت لەبەر ئەوەی زانکۆ وەک دامەزراوەیەکی مەعریفی پێویستی بە ئیمکانیەتی لۆجیستی و تەکنیکی و پسپۆری هەیە، نەتوانرا زانکۆکانی کوردستان لەرووی چۆنایەتیەوە گۆڕانی گەورەیان بەسەردا بێت و لانی کەم بگەنە ئاستی زانکۆکانی دەوربەر نەک ئاستی زانکۆکانی جیهان**

کاتێک بیر لە دامەزراندنی زانکۆی کوردستان کرایەوە، ٪ەی کارمەندانی حکومەت و دەرچووی زانکۆ نەیاندەزانی ئەسڵەن کار بەکۆمبیتەر بکەن، ئێستاشی لە گەڵدا بێت زۆر لەبەرپرسانی باڵای حکومەت ناتوانن وەک پێویست بۆ کاروباری رۆژانەی کارگێری حکومەت سوود لە کۆمبیوتەر وەربگرن



نێچیرڤان بارزانی فێرمان دەکات، گرنگ ئەوەیە سیستەمی حکومرانی بەرێگەی راست هەنگاو هەڵگرێت و ئەو رێگایەی بۆ ئایندە دەستنیشانمان کردووە بەلارێدای نەبەین، نەک بیر لەوە بکەینەوە کێ حکومڕانی کوردستان دەکات، هەر کەس حکومڕانی کوردستان دەکات گرنگ نییە، بەڵکو ئەوە گرنگە چۆن حکومڕانی لەکوردستاندا پیادە دەکرێت

ستاندەری زانکۆکانی بەریتانیا بە پێویست زانی لەکوردستاندا هەبێت، ئەوا ئەو زانکۆیە پێمان دەڵێت ئەو سیستەمی حکومڕانیە لیبرال دیموکراتیەی لە بەریتانیا هەیە هاودژی لەگەڵ بیرکردنەوەی نێچیرڤان بارزانی دروست ناکات، ئەوجا نێچیرڤان بارزانی لەناو حکومەت بێت و سەرۆکی حکومەتی کوردستان بێت یا لە دەرەوەی حکومەت بێت و هیچ پۆستێکی رەسمی حکومەتی نەبێت.

ئەمە گەوهەری باسەکەیە کە دەمانەوێت ئاماژەی پێبکەین و لەسەری هەڵوەستە بکەین، کە بۆچی گرنگە شەرەفی دامەزرێنەری زانکۆی کوردستان وەك زانکۆیەك بە ئاستی ستاندەری زانکۆکانی بەریتانیا بۆ پێگەیاندنی ئەو کادرانەی کە سیستەمی کارگێڕی ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی پێیەتی، چەند گرنگە؟ وەڵامی بایەخ و گرنگی ئەم پرسە بەم خاڵانە دەدەینەوە:

١- پێدانی شەرەفی دامەزرێنەری زانکۆی کوردستان بە نێچیرڤان بارزانی، واتە ئەم زانکۆیە هەمووکات نێچیرڤان بارزانی زامنی پێشکەوتن و بەرەو پێشەوە چوونیەتی ئەوجا بەرێزی سەرۆکی حکومەتی کوردستان بێت یان لەدەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت.

٢- راگەیاندنی ئەم پشگیرییە راشکاوانە لەلایەن نێچیرڤان بارزانیەوە بۆ ئەم زانکۆیە و سووربوون لەسەر ئەوەی نابێت ئاستی ئەم زانکۆیە بێتە خوارەوە و هەروەها دەبێت کادری ئاست بەرزی زانستی بەردەوام پێشکەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دامودەزگاکانی بکات، ئەمە پەیامی راشکاوانەی نێچیرڤان بارزانیە بۆ ئەو ئاییندەیەی کوردستان کە لەسایەی پیادەکردنی سیستەمی دامەزراوەیی دیموکراتی پێدەگات، ئەمەش واتە نێچیرڤان بارزانی فێرمان دەکات، گرنگ ئەوەیە سیستەمی حکومرانی بەرێگەی راست هەنگاو هەڵگرێت و ئەو رێگایەی بۆ ئاییندە دەستنیشانمان کردووە بەلارێدای

نەبەین، نەک بیر لەوە بکەینەوە کێ حکومڕانی کوردستان دەکات، هەر کەس حکومڕانی کوردستان دەکات گرنگ نییە، بەڵکو ئەوە گرنگە چۆن حکومڕانی لەکوردستاندا پیادە دەکرێت.

٣- کاتێک سەیری نێچیرڤان بارزانی دەکەین شەرەفی دامەزراندنی زانکۆی کوردستانی بەبەرۆکەوە کراوە، هەر ئەم دیمەنە فێرمان دەکات بیر لەوە بکەینەوە، کە ئاییندەی کوردستان بەو کادرانە دەپارێزرێت کە لە ناوەندی زانکۆی کوردستان مەشق و راهێنانیان لەسەر مەعریفەی سەردەم و راهێنانیان لەسەر چۆنیەتی پیادەکردنی سیستەمی دامەزراوەیی پێدەکرێت، نەک ناوەندەکانی مەشق و راهێنانی سەربازی.

٤- جیاکردنەوەی زۆنی دامەزراوەی مەعریفە لەگەڵ زۆنی ناوەندەکانی مەشق و راهێنانی سەربازی، بۆ یەکەوە گرێدانەوەیانە بەیەکتری نەک لێکدوورخستنەوەیان، ئێمە چۆن پێویستمان بەکادری مەشقکراو بە زانست و مەعریفە هەیە بەهەمان شێوە پێویستمان بە کادر و سەربازی مەشقدراو بە زانستی سەربازی هەیە، بەڵام ئەو کادرانەی بە زانست و مەعریفەی سیاسیی مەشق دەدرێن ئەوانە دەبنە دروستکەری بڕیار بۆ ئاییندەی کوردستان نەک ژەنراڵ و سەربازەکان، ئەمەش واتە سوپا و سەرباز کە فاکتەری سەرەکی و ئارامی و ئاسایشی کوردستانن و قەڵغانی پارێزەری کوردستانن بۆ نەیارەکانی کوردستان، لەو کاتە زانستی سەربازی خۆیان بۆ پاراستنی کوردستان دەخەنە گەڕ کە کادرانی مەشقپێدراو بەزانستی سیاسەت بڕیار بۆ بەکارهێنانی ئەو هێز و زانستە بۆ پاراستنی کوردستان دەدەن، ئەمە واتە دەسەڵاتی سەربازی دەبێتە دەسەڵاتێکی مەدەنی سیاسیی، لە زۆر وڵاتی لیبراڵ دیموکراتی ئەم هێزە سەربازیە رەقە بە ئاستێک لە تێکەڵاوی دەسەڵاتی مەدەنی سیاسیی دەکرێت کە پۆستی وەزارەتی بەرگری دەدرێتە خانمێك وەك فەرەنسا،واتە سوپا بە ئاستێك دەبێتە هێزێکی نەرم کە لە حاڵەتێکی زۆر دەگمەن و چارەنوسسازدا نەبێت بیر لە پەنابردن بۆ هێزی سەربازی یان چارەسەری سەربازی ناکرێتەوە.

٥- ئەم جۆرە سەیرکردنە بۆ رۆڵی سوپا و سەرباز کە شێوازێکی نامۆیە بۆ رۆژهەڵات، نێچیرڤان بارزانی بەکردەیی لەماوەی حکومڕانی خۆیدا پیادەی کردوو تیاشی سەرکەتوو بوو، هەر بۆنموونە لەوکاتەی سوپای تورکیا سنوورەکانی هەرێمی کوردستانی بەزاند، نێچیرڤان بارزانی وەك سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان جاڕی نەفیر عام و دروستکردنی سوپایەکی گەورەی نەدا، بەڵکو لەگەڵ میدیاکارانی کوردستان کۆبۆوەوە کە ئەم باردۆخە هەستیارە و پێویستە هاوکاری بکەین هەتا ئەو تەنگژەیە بەزمانی ئاشتی دەرەوێنینەوە، سەرنج بدەن سوپا و حکومەتی تورکیا ماوەی نزیکەی ٥ ساڵ هەوڵیاندا کە ئیدارەی ئەمریکی بەوە رازیبکەن تا سنووری هەرێمی کوردستان ببەزێنن و ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی لە هەرێمی کوردستان ئەنجامبدەن، دوای پێنج ساڵ ئیدارەی بۆش تیشکی سەوزی دایە سوپای تورکیا کە ئۆپەراسیۆنێکی سنووردار لە ناو خاکی هەرێمی کوردستان ئەنجامبدەن،بەڵام لۆژیکی نێچیرڤان بارزانی وایکرد کە سوپای تورکیا لە ٥ رۆژ زیاتر نەیانتوانی لە کوردستان بمێننەوە، ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان لەسەر ئەم سنوور بەزاندنەی سووپای تورکیا، داوامان لە خاتوو کریستینا گەلەچ وتەبێژی بەرێز خافێر سۆلانا کرد کە دیمانەیەك لەسەر ئەم هێرشە لەگەڵ بەرێز سۆلانا ئەنجامبدەین، هەتا خاتوو کریستینا کاتی دیمانەکەی لەگەڵ سۆلانا بۆ رێکخستین و بەرێز خافێر سۆلانا بەفەرمی وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە( کە هەفتەیەك زیاتری پێنەچوو) سووپای تورکیا لە کوردستان کشابۆوە، سەرنج بدەن لۆژیکی نێچیرڤان بارزانی لە ئیدارەی ئەو تەنگژە گەورەیە بە ئاستێك کاریگەر بووو کە بواری نەدا ماوەی رووماڵێکی پرۆفیشناڵانەی رۆژنامەگەری بۆ ئەو تەنگژە گەورەیە پێبچێت، ئەمەیە نێچیرڤان بارزانی کاتێك دەبێتە دامەزرێنەری زانکۆی کوردستان فێرمان دەکات هێزی مەعریفە چەند جار لە هێزی سەربازی گەورەترە.




**زانکۆی کوردستان**

**تاچەند لەم ئەرکەی سەرکەتوو بووە؟**

بەردەوامی زانکۆی کوردستان بەو ئاستە بەرزەی لەچەند ساڵی رابردوو و رێگرتن لە دەستێوەردانی حزبی بۆ هێنانە خوارەوەی ئاستی زانستی ئەم زانکۆیە، نیشانەی ئەوەیە ئەم زانکۆیە هەنگاو بەرەو ئەوە هەڵدەگرێت کە لە پۆلێنکردنەکانی ئاییندە بۆ ئاستی ٢٠٠ زانکۆکەی جیهان یەکێك لە زانکۆ پاڵێوراوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بێت،بۆیە هەڵسەنگاندن بۆ زانکۆی

کاتێک سەیری نێچیرڤان بارزانی دەکەین شەرەفی دامەزراندنی زانکۆی کوردستانی بەبەرۆکەوە کراوە، هەر ئەم دیمەنە فێرمان دەکات بیر لەوە بکەینەوە، کە ئاییندەی کوردستان بەو کادرانە دەپارێزرێت کە لە ناوەندی زانکۆی کوردستان مەشق و راهێنانیان لەسەر مەعریفەی سەردەم و راهێنانیان لەسەر چۆنیەتی پیادەکردنی سیستەمی دامەزراوەیی پێدەکرێت، نەک ناوەندەکانی مەشق و راهێنانی سەربازی

ئێمە چۆن پێویستمان بەکادری مەشقکراو بە زانست و مەعریفە هەیە بەهەمان شێوە پێویستمان بە کادر و سەربازی مەشقدراو بە زانستی سەربازی هەیە، بەڵام ئەو کادرانەی بە زانست و مەعریفەی سیاسیی مەشق دەدرێن ئەوانە دەبنە دروستکەری بڕیار بۆ ئاییندەی کوردستان نەک ژەنراڵ و سەربازەکان

سەرنج بدەن سوپا و حکومەتی تورکیا ماوەی نزیکەی ٥ ساڵ هەوڵیاندا کە ئیدارەی ئەمریکی بەوە رازیبکەن تا سنووری هەرێمی کوردستان ببەزێنن و ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی لە هەرێمی کوردستان ئەنجامبدەن، دوای پێنج ساڵ ئیدارەی بۆش تیشکی سەوزی دایە سوپای تورکیا کە ئۆپەراسیۆنێکی سنووردار لە ناو خاکی هەرێمی کوردستان ئەنجامبدەن، بەڵام لۆژیکی نێچیرڤان بارزانی وایکرد کە سوپای تورکیا لە ٥ رۆژ زیاتر نەیانتوانی لە کوردستان بمێننەوە




نێچیرڤان بارزانی کاتێک دەبێتە دامەزرێنەری زانکۆی کوردستان فێرمان دەکات هێزی مەعریفە چەند جار لە هێزی سەربازی گەورەترە

کوردستان وەك زانکۆیەك بە ئاستی زانکۆیەکی بەریتانی ( کە زانکۆکانی بەریتانیا بەشی شێریان لە پۆلێنکردنی ٢٠٠ زانکۆکەی جیهان بەرکەتووە) کارێکی وا ئاسان نیە بەرهەمی ئەم زانکۆیە لەگەڵ بەرهەمی زانکۆکانی جیهان بەراورد بکەین یان خۆمان لەوە بێئاگا بکەین کە ئاسانە ئەو زانکۆیە ببێتە یەکێك لە پاڵێوراوەکان بۆ پۆلێنکردن لە ریزی زانکۆکانی جیهان، ئەگەر لەم روانگەیەوە سەیری زانکۆکانی ئەمریکا بکەین، کە لەبەشی زۆری دەوڵەتانی جیهاندا بوونیان هەیە و راستەوخۆ لەلایەن ئەمریکاوە سەرپەرشتی دەکرێت، دیارە ئەگەر تەنها لەسەر ئاستی زانکۆکانی ئەمریکاش زانکۆ پۆلێن بکرێت، لەوانەیە بە حوکمی ئەوەی زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی زانکۆیەکی تازەیە هەرگیز نەتوانرێت لەگەڵ زانکۆی ئەمریکی لە بێروت بەراورد بکرێت کە پێدەنێتە دەیەی چوارەمەوە، بەڵام زانکۆیەکی گشتی تایبەتمەندی وەك زانکۆی کوردستان کە تایبەتمەندە بە بایەخدانی بە زانستە مرۆیی و ئابووری و سیاسیەکان و پێگەیاندنی کادری پێویست بۆ سیستەمی دامەزراوەیی حکومەتی هەرێمی کوردستان نیشانەی ئەوەیە، نێچیرڤان بارزانی کە دامەرێنەریەتی هێندەی مەبەستێتی سیستەمی حکومڕانی لەکوردستان بەرێگەی راست هەنگاو هەڵبگرێت و ئاییندەیەکی گەش بونیاد بنێت، ئەمەش واتە ئەوەی نێچیرڤان بارزانی لای گرنگە ئەوەیە چۆن حکومڕانی لە کوردستان دەکرێت نەك کێ حکومرانی لەکوردستاندا دەکات.

## داڤید هاکان بۆ گوڵان:

# سەرسامم بە سیستمی زانکۆکانی مالیزیا لە لایەک پەرە بە مەعریفەی خۆیان دەدەن لە لایەکی دیکەشەوە دەرگایان بە رووی مەعریفەی وڵاتانی دیکەشدا والابوو

**پرۆفیسۆر داڤید هاکان ئوستادی سۆشیال ئینفۆرماتیکە لە زانکۆی ئیندیاناو پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر پرسەی پەرەپێدانی مرۆیی لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو، ماوەیەکی زۆریش لە زانکۆکانی مالیزیا وانەبێژ بووە، بۆ قسەکردن لەسەر وەبەرهێنانی سەرمایەی مەعریفی لە پرۆسەی پەرەپێداندا، پرۆفیسۆر هاکان بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

*** لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا مەعریفە بە سەروەتێکی گرنگ بۆ پەرەپێدانی هزری تاکەکەسەکان دادەنرێت، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانرێت مەعریفە کۆبکرێتەوە و بەکاربهێنرێت بۆ بەرەوپێشبردنی هێزی مرۆیی لە کۆمەڵگەدا؟**

- دەڵێم ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێدەکەن راست و دروستە، لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا تاکەکەسەکان رۆژانە پێویستیان بەوە هەیە کە بڕیار لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ژیانیان بدەن، مەبەستم ئەوەیە پێویستیان بەوە هەیە بڕیار بدەن کە لە نێو ئیختیارە جیاوازەکاندا باشترین و گونجاوترین ئیختیار هەڵبژێرن، ئەمەش پێویستی بە بوونی زانیاری و مەعریفە دەبێت، لەبەر ئەوە باوەڕم وایە مەعریفە زۆر زۆر گرنگە بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسەی دیموکراسی.

*** لە وڵاتە رۆژئاواییەکاندا زانکۆ و سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە سەرچاوەی مەعریفەن، واتە هۆکارێکن بۆ دۆزینەوەی رێگەچارە بۆ کێشەکان، ئایا چۆن دەکرێت زانکۆکان ببنە هۆکار و ئامرازێک بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە؟**

- لە راستیدا زانکۆکان تەنها سەرچاوەیەکن لە سەرچاوەکانی مەعریفە، ئەگەرچی سەرچاوەیەکی گرنگیشە، بەتایبەتی لە بواری بەرەوپێشبردنی ئابووری وڵاتەکەدا، واتە لە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا سەرچاوەی دیکەی مەعریفە لە ئارادایە، بەڵام بە

باوەڕم وایە مەعریفە زۆر زۆر گرنگە بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسەی دیموکراسی



تێڕوانینی من رۆڵی گرنگی زانکۆکان بریتییە لەوەی بوار و دەرفەت بخولقێنن بۆ ئاڵوگۆڕی بیروبۆچونە جیاوازەکان و بۆ مشتومڕکردن و گفتوگۆکردن لەسەر پرس و کێشە جیاوازەکان.

*** ئایا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چۆن زانکۆ ئەو رۆڵە گەورەیە لە پێشخستنی وڵاتدا بگێڕێت، لە کاتێکدا زۆربەی زانکۆکان سەر بەکەرتی تایبەتن؟**

- لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا دوو جۆر لە زانکۆ لە ئارادان، یەکەمیان زانکۆ تایبەتییەکان لەگەڵ ئەو زانکۆیانەی کە گشتین یاخود ئەو زانکۆیانەی کە لە لایەن دەوڵەتەوە پشتگیریان لێدەکرێت و پەیوەندییەکی ئابووری پتەویان بە دەوڵەتەوە هەیە، هەرچی زانکۆ تایبەتییەکانە داهات و بودجەی تایبەتیان هەیە، ئەگەرچی هەندێ جاریش ئەم بودجە تایبەتیە بۆ زانکۆ گشتییەکانیش دابین دەکرێن، بە تایبەتی هەندێ جار تاکەکەسەکان هەڵدەستن بە تەرخانکردنی بڕێکی دیاریکراو لە داهاتی خۆیان بۆ ئەم زانکۆیانە.

*** لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکاندا زانکۆکان سەرچاوەی مەعریفە نین، چۆن بتوانین ئەم زانکۆیانە بگۆڕین بۆ ئەوەی ببنە سەرچاوەی زانیاری و بەرەوپێشبردنی توانا مرۆییەکان لە کۆمەڵگەدا؟**

- دەزانم زانکۆکان لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا لە دۆخێکی باشدانین، هەروەها ئێمە _مەبەستم ئەو زانکۆیەی کە من تێیدا وانە دەڵێمەوە- هەوڵمانداوە پەیوەندی لەگەڵ زۆرێك لە زانکۆکانی ئەم وڵاتانەدا دروست بکەین بۆ ئەوەی هاوکاریان بکەین لە بەرەوپێشبردن و رێکخستنی زانکۆکانیان، تا ئێستا ئەم کارەمان لەگەڵ زانکۆکانی کوردستاندا نەکردووە، بەڵام لەگەڵ زانکۆکانی وڵاتی مەقدۆنیا ئەم هاوکاریەمان کردووە. هەرچۆنێك بێت باوەڕم وایە زانکۆکانی ئەم وڵاتانە سەرچاوەگەلێکی کەمیان لەبەردەستدایە و ئەرکێکی قورسیان لە ئەستۆیە کە بریتییە لە بەرەوپێشبردنی بەها دیموکراسییەکان لە کۆمەڵگە لە

لایەك و بەرەوپێشبردنی ئاستی زانستی و مەعریفی لە خودی زانكۆكاندا لە لایەكی دیكەوە. بە تیڕوانینی من مەعریفە هۆكار و ئامرازێكی باشترە بۆ پاراستنی وڵات نەك پەنابردن بۆ بەكارهێنانی هێزی سەربازی، ئەگەرچی ئەو راستیەش دەزانم كە هەندێ جار بوونی هێز و توانای سەربازی كارێكی پێویستە. هەرچۆنێك بێت ئەوەی بەلای منەوە زۆر گرنگ بێ ئەوەیە ئەو مەعریفەیەی ئێمە باسی دەكەین بۆ هەموو كەسێك ئاوەڵابێت، مەبەستم ئەوەیە دامەزراوەكان لە لایەن كۆمەڵە كەسێكی دیاریكراوەوە ئیحتیكار نەكرابێتن، ئەگەر دۆخەكە بەم شێوەیە بوو، ئەوا لەم حاڵەتەدا خەڵكی كەمتر مەیلی ئەوەیان دەبێت پەنا بۆ بەكارهێنانی هۆكاری سەربازی ببەن و پتر بە دوای هۆكار و ڕێگەچارەكانی دیكەدا دەگەڕێن بۆ چارەسەركردنی كێشەكانیان.

*** ئایا چۆن دروستكردنی زانكۆی نوێ لە وڵاتە تازەگەشەكردووەكاندا لەسەر ستانداردی زانكۆ ڕۆژئاواییەكان دەبێتە هۆكارێك بۆ بەرەوپێشبردنی كۆمەڵگە و پتەوكردنی دیموكراسی و چۆن دەبێت باوكانی دامەزرێنەر ستایش بكرێن؟**

- گرنگترین مەسەلە ئەوەیە كە خەڵكی پشتگیری لە دامەزراندن و دروستكردنی زانكۆكە بكەن، مەبەستم ئەوەیە خەڵكی قەناعەتیان وابێت كە دروستكردنی ئەو زانكۆیە ئامانجێكی گرنگ بەدەست دەهێنێت، هەروەها باوەڕم وایە مەرج نییە هەمیشە دامەزراندنی زانكۆكان لەسەر ستانداری ڕۆژئاوایی بێت، بۆ نموونە لە مالیزیا بووم و لە راستیدا موعجیب بووم بە سیستمی زانكۆكانی ئەو وڵاتە كە لە لایەك پەرەیان بە مەعریفەی خۆیان دەدا و لە لایەكی دیكەشەوە دەرگایان بە رووی مەعریفەی وڵاتانی دیكەشدا واڵابوو، واتە لەم رووەوە هاوسەنگیان پاراستبوو.

*** ئایا دەكرێت باس لە ئایدیا و داهێنان بكەین بێ بوونی زانكۆ، هەروەها ئایا دەكرێت باس لە دیموكراسی و بەرەوپێشچوون بكەین بێ بوونی ئایدیا و داهێنان؟**

- باوەڕم وایە ناتوانرێت بێ بوونی داهێنان و گەیشتن بە زانست و مەعریفە بەرەوپێشچوون بەدی بهێنرێت، لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە وڵاتێكی وەك كۆریای باشور بكەین كە بە تەواوەتی گۆشەگیربووە و لە جیهانی دەرەوە دابڕاوە، كە زۆركەس ئەمە بە ئەزموونێكی سەركەوتوو نازانن. لە هەمان كاتدا ئەو ئەزموونەش سەركەوتن بەدەست ناهێنێت ئەگەر وڵاتێك رایبگەیەنێت كە دەرگای واڵایە و با دامەزراوە ڕۆژئاواییەكان چیان پێ باشە لە وڵاتەكەدا ئەنجامی بدەن. لێرەدا گرنگ ئەوەیە ئازادی یاخود بوارێكی ئازاد بۆ ناوەندە ئەكادیمیەكان بڕەخسێنرێت و كەسانی ئەكادیمیش ئەو قەناعەتەیان هەبێت كە بیروبۆچوونەكانیان یاخود ئەو دەرئەنجامانەی پێی گەیشتوون لە ئەنجامی لێكۆڵینەوەكانیانەوە بە جددی وەردەگیرێن و كاریان پێدەكرێت.

*** تا چ رادەیەك دامەزراندنی زانكۆ لەسەر ستانداردی ڕۆژئاوایی لە عێراقدا هۆكارێك دەبێت بۆ هێنانەدی دیموكراسی و بەرەوپێشچوون و كۆتایی هێنان بە توندوتیژی؟**

- دەبێت ئەو راستیە بزانین كە لە رابردودا عێراق یەكێك بوو لەو وڵاتانەی كە پەرەی بە سیستمی پەروەردە و خوێندن دابوو، ئێستاش ئومێدەكە ئەوەیە ئەو بونیادەی لەم وڵاتەدا هەبوو دووبارە بكرێتەوە بناغە بۆ لەسەرنوێ نوێكردنەوە و پەرەپێدانی ئەم بوارە گرنگە، بە چەشنێك ئەم كەرتە گرنگە ڕۆڵی لە باشتركردنی ئایندەی وڵاتەكەدا هەبێت.

رۆڵی گرنگی زانكۆكان بریتییە لەوەی بوار و دەرفەت بخوڵقێنن بۆ ئاڵوگۆڕی بیروبۆچونە جیاوازەكان و بۆ مشتومڕكردن و گفتوگۆكردن لەسەر پرس و كێشە جیاوازەكان




مەعریفە هۆكار و ئامرازێكی باشترە بۆ پاراستنی وڵات نەك پەنابردن بۆ بەكارهێنانی هێزی سەربازی

## جۆن کامبڵ بۆ گوڵان:

# لەسەردەمی جیهانگیریدا پاراستنی وڵات پێویستی بەسەرمایەی مەعریفەیە

**پرۆفیسـۆر جۆن کامبڵ ئوستادی سیسیۆلۆژییە لە زانکۆی دۆرتمۆس و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر کاریگەری فاکتەرە سیاسیی و ئابوورییەکان لەسـەر پەرەپێدانی کۆمەڵگە، هەروەها رۆڵی مەعریفە وەك کارلێکی ئیجابی بۆ ئەو پەرەپێدانە، سەبارەت بەم پرسانە پرۆفیسۆر کامبڵ بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

**پێویستە دامەزراوە پەروەردەیی و سیاسی و ئابوورییەکان پێکەوە کۆببنەوەو گفتوگۆ لە بارەی ئەوەوە بکەن کە پێویستە بە چ شێوەیەک کار بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانکۆکان بکرێت**

*** ئامانجـی دەوڵەتانی دیموکراتی بەردەوامی پەرەپێدان و پێشخستن و خۆشگوزەرانییە، ئایا چـۆن توانای مرۆیی پـەرە پێبدەین بۆ ئەوەی بگەینە ئەم ئامانجە؟**

- لـە ڕاسـتیدا دەکرێـت ئـەم ئامانجـە لەڕێـی بەرەوپێشـبردن و پەرەپێدانـی کەرتی پەروەردەوە دەسـتمان بکەوێت، هەروەها لەڕێی هۆشـیارکردنەوەو پەروەردەکردنـی خەڵکـەوە بەشـێوەیەکی گشـتی بهێنرێتەدی، بۆ نموونە لەوڵاتە یەکگرتووەکانـی ئەمەریکادا دەرفەتی پەروەردەیی بۆ هەموو کەسـێك تاوەکو قۆناغی ئامادەیی زامنکراوە، لەوڵاتی ئەڵمانیاشـدا تا ئاسـتێکی دیاریکراو ئـەم دەرفەتە زامنکراوە، ئەویش لەڕێی پشتگیریکردنی ئەم قوتابخانانەوە بەهـۆی دابینکردنی داراییـەوە بۆیان لە ڕێی حکومەتەوە.

*** تاچەند ئەم ئەرکە دەکەوێتە سـەر شـانی زانکۆکان بە تایبەتی کە زانکۆ بەردەوام کادری زانستی پێشکەوتوو بەرهەم دەهێنێت؟**

زانکۆکان درێژکراوەی کەرتی پەروەردەن، یاخود پەروەردەیی گشتین، کە لەم زانکۆیانەدا کاری داهێنانی زانستی و تەکنەلۆجی ئەنجام دەدرێت، هەروەهـا لەم زانکۆیاندا کار بـۆ ئەوە دەکرێت لێکۆڵینەوە لەسـەر بوارە جۆراجۆرەکانی دیکە بکرێت، بۆ نموونە بواری سیاسی، بەشێوەیەکی کەم لەمبوارەدا کاری شیکردنەوەو لێکدانەوە بۆ پرس و کێشـە سیاسـییە جیاوازەکان دەکرێت و پێشنیار و ڕاسپاردە بەرزدەکرێتەوە بۆ چۆنیەتی ڕوبەڕووبونەوەو چارەسـەرکردنیان. بەتێڕوانینی من پێویسـتە دامەزراوە پەروەردەیی و سیاسی و ئابوورییەکان پێکـەوە کۆببنەوەو گفتوگۆ لە بارەی ئەوەوە بکەن کە پێویسـتە بە چ شێوەیەك کار بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانکۆکان بکرێت، چۆن کار بۆ پشـتگیریکردن و بەرەوپێشبردنی کاری ئەکادیمی بکرێت.

*** ئـەی سـەبارەت بـەو زانکۆیانـەی کە**



**بەناوی کەسـانی دیار یـان دامەزرێنەرەکەی دیـاری دەکرێت، ئایا هـۆکاری ئەمە بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

- ئەمە دەوەستێتەسـەر ئەوەی ئێمە باس لە کام زانکۆ دەکەین، واتە دەبێت زانکۆکە دەستنیشان بکەین، بۆ نموونە زانکۆی واشـنتۆن بە ناوی جۆرج واشنتۆنی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریـکاوە ناو نراوە، ناوەنـدی لێکۆڵینەوەی زانسـتی هەیە لە شاری نیویۆرك بە ناوی ئەو کەسـەوە ناونراوە کە داهات و داراییەکی زۆری بۆ ئەو ناوەندە تەرخان کردبوو.

*** باس لەوە دەکرێت کە شـەڕ لە نێوان دەوڵەتە دیموکراسـییەکاندا ڕوونادات، هەروەها ئاماژە بـەوە دەکرێت کە دەوڵەتە دیموکراسـییەکان لە ڕێـی مەعریفەوە وڵاتەکانـی خۆیان دەپارێزن، نەك بەهۆی بەکارهێنانی هێزی سـەربازییەوە، تیرِوانین و لێکدانەوەی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- پێـم وانییە بە تەنها مەعریفە بتوانێت وڵاتێك لە ئاست وڵاتێکی دیکەدا بپارێزێت، بەڵکو لەم ڕووەوە پێویست بە بوونی هێزی سەربازی دەکات، لـە لایەکی دیکەوە ئەگەر لـەو ڕوانگەیەوە لە مەسەلەکە بڕوانین کە لە سەردەمی بە جیهانی بووندا بەیەکداچوونێکی ئابووری گەورە ڕوویداوە و هەر وڵاتێك پێویستی بەوە هەیە کە لە ڕووی ئابوورییـەوە گەشـەبکات بۆ ئـەوەی توانای کێبڕکێی هەبێـت ئەوا دەکرێت بڵێین لەم ڕووەوە مەعریفە پێویستە بۆ پاراستنی وڵاتەکە.

**هەر وڵاتێک پێویستی بەوە هەیە کە لە ڕووی ئابوورییەوە گەشەبکات بۆ ئەوەی توانای کێبڕکێی هەبێت ئەوا دەکرێت بڵێین لەم ڕووەوە مەعریفە پێویستە بۆ پاراستنی وڵاتەکە**

*** ئایـا چۆن دروسـتکردنی زانکۆی نوێ لە وڵاتە تازەگەشـەکردووەکاندا لەسەر ستانداردی زانکـۆ ڕۆژئاواییـەکان دەبێتـە هۆکارێك بۆ بەرەوپێشـبردنی کۆمەڵگـە و پتەوکردنـی دیموکراسی؟**

- لـە ڕاسـتیدا لـەم ڕووەوە مۆدیلێکـی دیاریکـراوی ڕۆژئاوایـی لـە ئارادانییە، بۆ نموونە مۆدێلـی ئەمەریکا جیـاوازە لەگەڵ وڵاتانی ئەسـکەندەنافیا، سیسـتمی وڵاتانی ئەسکەندەنافیا جیاوازە لە سیستمی پەروەردەی وڵاتی ئەڵمانیا، لەگەڵ ئەوەشدا پێموایە هەڵەیە کار بۆ سـەپاندنی مۆدێلێکی دیاریکراو بکرێت بەسەر وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا، بەڵکو دەبێت ئەم وڵاتانە ڕێگەیان خۆیان بدۆزنەوە کە دەکرێت لەم ڕووەوە سوود لە ئەزمونی وڵاتانی ڕۆژئاوا وەربگرن. بەڵام هـەروەك ئاماژەم پێکرد هەڵەیە ئەگەر تێکڕای لایەنەکانی ئەزموونی وڵاتێکی دیاریکراو لە وڵاتێکی دیکەدا دووبارە بکەینەوە، واتە دەبێت لەم ڕووەوە خەسڵەت و تایبەتمەندی هەر وڵاتێـك لەبەرچاوبگیرێت. باوەڕم وایە بۆ هێنانەدی دیموکراسیەتێکی سەرکەوتوو پێویست بە چەسـپاندنی ئـازادی ڕادەربڕیـن دەکات، بەڵام بەشـێوەیەکی گشتی پێویسـتە کار بۆ پەرەپێدانی کەرتی پەروەردە بکرێت بە چەشنێك دەرفەتـی سـوودوەرگرتن و بەشـداریکردن لە دامەزراوە پەروەردەییەکاندا بۆ هەموو کەسـێك بڕەخسێنرێت.

مارک هیلبلینگ بۆ گوڵان:

# بۆ دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو گرنگە سەرچاوەو ئیمکانییەتی زیاتر بۆ زانکۆکانیان بخەنەگەڕ

گرنگە کار بۆ ئەوە بکرێت بەها و بنەما دیموکراسی و لیبراڵییەکان لە نێو خەڵکدا بچێنرێت و بچەسپێنرێت

**د.مارك هیلبلینگ مامۆستای زانستی سیاسەتە لە زانکۆی زیورخ و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر دەوڵەتانی ئەورووپای ناوەراست و ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا، بەتایبەتی دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت و دەسپێکی پرۆسەی باهۆزی دیموکراتی لەو ناوچەیە، بۆقسەکردن سەبارەت بە تێپەڕاندنی قۆناخی ئینتقالی و ڕۆڵی سەرمایەی مەعریفی لەو قۆناخەدا، د.مارك بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:**

*** چۆن بتوانرێت سەرمایەی مەعریفە بەکاربهێنرێت بۆ بەرەوپێشبردنی هێزی مرۆیی لە کۆمەڵگەدا؟**

- گرنگە بایەخ بەبەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردە بدرێت، هەروەها گرنگە کار بۆ ئەوە بکرێت بەها و بنەما دیموکراسی و لیبراڵییەکان لە نێو خەڵکدا بچێنرێت و بچەسپێنرێت.

*** ئایا چۆن دەکرێت زانکۆکان ببنە هۆکار و ئامرازێك بۆ بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگە؟**

- پێموایە بوونی زانکۆکان هۆکارێکی گرنگن بۆ ئەوەی بوار بڕەخسێنرێت تاوەکو تاکە کەسەکان دەرفەتی ئەوەیان هەبێت پەرە بە بەهرەو توانا جۆراجۆرەکانی خۆیان بدەن، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بۆ ئامانجی بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەکەیان بیانخەنەگەڕ. بە دڵنیاییەوە ئەم زانکۆیانە ڕۆڵیان هەیە لە پەروەردەکردنی تاکەکەسەکان بۆ ئەوەی ببنە هاوڵاتییەکی ڕەخنەگر، واتە بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانەیان هەبێت لە ئاست پرس و مەسەلە کۆمەڵایەتی و سیاسییە جۆراجۆرەکاندا و بتوانن مشتومڕ لەسەر کێشەکان بکەن لە گۆشەنیگای جیاوازەوە.

*** باس لەوە دەکرێت کە شەڕ لە نێوان دەوڵەتە دیموکراسییەکاندا ڕوونادات، هەروەها ئاماژە بەوە دەکرێت کە دەوڵەتە دیموکراسییەکان لە ڕێی مەعریفەوە وڵاتەکانی خۆیان دەپارێزن، نەك بەهۆی بەکارهێنانی هێزی سەربازییەوە، تیڕوانین و لێکدانەوەی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- ئەمە بەو مانایە دێت کە خەڵکی



پەنا بۆ مشتومڕو ئاڵوگۆڕکردنی بیرورِا دەبەن، پەنا بۆ گفتوگۆکردن لە بارەی کێشەکانەوە دەبەن، نەك پەنا بۆ توندوتیژی ببەن بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانە، هەروەها خەڵکانی ئەم وڵاتانە هەوڵدەدەن لە سروشتی کۆمەڵگەو کەلتوری کۆمەڵگەکانی دیکە تێبگەن نەك شەڕیان بەسەردا بسەپێنن.

*** لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکاندا زانکۆکان سەرچاوەی مەعریفە نین، چۆن بتوانین ئەم زانکۆیانە بگۆڕین بۆ ئەوەی ببنە سەرچاوەی زانیاری و بەرەوپێشبردنی توانا مرۆییەکان لە کۆمەڵگەدا؟**

- دەکرێت ئەم کارە لەڕێی خستنەگەڕی سەرمایەوە بکرێت لە بواری پەرەپێدانی کەرتی پەروەردەو دروستکردنی زانکۆو ڕەخساندنی دەرفەت بۆ ئەوەی تێکڕای پێکهاتەکانی کۆمەڵگەکە بواری ئەوەیان هەبێت لەو زانکۆیانەدا بخوێنن، هەروەها دەبێت کار بۆ ئەوە بکرێت کە هەلی کار بۆ دەرچووانی زانکۆکان بدۆزرێتەوە. هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد خستنەگەڕی داهات و سەرمایە لە بواری گەشەپێدانی پەروەردەدا گرنگە. هەروەها بوونی پەیوەندی لە نێوان زانکۆکاندا کاریگەری گرنگی هەیە، بە مەرجێك ئەو پەیوەندییانە لەسەر بنەمای هاوکاری و هەماهەنگی دامەزرابێتن.

بوونی زانکۆکان هۆکارێکی گرنگن بۆ ئەوەی بوار بڕەخسێنرێت تاوەکو تاکە کەسەکان دەرفەتی ئەوەیان هەبێت پەرە بە بەهرەو توانا جۆراجۆرەکانی خۆیان بدەن

*** ئایا دەکرێت باس لە ئایدیا و داهێنان بکەین بێ بوونی زانکۆ، هەروەها ئایا دەکرێت باس لە دیموکراسی و بەرەوپێشچوون بکەین بێ بوونی ئایدیا و داهێنان؟**

- پێموایە ئەمانە توخمێکی گرنگن بۆ بەرەوپێشچوونی دیموکراسی، بە تایبەتی لە بواری پەرەپێدانی کەلتوری دیموکراسیدا، بەڵام باوەڕم وانییە کە گرنگترین مەرج بن بۆ هێنانەدی و بۆ گەشەپێدانی دیموکراسی لە کۆمەڵگەدا.من دووبارەی دەکەمەوە زانکۆکان شوێنێکی گرنگن بۆ پەرەپێدانی توانای تاکەکەسەکان تاوەکو بتوانن گفتوگۆ لەبارەی کێشەکانەوە بکەنەوە و هاوکاری بکەن لە دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ ئەو کێشانە. لەبەر ئەوە گرنگە لە عێراقدا بایەخ بەم بوارە بدرێت و بە شێوەیەکی گشتی پێویستە وڵاتە تازەگەشەکردووەکان سەرچاوەیەکی زۆر لە بواری باشترکردن و پێشخستنی زانکۆکاندا بخەنەگەڕ.

## سیناره میدینا بۆ گوڵان:

# زانكۆی هارڤارد رۆڵی بەرچاوی لە پێگەیاندن و پەروەردەكردنی كەسانی بە توانا و شارەزا لە بوارە جیاوازەكاندا هەبووە

**خاتوو سیناره میدینا ئوستادی هونەری میدیایە لە زانكۆی ئۆهایۆ و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر رۆڵی میدیا وەك هۆكارێك بۆ پەرەپێدانی هۆشیاری تاك لە كۆمەڵگەدا و تایبەتمەندە لەسەر پرۆسەی پەرەپێدانی دەوڵەتانی ئەمەریكای لاتینی، سەبارەت بە گرنگی سەرمایەی مەعریفی لە پرۆسەی پەرەپێدان، خاتوو سیناره بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەبڕی.**

**زانكۆكان بەس نین بۆ ئەوەی وەک تاكە سەرچاوەی مەعریفە باسیان بكەین**

*** سەرمایەكانی كۆمەڵگە تەنها سەرمایەی ماددی نین، بەڵكو مەعریفەش سەرمایەیەكە كەدەكرێت لە زۆر بواری جیاجیای پەرەپێداندا بخرێتەگەڕ، ئایا چۆن دەتوانین ئەم سەرمایەیە وەربێنین؟**

- لە راستیدا ئەمە دەوستێتەسەر ئەوەی چ سەرچاوەیەك لە كۆمەڵگەكەدا بوونی هەیە، لێرەدا مەبەستم لە بوونی سەرمایەی ماددی نییە بە تەنها، بەڵكو لە هەمان كاتدا مەبەستم لە بوونی سەرچاوەی مرۆییە، واتە ئایا لە كۆمەڵگەكەدا چەند كەسی شارەزامان لە بوارێكی دیاریكراوی مەعریفەدا هەیە، ئایا ئێمە چ جۆرە رۆژنامە و بڵاوكراوە و گۆڤارێكمان هەیە، ئایا چ جۆرە راگەیاندنێكمان هەیە و ئایا رۆڵیان لە بڵاوكردنەوە و گەیاندنی مەعریفەدا چیە.

*** لە وڵاتە رۆژئاواییەكاندا زانكۆ و سەنتەرەكانی لێكۆڵینەوە سەرچاوەی مەعریفەن، واتە هۆكارێكن بۆ دۆزینەوەی رێگەچارە بۆ كێشەكان، ئایا چۆن دەكرێت زانكۆكان ببنە هۆكار و ئامرازێك بۆ بەرەوپێشبردنی كۆمەڵگە؟**

- ئەگەرچی زانكۆكان تاكە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی مەعریفە نین، بەڵام لە راستیدا بوونی زانكۆكان بونێكی زۆر گرنگە، لەبەرئەوەی كار و ئەركی زانكۆكان ئەنجامدانی لێكۆڵینەوە و بەرهەمهێنانی مەعریفەیە، كە پێویستە لەم رووەوە سەرچاوەی پێویستیان بۆ دابین بكرێت بۆ ئەوەی بتوانن ئەم ئەركەی خۆیان ئەدا بكەن. لە سەرەتاوە ئەوەم راگەیاند كە زانكۆكان بەس نین بۆ ئەوەی وەك تاكە سەرچاوەی مەعریفە باسیان بكەین، لەبەر ئەوەی، ئەوەی زانكۆكان بەرهەمی دەهێنن لە ئاستێكی بەرزدا دەمێنێتەوە، لە كاتێكدا پێویستە ئەم مەعریفە بچێتە ئاستەكانی خوارەوە.

**دەبێت ئەو راستیەشمان لەبەرچاوبێت كە سەرەتا پرۆسەی پەروەردە لە قوتابخانەكانەوە دەست پێدەكات**

*** ئایا چۆن بوونی مەعریفە كاریكەری لەسەر ئەوەی وڵاتێك لەگەڵ بەرەوپێشچوونەكانی سەردەمدا هەنگاو هەڵبگرێت، دەبێت؟**

- ئەوە پرۆسەیەكی درێژخایەنە، هەروەها پێویستە بارودۆخ و هەلومەرجی مێژوویی هەر وڵاتێك بە جیا لەم رووەوە وەربگرین، مەبەستم ئەوەیە ناكرێت



ئەوە رابگەیەنین كە رێگەیەكی دیاریكراو هەیە و بە گرتنەبەری ئەو رێگەیە تێكڕای كۆمەڵگەكان بە هەمان ئاستی بەرەوپێشچوون دەگەن. سەر بە وڵاتێكی تازەگەشەكردوم و خوازیاری ئەوەم ئەو دەرفەتانەی بۆ خەڵكانی وڵاتانی ئەمەریكا و ئەورووپا رەخساوە، بۆ ئێمەش برەخسایە، هەرچەندە كەسانێك هەن لە وڵاتەكەی مندا دەرفەتی خوێندنیان لە وڵاتە گەشەكردووەكاندا بۆ دروست بووە، و دواتر توانیوانە بگەڕێنەوە و رۆڵیان لە باشتركردن و و بەرەوپێشبردنی مەعریفە لە وڵاتەكەدا هەبێت. بەڵام ئەوە ئاشكرایە كە زۆرێك لە زانكۆكانی ئەمەریكا، بۆ نموونە زانكۆی هارڤارد رۆڵی بەرچاوی لە پێگەیاندن و پەروەردەكردنی كەسانی بە توانا و شارەزا لە بوارە جیاوازەكاندا هەبووە.

*** باس لەوە دەكرێت كە شەڕ لە نێوان دەوڵەتە دیموكراسییەكاندا روونادات، هەروەها ئاماژە بەوە دەكرێت كە دەوڵەتە دیموكراسییەكان لە رێی مەعریفەوە وڵاتەكانی خۆیان دەپارێزن، نەك بەهۆی بەكارهێنانی هێزی سەربازییەوە، تێڕوانین و لێكدانەوەی ئێوە چیە لەم رووەوە؟**

- پێموایە دەوڵەتە دیموكراسییەكان شەڕ لەگەڵ یەكتردا دەكەن، بەڵام بە شێوەیەكی جیاوازتر، هەروەها هۆكاری گرنگی مەعریفە لێرەدا ئەوەیە مەعریفە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی خەڵكی هەوڵی تێگەیشتن لەیەكتری بدەن و گفتوگۆ لەگەڵ یەكدا بكەن بۆ چارەسەركردنی كێشەكان و بۆ گەیشتن بە باشترین دەرئەنجام بێ ئەوەی ناچاربن پەنا بۆ توندوتیژی ببەن، لە راستیدا ئەمە پرۆسەیەكە كاتێكی دوورودرێژی دەوێت و رەنگە پێویستی بە چەند نەوەیەك هەبێت بۆ ئەوەی ئەم كولتوورە لە كۆمەڵگەكەدا بچەسپێت، كە بە دڵنیاییەوە بایەخدان بە پەرەپێدانی پرۆسەی پەروەردە لەم رووەوە كاریگەری گەورەی دەبێت.

*** ئایا دەكرێت باس لە ئایدیا و داهێنان بكەین بێ بوونی زانكۆ، هەروەها ئایا دەكرێت باس لە دیموكراسی و بەرەوپێشچوون بكەین بێ بوونی ئایدیا و داهێنان؟**

- ئەوە راستە كە زانكۆكان رۆڵێكی زۆر گرنگ دەبینن، بەڵام ئێمە دەبێت ئەو راستیەشمان لەبەرچاوبێت كە سەرەتا پرۆسەی پەروەردە لە قوتابخانەكانەوە دەست پێدەكات واتە لە قۆناغی منداڵیەوە، واتە دەكرێت لەم قۆناغەوە كار بۆ ئەوە بكرێت كە ئەو منداڵانە لەسەر بەها و بنەماگەلێكی دیاریكراو گۆش و پەروەردەبكرێن بۆ ئەوی دواتر كە لە زانكۆكاندا داهێنان بكەن یاخود پەرە بەو بیرباوەڕ و بەهایانە بدەن.

*** تا چ رادەیەك دامەزراندنی زانكۆ لەسەر ستانداردی رۆژئاوایی لە عێراقدا هۆكارێك دەبێت بۆ هێنانەدی دیموكراسی، بەرەوپێشچوون و كۆتایی هێنان بە توندوتیژی؟**

- بە دڵنیاییەوە زانكۆكان رۆڵی گرنگیان لە پەروەردەكردنی ئەو كەسانەی لە داهاتوودا ئەركی سەركردایەتی دەگرنە ئەستۆ دەبێت، لە پەروەردەكردنی ئەو كەسانەی كە هەوڵدەدن باشترین پەیوەندی لەگەڵ دەوربەردا دروست بكەن و لە پەرودەكردنی ئەو كەسانەی كە دەتوانن باشتر لە سروشت و و پێداویستی و لە هەلومەرجی سەردەم تێبگەن.